دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ژمارە ٦٠٤

چوار شەممە
٣٠ی ڕەشەمەی ١٣٩١
٢٠ی مارسی ٢٠١٣

نرخ: ١٥٠ تمەن

kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

نەورۆزتان پیرۆز



# ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر هەڕەشەی سەرکوتکەراندا، بە پێشوازی نەورۆزەوە دەچێ





«کوردستان»: پێشوازیی حەماسیی کۆمەلانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جەژنی نەورۆز لە ساڵانی ڕابردوودا و ئەو کارنەڤاڵە نەتەوەییە شکۆدارەی لەم پیوەندییەدا لەشار و گوندەکان وەڕێیان خستوە، سیما و واتایەکی نوێی بە نەورۆز لە کوردستان داوە، سیمای نەتەوەیەکی لێبڕاو کە بڕیاری داوە پەیامی ڕزگاریخوازیی خۆی لە توێی بەستەو سروودی نەورۆز دا، بە گوێی زەوتکەرانی مافە نەتەوەییەکانی بگەیەنێ.

نزیکەی مانگێکە ئیدارەی ئیتلاعاتو دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی دیکەی ڕێژیم لە شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، هەڕەشە لە چالاکان و لاوانی بە هەست دەکەن کە ڕەنگ و بۆنی نەتەوەیی و ئازادیخوازی بە ڕێورەسمە نەورۆزییەکان نەدەن. پێیان ڕاگەیاندوون ئەگەر نەورۆز بە شێوەی ساڵانی ڕابردوو بەڕێوە ببەن، لە گەڵ لێپرسینەوە و سزا بەرەوروو دەبن. ئەو هەڕەشانە لە کاتیکدان کە دوابەدوای نەورۆزی ساڵی تێپەڕیوو، ژمارەیەکی زۆر لە بەڕیوەبەرانی ڕێورەسمە نەورۆزییەکان، تووشی لێپرسینەوە و گیران بوون. بەڵام بە پێێ ئەو زانیارییانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە «کوردستان» گەیشتوون، کۆمەلانی خەڵک، بە تایبەتیی لاوەکان، لە سەر بڕیاری خۆیان کە هەرچی باشتر بەڕێوەبردنی ڕێورەسمە نەورۆزییەکانە، سوورن و هیچ هێزێک ناتوانێ پاشگەزیان بکاتەوە.

## ئینترپول: حوکمی دەسبەسەرکرانی کاربەدەستانی ئێران هەڵناوەشێنینەوە




ئینترپول، پۆلیسی نێودەوڵەتی دەڵێ، سەرەڕای ڕێککەوتنی نوێی نێوان ئێران و ئارژانتین لە پێوەندی لەگەڵ پەروەندی تەقینەوەی ئامیا، ئەم هێزە نێودەوڵەتییە حوکمی دەسبەسەرکرانی کاربەدەستانی ئێرانیی تاوانبار لەم پەروەندەیە هەڵناوەشێنینەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی فەڕانسە، هێکتور تیمێرمەن، وەزیری دەرەوەی ئارژانتین وەبیری هێنایەوە کە بڕیاری ئێران و ئارژانتین بۆ پێکهێنانی کومیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانی سەربەخۆ بۆ تاوتوێ کردنی پەروەندەی تەقینەوەی ئامیا، بە کارێکی باش دەزانێ، بەڵام ئەوە بەم مانایە نیە کە حوکمی دەسبەسەرکرانی کاربەدەستانی ئێرانی هەڵوەشێتەوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە تەقینەوە لە «ئامیا»، ناوەندی جوولەکەکانی بۆینێس ئایرێس لە ساڵی ١٩٩٤ی زایینی ٨٥ کوژراو نزیک ٣٠٠ کەس بریندار لێ کەوتەوە.

بەدوای ڕوودانی ئەم تەقینەوەیە، ئارژانتین ٨ کەس لە کاربەدەستانی پلە بەرزی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هاشمی ڕەفسەنجانی، ئەحمەد وەحیدی، عەلی فەلاحیان و موحسێن ڕەزایی وەک تاوانبارانی سەرەکیی ئەم ڕووداوە ناو برد و « ئێنتێرپۆل»، پۆلیسی نێودەوڵەتیش حوکمی دەسبەسەرکرانی ئەم کەسانەی ڕاگەیاند.

شایانی باسە ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵە لە کاتێک دایە کە هەر ئێستا عەلی ئەکبەر وەلایەتی، ڕاوێژکاری نێودەوڵەتی خامنەیی، عەلی فلاحیان، وەزیری ئەو کاتی ئیتلاعات و ئەندامی ئێستای مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری، و موحسێن ڕەزایی، فەرماندەی ئەو کاتی سپای پاسداران و سکرتێری ئێستای کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، سێ کەس لە تاوانبارانی پەروەندەی ئامیا خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێران پالاوتەوە.

## پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

## بە بۆنەی هاتنی نەورۆزی ١٣٩٢وە

هاونیشتمانانی بەڕێز!
خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!
هۆگرانی نەورۆز و بەهار و نوێبوونەوە!

لەم ساتە دا کە خەریکین ماڵاوایی لە ساڵی ١٣٩١ دەکەین و باوەش بۆ نەورۆز و بەهار دەکەینەوە و پی دەنێینە نێو ساڵێکی نوێی کوردی و هەتاوییەوە، بە ناوی خۆم و لە لایەن ڕێبەری و سەرجەم ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، بە گەرمی پیرۆزبایی نەورۆز و سالی نوێتان لێ دەکەم.

جارێکی دیکە سەرما و تەڕوتووشی، سەخڵەتی و ناخۆشی و چەقبەستوویی لە بەرامبەر ئیرادەی گۆڕان دا، چۆکیان دادا و، ژیان و بەردەوامی و جوانی و نوێبوونەوە، لە نیشتمانی خۆشەویستی ئێمە، لە کوردستان و هەموو ئەو وڵاتانەی هۆگر و ئەویندارى نەورۆزن، ئالای سەرکەوتنیان هەڵداوە.

ساڵێک کە تێپەڕ بوو بۆ خەڵکی ئێران و بۆ نەتەوەی کورد ساڵێکی پڕ لە ڕووداو بوو. خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە حاڵێک دا، وەک ڕابردوو و تەنانەت زیاتریش، بوونەوە بە ئامانجی سەرکوت و پێشێلکرانی سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانیان، لە گەڵ بارودۆخێکی ئابووریی ناخۆشتر لە ساڵانی پێشتر، دەستوپەنجەیان نەرم کرد. شوێنەواری گەمارۆی ئابووریی ڕۆژاوا لە سەر ژیانی خەڵک، کە بەرهەمی سیاسەتە غەلەتەکانی کۆماری ئیسلامین،لە ساڵی ١٣٩١ دا هەتا ڕادەیەکی زۆر خۆیان نواند. گرانیی سەرەکیترین پێداویستییەکانی ژیانی خەڵک، نەبوون و نایابیی شتومەک و کاڵای جۆراوجۆر، دابەزینی بایەخی دراوی ئێران و هاتنەخواری توانای کڕینی زۆربەی زۆری تویژەکان و کۆمەڵێک گرفت و ئاستەنگی دیکە، لەو سالەدا تەنگیان بە خەڵک هەڵچنی. شوێنەواری ئەم بارودۆخە بە ژیانی خەڵکەکەمانەوە و تەنانەت بە پێشوازیی ئەوان لە نەورۆزەوە، دیارە.

لە ساڵی تێپەڕبوودا، گرتن و ڕاوەدوونان و ئەشکەنجە و ئێعدام نەک هەر بەردەوام بوو، بەڵکوو بەرەوژوورتر چوو.کۆماری ئیسلامی، کە سەبارەت بە کارنامەی ڕەشی لە بواری مافی مرۆڤ دا، لە مێژە لە گەڵ ڕەخنە و مەحکومییەتی جیهانی بەرەوروویە، هەر وا ڕێگریی لە هاتنی نوینەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێران و لیکۆڵینەوەی مەیدانی لە وەزعی مافی مرۆڤ کرد ئەم ڕێژیمە کە هیچ سەرکەوتن و پێشڤەچوونێکی لە چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکانی خۆی لە گەڵ کۆمەڵگەی جیهانیی دا نەبوو، زیادکردنی سەرکوت و توند و تیژی لە نیوخۆی ولات و بەرگرتن بە تەقینەوەی نارەزایەتیی خەڵکی، بە تاقەڕێگای مانەوەی خۆی زانی.

درێژە ل٤



سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وتووێژێکی تایبەت لەگەڵ «کوردکاناڵ»دا:
بەشی دووەم «کۆتایی»

٥



ڕێزگرتن لە ژینگە، ڕێزگرتن لە نیشتمانە

٧



نەورۆز توخمی هاوبەشی شوناسی نەتەوەی کورد

٧



شەپۆلێکی نوێ لە گیرانی ڕۆژنامەنووسان

٨



کارەساتی هەڵەبجە زامێک بە جەستەی مرۆڤایەتییەوە

٩




## ڕۆژمێری «کوردستان»

**ئەمساڵیش ڕۆژنامەی «کوردستان» لە پێشوازی نەورۆز و ساڵی نوێی ٢٧١٣ی کوردیدا ڕۆژمێری تازەی وەک دیاری بۆ ئۆگران و دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئامادە کردوە.**

## سەردانی شاندێکی پ ک ک لە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر

شاندێکی کۆما جڤاکێن کوردستان سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێری کرد. لەو دیدارەدا گرینگترین پرسەکانی پێوەندیدار بە کوردستان تاوتوێ کران. ڕۆژی چوار شەممە، ٢٣ی ڕەشەمە شاندێکی کۆما جڤاکێن کوردستان سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێریان کردو لە لایەن برایم زێوەیی، نوێنەری حیزبەوە ، پێشوازییان لێ کرا. لەو دانیشتنەدا هاوپێوەندیی دوو پارچەی کوردستان واتە ڕۆژهەڵاتو باکوور لە پێناو بەرژەوەندیی نەتەوەیی بە پێویستی‌یەکی حەتمی لێک درایەوەو پێ لە سەر بەردەوامی‌و پتەوکردنی پێوەندی‌یەکانی دوولایەن داگیرا. هەروەها، بە هەستیاری‌و بەرپرسیارەتی‌یەوە، پرسی کورد لە باکوور تاوتوێ کراو لەو بارەیەوە ئاماژە بە پرۆسەی دانیشتن‌و دیالۆگی نێوان لایەنی کوردو حکوومەتی تورکیە کرا کە چەند مانگێکە لە ڕێگای سیاسی‌یەوە، هەولێک بۆ دۆزینەوەی کێشەی ڕەوای گەلی کورد لە باکووری کوردستان لە ئارادایەو دوو لایەن مەنتیقی دیالۆگو وتوویژی سیاسی‌یان بە ڕێگاچارەیەکی کەمتێچوو بۆ دەربازبوون لەو گرێکوێرەیە لە قەڵەم دا.

## هەیئەتێک بە سەرپەرستیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە چاوی بە دوکتور بێرنارد کوشنێر کەوت



لە دیدارێکی نێوان هەیئەتێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و بێرنارد کوشنێر، وەزیری دەرەوەی پێشووی فەڕانسەدا گرینگترین بابەتەکانی پێوەندیدار بە پرسی کوردو ناوچە تاوتوێ کران.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٥ی مارسی ٢٠١٣، هەیئەتێک بە سەرپەرستیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە هەولێر لەلایەن بەڕێز دوکتۆر بێرنارد کوشنێر وەزیری دەرەوەی پێشووی فەڕانسەو دۆستی لەمێژینەی کوردەوە کە بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمەکانی یادی بیست‌و پێنج ساڵەی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا سەردانی کوردستانی کردوە، پێشوازیی لێکرا.

لەو دیدارە گەرم و دۆستانەیەدا کە سەعات و نیوێکی خایاند، دوکتور بێرنارد کوشنێر وێڕای بەخێرهێنانی مامۆستا حەسەن زادەو هەیئەتی هاوڕێی، خۆشحاڵیی خۆی لەو دیدارە دەربڕی‌و رابردووی پێوەندی‌و دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکڕات‌و مامۆستای وەبیرهێنایەوەو ئاماژەی بەوە کرد کە بیرکردنەوە لە حیزبی دێموکڕات هەموو جارێ دەی‌خاتەوە یادی دوکتور قاسملوو و ئەو یادە هەمیشە دەی‌هەژێنێ. ئینجا دوکتور کوشنێر داوای لە مامۆستا حەسەن زادە کرد کە بیروبۆچوونی خۆی لەپێوەندی لەگەڵ بارودۆخی سیاسیی ئێران‌و وڵاتانی ناوچەو ئایندەی کورد لە سیناریۆی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەو ئەگەرەکانی داهاتوودا بخاتە ڕوو. مامۆستا حەسەن زادە وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی زۆری خۆی لە شادبوونەوە بە دیداری دوکتور کوشنێرو بەرزنرخاندنی دۆستایەتی‌و پشتیوانیی ناوبراو دەرهەق بە گەلی کوردو حیزبی دێموکڕات، سەرەتا بارودۆخی ئێستای زاڵ بەسەر ئێران‌و ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و خەباتی حیزبی دێموکڕات‌و هەروەها دوورەدیمەنی پرس‌و پێشهاتەکانی پێوەندیدار بە کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی هەڵبژاردنی ئایندەی ئێرانی خستە ڕوو. ئینجا سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەتی لە سووریەو تورکیە هەڵسەنگاندن‌و پێشبینی‌یەکانی خۆی ڕوون کردەوە. بێرنارد کوشنێر وێڕای پەسندکردنی زۆر لە خوێندنەوەو بیروبۆچوونەکانی مامۆستا سەبارەت بە بارودۆخی ناوچەو ئایندەی کوردەکان، ڕوانگەکانی خۆی لەپێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی مامەڵەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی‌و بەتایبەتی فەڕانسەی لەگەڵ ئەم بارودۆخە نوێیەو جێگەوپێگەی کورد لەنێو سیناریۆی ئاڵوگۆڕەکاندا باس کرد. دواتر دیالۆگێکی گەرم‌وگوڕو سەرنجڕاکێش لەنێوان هەردوو بەڕێزان لەپێوەندی لەگەڵ ئایندەی نەتەوەی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا و وەک گەلێکی یەکگرتوو بەڕێوە چوو کە لەو دیالۆگەدا هەم ئەو دەرفەتە نوێیانە کە بۆ کورد بەستێنی وەدیهێنانی مافو دەستکەوتی گرینگ‌و هەم ئەو بەربەست‌و چالێنجانەی کوردەکان پێویستە ژیرانە لەگەڵیان ڕووبەڕوو ببنەوە سەنگوسووک کران. هەردوو لا لەسەر ئەوە هاودەنگ بوون کە ئەزموونی ئێستای باشووری کوردستان پێگەیەکی گرنگ بۆ هەموو کوردە کە دەبێ بە هەمووان هەوڵی پاراستن‌و پێش‌خستنی بدەن‌و هەرلەوکاتەدا ئەوەی لە تورکیەو باکووری کوردستانیش دەستی پێکردوە ئاڵوگۆڕێکی گرنگ بەرەوپێشە کە دەبێ وەک هەیە سەیر بکرێ.

پێویستە بگوترێ لە بەشێکی دیدارەکەدا هەروەها دوکتور فرێدریک تیسۆ کۆنسوولی گشتیی پێشووی فەڕانسە لە هەولێرو دۆستی دێرینی گەلی کوردو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش بەشدار بوو. شایانی باسە دۆستایەتیی د. کوشنێرو مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی دوور بەتایبەتی کاتی ناشتنی هەردوو ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی‌و سەردانەکانی د. کوشنێر بۆ کوردستان.

## بەشداریی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر لە فستیڤاڵی ئازادی‌و نەورۆزدا

هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی برایم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر ڕۆژی دووشەممە، ٢١ ی ڕەشەمە لە فێستیڤاڵی ئازادی‌و نەورۆزی هەولێردا بەشدار بوو کە بە بۆنەی یادەکانی ڕاپەرینی شاری هەولێر و ١١ی مارس ١٩٧٠ پێک هاتبوو.

ئەو ڕێوڕەسمە کە لە لایەن پارێزگای هەولێرەوە سەرپەرستی دەکرا، بێجگە لەوەی بەشێکی بەرچاو لە کاربەدەستان‌و بەرپرسانی حکوومەتی‌و حیزبی تێیدا بەشدار بوون، زۆربەی کۆنسۆلگەری‌و نوێنەرایەتی‌یەکانی دەوڵەتانیشی بەو بۆنەیەوە بۆ بانگهێشتن کرابوون. لەو فێستیڤاڵەدا گەلێک بەرنامەی ڕەنگاوڕەنگ پێشکەش کران. فستیڤاڵەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دەستی پێکردو نواندنی تیپەکانی هونەری میللیی شارەکانی هەولێر ، سلێمانی ، دهۆک ، کەرکوک ، دێرسیم ، کوردەکانی گورجستان ، ڕۆژاوای کوردستان‌و هەموو پێکهاتە نەتەوەیی‌یەکانی عێراق‌و هەروەها گۆرانی‌و هەڵپەرکێی کچان‌و کوڕانی شاری هەولێرو شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان هەرکام بەشێکی ئەو فستیڤاڵە بوون.



## بەشداریی نوێنەری حیزب لە هەولێر لە کۆبوونەوەی ساڵوەگەڕی ڕاپەڕینی خەڵکی قامیلشوودا



کوردەکانی خۆرئاوای کوردستان لە یادی ڕاپەڕینی خەڵکی شاری قامیشلوودا داوا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ کۆتایی‌هێنان بە شەڕ لە سووریە وەگەڕ بخا.

ڕۆژی سێ‌شەممە، ٢٢ ی ڕەشەمە کوردانی خۆرئاوای کوردستان نیشتەجێ لە باشووری کوردستان لەبەردەم نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر کۆبوونەوەو یادداشتنامەیەکیان پێشکەش بە نووسینگەی یو ئێن کرد.

لەم کۆبوونەوەو ڕێپێوانەدا کە ئاڵای کوردستان‌و وێنەی ڕێبەرانی سیاسیی کورد لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بەرز کرابوونەوە، داوای باشترکردنی بارودۆخی خەڵکی سووریەیان کرد.

لەو یادداشتنامەیەدا کە لەبەردەم نوسینگەی یو ئێن خوێندرایەوە، داوا لە بان کی مۆن‌و کۆمەلگەی نێودەوڵەتی کراوە کە بڕیار بۆ ڕاگرتنی شەڕ لە سووریە بدەن‌و یارمەتیی دەرمانی‌و سووتەمەنی بۆ ئاوارەکانی سووریە دابین بکەن.

لە بەیاننامەی کوردە ئاوارەکانی خۆرئاوای کوردستان‌دا کە وێنەیێکی بۆ بان کی مۆن نێردراوە، داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە هەڵوێستی جیددی لە دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد بنوێنێ‌و ئەو ڕێژیمە ناچار بکا کۆتایی بە کوشتنی خەڵکی مەدەنی بێنێ.

شایانی باسە کە نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەر بانگهێشتی کۆمیتەی هەرێمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوو کە لە نۆهەمین ساڵوەگەڕی ڕاپەرینی شاری قامیشلوودا لە بەردەم بارەگای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بەڕێوە چوو.

کاک برایم زێوەیی نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دواتر لە لێدوانێکی‌دا بۆ کاناڵی تەلەڤزیۆنیی ڕووداو باسی لە ئامانج‌و هۆکاری بەشداریی نوێنەری حیزبی دێمۆکرات لەو ڕێپێوانەدا کردو جەختی لەسەر پێویستیی هاوکاری‌و هاودەنگیی هێزە کوردی‌یەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان لە پێناو دەستەبەرکردن‌و وەدی‌هێنانی ئاوات‌و ئامانجە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کورددا کردەوە

## دیداری نێوان هەیئەتێکی کومیتەی سۆئێدی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و پارتی سوسیال‌دیموکراتی ئەو وڵاتە



هەیئەتێکی بەشی پەیوەندی‌یە نێونەتەوەی‌یەکانی کومیتەی سۆئێدی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە سەرپەرستیی عەزیز سەیدنژادیان لە پارلەمانی سوئێد چاویان بە خاتوو « ئان لیندە»، سکرتێری گشتیی پێوەندی‌یەکانی حیزبی سوسیال دیموکراتی سوئێد کەوت. لەو دیدارە دا هەیئەتی حیزبی وێڕای باسێکی کورت لە سەر دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ئێران‌و کوردستان تیشکی خستە سەر مێژووی خەباتی ئاشتی‌خوازانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی مافو ئازادی‌یە بنەڕەتی‌و ئینسانی‌یەکانی گەلی کورد لە ئێران کە بە شێوەی سیستماتیک پێشێل کراوە.

لەو دیدارەدا خاتوو ئان لیندە، سکرتێری پێوەندی‌یەکانی پارتی سوسیال دیموکراتی سۆئێدیش باسێکی لەسەر پێوەندیی پارتەکەی‌و حیزب‌و ڕێکخراوەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان هێنایە گۆڕێ‌و ئاماژەی بە بەرنامەی کاری حیزبەکەی کرد کە لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا بۆ گەیاندنی دەنگی گەلی کورد بە داموەزگا بڕیاربەدەستەکانی سۆئێدو ئوروپا داویانەو لەو پەیوەندی‌یەدا ئاماژەی بە بوونی چەندین کورد لە ئاستی ڕێبەری‌و ڕیزی پارلەمانتارانی حیزبەکەی‌دا کردو پەیوەندیی نێوان حیزبەکەی‌و گەلی کوردی لە هەر چوارپارچەی کوردستان بە گرینگ دایە قەڵەم.

## بەشداریی نوێنەری حیزب لە بریتانیا لە ئێوارەخوانێک بەبۆنەی نەورۆز لە پاڕلمانی ئەو وڵاتەدا



ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ، ١٧ ی ڕەشەمە لە سەر بانگهێشتنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە بریتانیا، ئێوارەخوانێک بە بۆنەی نەورۆزەوە بۆ کۆمەڵێک لە ئەندام پارلەمان‌و کەسایەتی‌یە سیاسی‌یە بریتانیایی‌و کوردستانی‌یەکان‌و نوێنەرایەتیی زۆربەی حیزب‌و ڕێکخراوە کوردستانی‌یەکان ڕێک خرا.

مەبەست لەو ئێوارەخوانە، ڕێزگرتن لە نەورۆز، ڕۆژی نەتەوەیی کوردان‌و ڕووداوەکانی مانگی مارس بوو و چەندین کەسایەتیی بەرچاوی بریتانیایی وەک « ئەنی لۆف»، ئەندامی پارلەمانی بریتانیا لە سەر لیستی حیزبی کرێکاران، «کانەر مۆرفی» ئەندامی پارلەمان لە سەر لیستی « شین فین»، « گاری کێنت»، کۆردیناتۆری حیزبەکانی باشووری کوردستان لە پارلەمانی بریتانیا تێی‌دا بەشدار بوون.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا «ئاکیف وان» وتەبێژو نوێنەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە بریتانیا باسێکی سەبارەت بە گرینگیی نەورۆز لای کوردان‌و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی‌و پرسی کورد لەو ناوچەیە بە تایبەتی‌و هەروەها پرۆسەو ئەنجامی وتووێژەکانی نێوان گەلی کوردو حکوومەتی تورکیە پێشکەش کردو هیوای خواست کە ساڵی نوێی کوردی ببێتە ساڵی ئاشتی‌و پێکەوە ژیانی نێوان گەلی کوردو نەتەوەکانی ناوچەکە.

لەم ئێوارەخوانەدا کە هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەری‌و نوێنەری حیزب لە بریتانیا تێی‌دا بەشدار بوو، هەیئەتی حیزب لەگەڵ چەندین کەسایەتی‌و پارلەمانتاردا وتووێژو چاوپێکەوتنیان کرد.

لە ڕەوتی ئەو دیدارانەدا مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەریی حیزب لەگەڵ « کانەر مۆرفی» ئەندامی پارلمان لە لیستی «شین فێن» لەسەر ڕووداوەکان‌و ئالوگۆری ناوچەو هەروەها داوا ڕەواکانی گەلی کورد دوا.

## دانیشتنی هاوبەشی پێنج حیزبی کوردستانی لە دانمارک

پێنج حیزبی کوردستانی بۆ باس لە ڕەوشی کوردانی نیشتەجێی دانمارک، لە دەوری یەک کۆبوونەوە.

بە دەستپێشخەریی کومیتەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە دانمارکو بەشداریی کومیتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پارتی یەکیەتیی دیموکراتی کورد لە سووریەو پارتییا دیموکراتی پێشڤەچووی کورد لە سووریەو حدکا کۆبوونەوەیەک بۆ باس لە ڕەوشی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان‌و پەیوەندیی کوردانی دانیشتووی دانمارک بەڕێوە چوو.



لەو کۆبوونەوەیەدا کە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی حوسێن حەسەن زادە تێی‌دا بەشدار بوو، هەرکام لە لایەنە بەشدارەکان هاوکات لەگەڵ تیشک‌خستنە سەر دۆخی گەلی کورد لەو بەشانەی خەبات‌و تێکۆشانیان تێدا هەیە، بە خستنەبەرچاوی سەرنج‌و پێشنیار بۆ هەرچی باشترلێک‌گریدانی دەنگی کورد لە دانمارک قسەیان کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای خستنەبەرباسی سیاسەتەکانی حیزب بە نیسبەت هاوکاری لەگەڵ هیزو لایەنە کوردی‌یەکان‌و پێکهێنانی یەکیەتی‌و یەکڕیزی، باسێکی چڕوپڕیان لە سەر بارودۆخی نالەباری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرد.

### بەشداری هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی کۆڕی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ

ڕۆژی ١٣ی مارس هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی زاهید شاعیری بەرپرسی کومیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی لاوەکیی شوورای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ بەشدار بوو کە بۆ باس لەسەر پێشێلکردنی مافی نەتەوە ژێردەستەکان تەرخان کرابوو. لەو دانیشتنەدا نوێنەرانی هەر کام لە نەتەوەکانی کورد، ئازەری، عەرەبو بەلووچ وتاری تایبەت بە گەلی خۆیان پێشکەش کردو نوێنەری حیزبی دێموکڕاتیش باسێکی لەسەر کێشەی نەتەوەی کوردو چۆنیەتیی پێشێلکرانی سیستماتیکی مافەکانی ئەم گەلە لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە پێشکێش کرد. زاهید شاعیری ئاماژەی بە چەند تەوەرێکی سەرەکیی پێشێلکرانی مافە مەدەنی، کۆمەڵایەتی، سیاسیو مرۆییەکانی کورد لە ئێرانی کردو کوژرانو بریندار بوونی کۆڵبەرانو کاسبکارانی کورد لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانو گرتنی سەرەڕۆیانەی چالاکانی مەدەنیو سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە نموونە هێنایەوە.

## هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبەشداری لە ڕێوڕەسمی ساڵیادی شیمیایی باران کرانی هەڵەبجە

هاوسۆزی و هاوپێوەندیی گەلی کورد لە ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ خەڵکی باشووری کوردستان و شاری هەلەبجەیان پیشان دایەوە.

ڕۆژی شەمە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٣/١٦ هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسی بەشدارییان لە یادی ٢٥ ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجەدا کرد.

مەراسیمەکە بە ساتێک بێدەنگی و وەستان بۆ ڕێزگرتن لەگیانی پاکی شەهیدان و خوێندنەوەی چەند ئایەت لە قورئانی پیرۆز و سرودی نەتەوایەتی»ئەی ڕەقیب» دەستی پێکرد.

پاشان هەریەک لە بەڕێزان: قائیم مقامی شاری هەڵەبجە و نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و هەروەها وەزیری مافی مرۆڤی عێراق بە بۆنەی یادی ٢٥ ساڵەی کارەساتی هەڵەبجەوە، پەیامێکیان پێشکەشی خەڵکی هەڵەبجە کرد.

لە بڕگەیەکی تری ڕێورەسمەکەدا فیلمێکی دێکۆمێنتی پێشکەش کرا و پاشان بەڕێز بێرنارد کۆشنێر، وەزیری پێشووی دەرەوەی فەڕانسەو دۆستی دێرینی بزووتنەوەی کورد و چەند کەسایەتی ئورووپایی وتاریان پێشکەشی خەڵکی هەڵەبجە کردو پشتیوانی خۆیان لە نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی زووڵملێکراو دووپات کردەوە.

بڕگەیەکی دیکەی ڕێورەسمەکە تەرخان کرابوو بە کۆمەڵێک کار و چالاکی هونەری و لە کۆتاییدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیامێکی پێشکەشی کۆمیتەی ئامادەکاری ڕێورەسم کرد و تاجە گوڵینەی ڕێز و وەفادارییان لەسەر پەیکەرەی عومەری خاوەر دانا.



### ئەمەش دەقی پەیامی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یادی ٢٥ ساڵەی کارەساتی شێمیابارانی هەڵەبجە:

وێڕای سڵاو!

سەرەتا ئێزن دەخوازین ڕێزو سڵاوی تایبەتیمان هەبێ بۆ قوربانیانی ئەم کارەساتە نامرۆڤانەیەو کەس و کارە ئازار چێشتووەکانیان!

٢٥ ساڵ پێش ئێستا هەڵەبجە بوو بە لوتکەی مەزڵوومیەتی میللەتێکی ئاشتیخوازی ماف ویست و ئێستاش دوای تێپەڕینی چارەگە سەدەیەک بە سەر ئەو کارەساتەدا، هەڵەبجە هێمای نەتەوەیەکە کە سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پیلانی جۆراوجۆری دوژمنانی، بە فەلسەفەی ئاشتیخوازییەوە کار لە سەر پرسەکانی دەکات.

کارەساتی هەڵەبجە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت چالاکانی سیاسی و ئەدەبی و فەرهەنگیی ئەم بەشە لە نیشتمانی کوردان، لە ماوەی ئەم ٢٥ ساڵەدا پیگەیەک بووە بۆ یادکردنەوە لە ئیرادەیەکی بەهێزی یەکگرتوویی و هاوخەمیی نەتەوەیی.

لە یادی ٢٥ ساڵەی کارەساتی شیمیایی بارانکردنی هەڵەبجەدا سڵاو بۆ یادی شەهیدانی ئەم کارەساتەو هەروەها ڕێزو سڵاویش بۆ قوربانیان و کەس و کارە ئازیزەکانیان.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان
١٦ی مارسی ٢٠١٣
٢٦ی ڕەشەممەی ١٣٩١

## بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی «ژنی کورد و خەبات بۆ یەکسانی» لە ستۆکهۆڵمی سوئێد





به بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن، ڕۆژی شەممە، ١٩ ی ڕەشەمە کۆمیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆنفرانسێکی یەک ڕۆژەی لە ژێر سەردێڕی: «ژنی کوردو خەبات بۆ یەکسانی»، لە ستۆکهۆڵم، پێتەختی وڵاتی سوئێد پێکهێنا.

لە باسەکانی کۆنفرانسدا سەرەتا خاتوو «زیتا گورمای» لە حیزبی سۆسیالیستی ئوورووپا باسێکی لە ژێر سەردێڕی ئابووری، سیاسەتو ژنان پێشکەش کرد.

خاتوو زیتا لە قسەکانیدا ئاماژەی بە خاڵی گرینگی سیاسەتی ریازەتی ئابووری کرد کە لە لایەن حکوومەتە دەستی ڕاستییەکانەوە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی ئابووری بە سەر ئوورووپادا سەپاوەو شوێنەواری ڕاستەوخۆی ئەو سیاسەتەی لە سەر وەزعی ژنان لە ڕووی کەکردنەوەی بودجەوە شی کردەوە کە لەو بوارانەدا بۆتە هۆی پاشەکشەکردن لە دەسکەوتەکانی تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانیی ڕەگەزی.

خاتوو لینیا بیۆرنستام لە ڕێکخراوی ژنانی سۆسیالدێمۆکراتی سوئێد دووهەم کۆڕگێڕی ئەو کۆنفرانسە بوو، لینیا باسی لە سەربەخۆیی ئابووری لە بەرامبەر ئازادیی ئابووریی ژناندا کردو بە وردی جیاوازییەکانی باری ئابووریی ژنان لە بازاڕی کاری سوئێدی بە بەراورد لە گەڵ پیاوانی هاوتەرازو هاوکاری ئەوان دەستنیشان کرد.

سێهەم کۆڕگێڕ شادی ئەمین چالاکی مافی مرۆڤ بوو کە لە سەر هاوکاریی جووڵانەوە جۆراجورەکان دواو جەختی لە سەر شێوەی هەڵسوکەوتی نادروست لەگەڵ ئەو دیاردانە کردەوە کە مادام بە دروستی نایان ناسێنین، ئێزن بە خۆمان دەدەین بە بێ ناسین، مەحکوومیان بکەین، جا فەرق ناکا ئەو حەرەکەتە، جووڵانەوەی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی بێ، یان خەباتی نەتەوەیی میللەتێک یان خەباتی هاوجینسبازێک بێ کە لە پێشدا قەزاوەتی نادروستی لە سەر کراوەو حوکمی بە دژ دراوەو هیچ دەرەتانێک بۆ ناسینی ئەم دیاردەیە، ڕێگای پێنادرێ.

چوارەم کۆڕگێڕی کۆنفرانس خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو. بەڕێز شەرەفکەندی لە باس لە سەر هەڵاواردن‌دا، بنەماکانی هەڵاواردنی ناساندو هەڵاواردن بە دژی ژنانی لە گەڵ ئەو هەڵاواردنە بەراورد کرد کە بە دژی نەتەوەکانی ئێران بەکار دەبرێ.

ناوبراو ڕێگاکانی بەرەورووبوونەوە لە گەڵ دیاردەی هەڵاواردن بە دژی ژنانی بە ٢ دەستەی کاری فەرهەنگیی درێژخایەن بۆ ئاڵوگۆری فیکریو ڕێکاری یاساییو دابینکردنی گەرەنتی بۆ ڕەچاوکردنی یەکسانی یان پشتگیری لە مافی بەرابەری مرۆڤەکان دابەش کردو بۆ هەر دەستەیەک هێندێک ڕێکاری پێشنیار کرد.

دکتۆر ئالان فتوحی، پسپۆڕی دەرمان‌ناسی یەکی دیکە لە کۆڕگێڕان بوو کە باسێکی تێرو تەسەلی لە سەر چۆنیەتیی ڕوودانی سەکتەی دڵ پێشکەش کرد.

شەشەم کۆڕگێڕی کۆنفرانسەکە دکتۆر شەماڵ کاوە لە سەر دیاردەی نیۆ لیبراڵیسم دوا کە لە دونیای ئەمرۆدا هەموو شت بە جۆرێک بە مەبەستی فرۆشو بۆ بازار ئامادە دەکرێو هاندانی موشتەری بۆ کرینی جینس ئەسڵەو، چۆنییەتیی کارێگەریی ئەم ڕوانگەیە لە سەر شێوەی کاری سیاسیی ئێمە، هەروەها ژیانی ئاسایی‌و خەباتی مەدەنی یان خەبات بۆ یەکسانیش‌دا خستە ڕوو.

دوایین کۆڕگێڕی ئەم کۆنفڕانسە، کاوە ئاهەنگەری ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو. کاوە ئاهەنگەری لە سەر ڕۆڵی بژاردەی کوردی لە خەبات بۆ یەکسانیی ڕەگەزی دواو پێداگر بوو لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی یەکسانیی ڕەگەزی وەک پرس چاو لێ ناکاو بۆیە ئەو مەسەلەیە ئاوڕی لێنادرێتەوەو لە وەها حاڵەتێکدا ئەوە ئەرکی ڕووناکبیرو بژاردەی ئەو کۆمەڵکایە قورستر دەکا کە دەبێ لەو بارەیەوە دەور بگێڕنو خوێندنەوەیەکی تازە لە ئینسانی کورد وەدەست بدەنو لە بەرامبەر ئەو کۆسپانەی لە سەر ڕێگای چوونە پێش لەو بوارەدا زاڵ بنو بە زمانی ئاشتی‌خوازانەو لە ڕێگای چاکەسازی نەک لە ڕێگای بردنەژێر پرسیار یان نەفی هەموو ڕابردوو هەنگاو هەڵبگرن هەتا کارتێکەریی ئەرێنیی لێ بەدی بکرێ.

لە درێژەی کاری کۆنفڕانس‌دا تارا عەزیزی کە لە لایەن ڕێکخراوی قوتابیانی سوسیالدێموکڕاتی سوئێدەوە بەشداری کۆنفرانسەکە بوو، پەیامی ڕێکخراوەکەیانی بە بۆنەی ٨ ی مارس پێشکەش بە بەشداران کردو هەر وەها خاتوو خەزاڵ کەرەمی ئەندامی یەکیەتیی ژنان لە سوئێد چەند وتەیەکی لەسەر ناساندنی خوراکی سالم پێشکەش کرد.

جێگای ئاماژەیە کە لە بەشی هونەریی کۆنفرانسەکەدا، کیژانی دەنگخۆش شنۆ ئەحمەدیو باوان کەریمیو مۆسیقای هیوا گەردی بەرنامەکانی ئەو ڕۆژەیان ڕەنگین کرد.

## سمینارێک بە بۆنەی ٨ ی مارس لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە



یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بە بەڕێوەبردنی سمینارێک یادی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنانی بەرز ڕاگرت. لەو سمینارەدا کە بەیانیی ڕۆژی شەممە، ١٩ی ڕەشەممە لە ساڵۆنی بۆنەو ڕێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌داو بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان، کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو کۆمەڵێک میوان لەلایەن ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستانەوە بەڕێوە چوو، ڕێز لە خەباتو تێکۆشانی ژنان بۆ مافەکانیانو دابین‌بوونی ئازادیو یەکسانی گیرا.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی یەکسانیو ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی ژنانی خەباتکاری شەهید دەستی پێکردو پاشان پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی ٨ ی مارس، لەلایەن خاتوو شەهێن مورتەزازادە، ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەو ڕێکخراوەیەوە خوێندرایەوە. دوابەدوای پەیامی یەکیەتیی ژنان باسەکانی ئەو سمینارە لەلایەن کۆڕگێڕانەوە پێشکیش کران. یەکەم گۆڕگێڕی ئەو سمینارە عەدنان ساڵەیی، مامۆستای زمانی کوردیو چالاکی مافەکانی ژنان بوو کە باسەکەی بۆ لێکدانەوەی ئامادەنەبوونی بەرچاوی ژنان لە نێوان کەمتەرخەمیی خۆیانو ئۆتۆریتەی کلتوور تەرخان کردبوو. عەدنان ساڵەیی باسەکەی خۆی لە سەر ئەوە چڕ کردەوە کە ژنان دەبێ بۆ خۆیان ناوەندی سەرەکیی یەکلاکردنەوەی پرسی خۆیان بنو هۆکارەکانی پەراوێزخران یان دەرنەکەوتنی ژنانی بۆ نەبوونی ئەسڵی خۆشەویستی لە پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتیو ئینسانی‌یەکان‌دا، نەبوونی ئەمنییەتو سەقامگیریو دوورکەوتنەوە لە زاتی ئینسانیو حورمەتو نەبوونی جیاوازی‌دانانی ڕەگەزیو بە قانوون‌کردنی ئەو جیاوازی‌دانانە گەڕاندەوە. دوای باسەکەی عەدنان ساڵەیی لەلایەن یەکیەتیی ژنانەوە چەپکەگوڵی ڕێزلێنان پێشکێش بە دوو سکرتێری پێشووی ئەو ڕێکخراوەیە خاتوو عیسمەت نستانیو خاتوو سۆهەیلا قادری کرا.

دووهەم کۆڕگێڕی ئەو سمینارە خاتوو شلێر باپیری، ڕاگەیەندکارو چالاکی بواری مافەکانی ژنان بوو، کە باسەکەی لە ژێر ناوی « فیمینیزمو چارەسەریی پرسی ژنی کورد» پێشکێش کرد. شلێر باپیری سەرەتای باسەکەی بەوە کردەوە کە فیمینیزم دەنگی ناڕەزایەتیو بەرەنگاربونەوەی نایەکسانیو نابەرامبەری‌یەکانی کۆمەڵگایە کە سیستمی سیاسیو کلتووریی کۆمەڵگا بە سەر پێوەندی‌یەکانی خەڵکی‌دا سەپاندوە.

دوایین کۆڕگێڕی ئەو سمینارە خاتوو ئەوین ئیبراهیم، مامۆستای زانکۆ بوو.

ئەڤین ئیبراهیم کە باسەکەی لە ژێر ناوی « فیمینیسمو جێندەر» دا پێشکێش کرد، بە وردیو پوختی چاوی بە مێژووی سەرهەڵدانی فیمینیسمو سێ قۆناخی سەرەکیی مێژووی فیمینیسم‌دا خشاندو سەرنجو ڕوانگەکانی خۆی لە سەر پرسی جێندەر، ڕەگەزو یەکسانی لە کوردستان‌دا خستە ڕوو.

## بەڕێوەچوونی ئاکسیۆنی هاوبەشی ٦ ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەولێر



ڕۆژی چوارشەممە ٦ ی مارسی ٢٠١٣ ی زایینی ژنانی ٦ ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر دروشمی « هاودەنگیو هاوهەڵوێستیی ژنان ڕەمزی سەرکەوتنمانە، «ئاکسیۆنێکیان لە پارکی شانەدەری هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان لە پێشوازی ٨ ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان‌دا بەڕێوە برد. سەرەتای ئەم ئاکسیۆنە دەقیقەیەک بێ‌دەنگی بۆ ڕێزگرتن لەگیانی پاکی ئەو ژنانە ڕاگەیەندرا کە لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانیان گیانی خۆیان بەخت کردوە. پاشان سرووودی یەکسانی لەلایەن بەشدارانی ئاکسیۆنەکەوە خوێندرایەوەو بە دوای ئەودا لە لایەن یەکێک لە بەشدارانەوە کورتەباسێک لە مێژووی ٨ ی مارس کرا.

لە بەردەوامیی ئەو ئاکسیۆنەدا پەیامی هاوبەشی شەش ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە چەند زمانی کوردی، فارسیو ئینگلیسی، لە لایەن نوێنەری ڕێکخراوەکانەوە پێشکەش کرا. لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکانی ئاکسیۆنەکەدا چەند پارچە شێعر بە زمانەکانی کوردیو فارسی پێشکەش کران. پێویستە بگوترێ کە کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو نوێنەرانی هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کەسایەتیو چالاکانی ژنانی باشووری کوردستانو ڕۆژئاوای کوردستان لەم ئاکسیۆنەدا بەشدار بوونو هادەنگیی خۆیان لەگەڵ ژنانی ڕۆژهەڵات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان لە کوردستان ڕاگەیاند.

ئەو ڕێکخراوانە کە ئەم ئاکسیۆنەیان بەڕێوەبرد، بریتی بوون لە:

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاسۆی ژنی کورد، ژنانی یەکیەتیی دێموکراتیکی کوردستانو کۆمیتەی ژنانی خەباتی کوردستان.

خالید عەزیزی: یەکێک لە دیارترین جیلوەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە، کوشتنی ڕۆژانە و بێپەروایانەی کاسبکاران وخەڵکی هەژار لە ناوچەسنوورییەکانی کوردستان بوو. هەر لەو ساڵە دا بە سەدان کەس لە چالاکانی بواری میدیایی و خەباتی مەدەنی و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، بە ناو و بیانووی وەک بەستراوەیی بە بێگانە و جاسووسی و دژایەتیی هیمنایەتیی نیزام و وڵات، ڕەوانەی بەندیخانەکان کران

لە حاڵێک دا باوەش بە نەورۆز دا دەکەین و پێ دەنێینە نێو ساڵێکی نوێ، کە لە پیوەندی لە گەڵ پرسی کورد بە گشتی دا، بە هیواوە دەڕوانینە داهاتوو. ڕاستە کە بە داخەوە لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا،کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکە هەر وا لە سەرەتاییترین مافە نەتەوەییەکانیان بێبەشن، بەڵام کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست دا، ئێستا بووە بە فاکتەرێک کە دەوڵەتان چی دیکە ناتوانن بە حاشاکردن، بەرەورووی ببنەوە.
خالید عەزیزی

درێژەی:

## پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی هاتنی نەورۆزی ١٣٩٢ەوە

یەکێک لە دیارترین جیلوەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە، کوشتنی ڕۆژانە و بێپەروایانەی کاسبکاران وخەڵکی هەژار لە ناوچەسنوورییەکانی کوردستان بوو. هەر لەو ساڵە دا بە سەدان کەس لە چالاکانی بواری میدیایی و خەباتی مەدەنی و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، بە ناو و بیانووی وەک بەستراوەیی بە بێگانە و جاسووسی و دژایەتیی هیمنایەتیی نیزام و وڵات، ڕەوانەی بەندیخانەکان کران. دوایین شەپۆل لەو گرتنانە، ئەو دەیان ڕۆژنامەنووس وچالاکە مەدەنییە بوون کە لەم چەند حەوتووەی دوایی و لە بەرەبەری نەورۆز دا، لە شارەکانی کوردستانەوە، ڕەوانەی بەندیخانە کران و بە داخەوە هەتا ئێستاش لە زیندانن.

ساڵی تێپەڕبوو، لە دووبارەوە بۆ کۆماری ئیسلامی ساڵێکی تاڵ بوو. لە مەیدانی ململانێیە ناوچەیی و جیهانییەکاندا، ئەو ڕێژیمە پتر لە پێشوو تووشی شکست و تەریک مانەوە بوو. ڕاپەڕین و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە، بە پێچەوانەی ئەو قسانەی سەرانی ئەو ڕێژیمە پێشتر دەیانکرد، لە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامیدا نەبوون و لە هەموو نیشانەکان را دیارە لە جیاتی زیادکردنی دۆست و هاوپەیمان بۆ کۆماری ئیسلامییان دا لێ بکەوێتەوە، کورتکردنەوەی دەستی ئەو ڕێژیمە لە ناوچەکە و بێداهاتوویی هاوپەیمانە ستراتیژیکەکانی کۆماری ئیسلامیان بە دواوەیە.

کۆماری ئیسلامی لە نیوخۆی نیزامیشدا،لە ساڵی تێپەڕبوودا پێی نایە قۆناغێکی نوێ لە ململانێ و چەندبەرەکی و لێک لەهەڵدان، بە جۆریک کە دەردەکەوێ جڵەوی کاروبار لە دەستی ریبەری نیزام خامنەیەییش ترازاوە. بێگومان بە نزیکبوونەوە لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری، ململانێ و ناکۆکییە نێوخۆییەکانی دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ یەکتر، شکڵ و شیوەیەکی ئاشکراتر بە خۆوە دەگرێ. ئەم ڕاستییەش دەتوانێ دەرفەت بۆ خەباتی جیددیتری خەلکی ولاتەکەمان لە گەڵ ئەو ڕێژیمە لە ساڵی نوی دا، برەخسێنی.

لە ساڵێکدا کە رابرد، لە گەڵ ئەوەی گۆڕانێکی ئەوتۆ بە سەر هەلومەرجی خەباتی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستاندا نەهات ، بەڵام حیزبی ئێمە لە گەیاندنی دەنگی ئیوە بە کۆر و کۆمەڵە نیونەتەوەییەکان، لە کاروتیکۆشان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا و لە هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی هیزولایەنە کوردستانی و ئێرانییەکان بۆ لای پیویستیی یەکگرتن وهاوخەباتی، غافڵ نەبوو.ئیمە، بە پشتیوانیی ئیوە لە ساڵی نوێشدا بە شێلگیری و هیوایەکی زیاترەوە، ئەم ئەرکانەمان درێژە دەدەین.

### ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد!
### تینوانی ئازادی و دیموکراسی لە کوردستان و ئێران!

هۆگرانی نەورۆز و نوێبوونەوە و رزگاری!

ئێمە لە حاڵێک دا باوەش بە نەورۆز دا دەکەین و پێ دەنێینە نێو ساڵێکی نوێ، کە لە پیوەندی لە گەڵ پرسی کورد بە گشتی دا، بە هیواوە دەڕوانینە داهاتوو. ڕاستە کە بە داخەوە لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا،کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکە هەر وا لە سەرەتاییترین مافە نەتەوەییەکانیان بێبەشن، بەڵام کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست دا، ئێستا بووە بە فاکتەرێک کە دەوڵەتان چی دیکە ناتوانن بە حاشاکردن، بەرەورووی ببنەوە. لە عێراق، کورد، پێگە و جێگەیەکی دانپیدانراو و قانوونیی هەیە کە لە هەوڵی سەقامگیرکردن و پەرەپێدانی زیاتری دەسکەوتەکانی دایە. لە سووریە، ئاسۆیەکی نوێ هاتۆتە بەردەم پرسی کورد، و ئەگەر لایەنە کوردەکان یەکگرتووانە و بەرپرسانە بەرەڕووی ئالوگۆڕەکان ببنەوە، بە رووخانی چاوەروانکراوی دیکتاتۆریی بەشار ئەسەد، دەتوانین شایەدی سەردەمێکی نوێ لە ژیانی کورد لەو ولاتەدا بین.

لە دراوسێیەتیی ئێران و لە تورکیاش، سیاسەتێکی نوێ لە پیوەندی لە گەڵ پرسی کورد دا هاتۆتە کایەوە. چارەسەری ئاشتیخوازانە، ئەو ڕێگایەیە کە بە خۆشییەوە دەولەتی تورکیە و نوێنەرانی پرسی کورد، گرتوویانەتە بەر. ئارەزووی ئیمە ئەوەیە وتویژەکان بگەنە ئاکامی باش و ڕێگا بۆ پیکەوە ژیانی بە تەبایی لەمەودوای ڕۆڵەکانی دوو نەتەوەی کورد و تورک، خۆش بکەن.

### هاونیشتمانە بەڕیزەکان!
### خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

لە بەرەبەری دەسپێکی ساڵی نوێدا، بە گەرمی پیرۆزبایی نەورۆزتان لێ دەکەم. بۆ ئێمە خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی و دیموکراسی، بۆ نەتەوە بندەستەکانی ئێران و و خەڵکی لە ماف وئازادی بیبەشی وڵاتەکەمان، نەورۆزهەر تەنیا جێژنی نوێبوونەوەی ساڵ نییە، کاتی دارشتنی پلان و بەرنامەی تێکۆشان بۆ ساڵێ نوێ و نوێکردنەوەی بڕیار و پەیمان بۆ بردنە پێشی خەباتی ئازادیخوازیمانە. مەوسمی وەبیرهێنانەوەی ئەرکەکانمان لە ئاست هەزاران ڕۆڵەی بەندکراو و دەیان هەزار بنەماڵەی ئازیزلەدەستداوە. با لەم ساتەدا ، هەموومان پێکەوە بەڵێن بدەین لە ساڵی نوێدا، کار لە پیناوی تەبایی و یەکگرتوویی و هاوخەباتی و هەوڵدان بۆ رزگاریی نەتەوە و نیشتمانی خۆمان لە ستەم و دیکتاتۆری، بکەینە سەرلەوحەی بەرنامەکانی خۆمان.

بە هیوای نەورۆز و بەهار و ساڵێکی خۆش و پڕ دەسکەوت بۆ هەموومان،

**خالید عەزیزی**
**سکرتیری گشتیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دواساتەکانی ٣٠ی ڕەشەممەی ١٣٩١**
**٢٠ی مارسی ٢٠١٣**

# پەیام بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی کارەساتی هەڵەبجە

٢٥ ساڵ لەمەوبەر ڕێژیمی بەعسی عێراق لە کردەوەیەکی دڕندانەدا دانیشتووانی شاری هەڵەبجەی بە چەکی قەدەغەکراوی شیمیایی بۆردمان کرد. لە ئاکامی ئەو کردەوە نامرۆڤانەیەدا بەداخەوە بە هەزاران کەس لە خەڵکی ئەم شارە گیانیان لەدەست دا و بە هەزاران کەسیش کەوتنە ژێر کارتێکەریی ماددە شیمیاییەکان. بەم چەشنە تراژیدییەکی دیکە بە مێژووی پڕ لە تراژیدیی نەتەوەی مافویست و ئازادیخوازی کوردەوە زیاد بوو.

دیارە تاوانی هەڵەبجە تەنیا تاوانێکی لەم چەشنە نەبووکە لە ساڵانی شەڕی ڕێژیمەکانی ئێران و عێراق دا لە دژی نەتەوەی کورد ئەنجام درابن. لە ماوەی ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرەدا چەند ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بۆ نموونە شاری سەردەشت و ئاوایی «زەردە« بوردمانی شیمیایی کران و لەوانیش دا بە سەدان کەس کوژران و بە هەزاران کەس بریندار بوون. ئەم تاوانە گەورەیە لەگەڵ ئەوەدا ویژدانی مرۆڤایەتیی هەژاند، زیاتر لە هەر کات سەرنجی جیهانیانی بۆ لای ئەو دۆخە پڕ لە ئازارە راکێشا کە نەتەوەی پارچە پارچەکراوی کورد لە ئاکامی سیاسەتی دژە کوردانەی دەسەڵاتە ناوەندییەکانەوە تێی کەوتوە.

کارەساتی هەڵەبجە لە لای ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد وەک زامێک وایە کە نەک لە ساڵرۆژی ڕوودانی دا بەڵکوو هەموو ڕۆژێ بە دیتنی سیمای ماتەمبارو ئازارچەشتووی بنەماڵەی قوربانیان و بەرکەوتووانی چەکی شیمیایی لە ناخیان دا دەکولێتەوە. هەرچەند کارەساتی هەڵەبجە لە بیرو زەینی نەتەوەی کورد تا ئێستاش وەک تراژیدییەکی گەورە لە نێو مێژووی پڕ لە تراژیدیی نەتەوەکەمان دا قورسایی دەکا، بەڵام لەگەڵ هەموو بەژانییەکەی دا وەک خەمێکی هاوبەش بۆتە مایەی پێداگریی زیاتری ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لە سەر شوناس و مافە زەوتکراوەکانیان.

لە ٢٥ ساڵەی تاوانی لە بیرنەکراوی هەڵەبجەدا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی هەموو شەهیدانی هەڵەبجە. ئارەزوو دەکەین مێژووی نەتەوەکەمان جارێکی دیکە کارەساتی ئەوتۆ بەخۆیەوە نەبینێتەوە. هیواشمان ئەوەیە دادگاییکران و سزادرانی بڕیاردەران و ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە و بەرەسمی ناسرانی ئەم تاوانە وەک ژینۆساید لە لایەن کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی، ببێتە هۆی سارێژ بوونەوەی ئازارەکان و ئارامیی خەڵکی مەینەتچێشتووی هەڵەبجە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٦ی مارسی ٢٠١٣**
**٢٦ی ڕەشەممەی ١٣٩١**

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی ٦٧ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

### ژنان وکچانی تێکۆشەر!
### ئەندامانی بەڕێزی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان!
### میوانە خۆشەویستەکان!

بە بۆنەی ٢٤ی رەشەمە،٦٧ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە جوانترین پیرۆزبایی پێشکێشی ژنانی تێکۆشەرو یەکسانیخوازی کوردستان بە گشتیو ژنانی نێو ڕیزەکانی یەکیەتیی ژنان بە تایبەتی دەکەین. هیوادارین یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە خەبات لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی، بەتایبەتی توێژی ژنان لە کۆمەڵگادا سەرکەتوو بێ.

### بەڕێزان!

٦٧ ساڵ لەوەپێش لە ٢٤ی رەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاویدا یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە رێنوێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بە پشتیوانیی پێشەوای گەورە، قازی محەممەد لەلایەن کۆمەڵە ژنێکی تێکۆشەرەوە بە سەرۆکایەتیی مینا خانمی قازی، لە شاری مەهاباد دامەزرا. دامەزرانی یەکیەتیی ژنان لە مەودایەکی کەم دوای دامەزرانی حیزبی دیموکراتو لەسەردەمی کۆماری کوردستانداو بەردەوامیی خەباتی ژنان شانبەشانی برا تێکۆشەرەکانیان لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، سروشتێکی دادپەروەرانەو لە عەینی کاتدا دێموکراتیکی بە بزووتنەوەی کوردو خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەخشیوە.

زۆر جار لەم بۆنانەدا باسی ئەو هەلومەرجە لەبارە کراوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ یەکیەتیی ژنانو تێکۆشانی ژنان پێکی هێناوەو، باس لەو پشتیوانیيە بێدریغە کراوە کە [حیزب] لەم ڕێکخراوەیەی کردوە. جێی خۆیەتی لەم بۆنەیەدا ئاوڕێک لە خزمەتەکانی یەکیەتیی ژنان بە تایبەتیو ژنان بە گشتی بدەینەوە کە بە بزووتنەوەی نەتەوایەتیو بە حیزبی دێموکراتیان کردوە.

کەم نین ئەو کچ و ژنانەی ڕاستەوخۆ بوون بە ئەندامو تێکۆشەری حیزبی دێموکراتو بە بەشداریو تێکۆشانی بەردەوامیان ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتیان ڕەنگینو زیندووتر کردوە. زۆرن ئەو دایکو خوشکو هاوسەرانەی هانی خۆشەویستانیان داوە بۆ پەیوەستبوونو بەشدارییان لە خەباتو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانداو بەکاری زۆرترو تاقەتپرووکێن زەحمەتی بەڕێوەبردنی ماڵو پێگەیاندنی منداڵەکانیان بە تەنیا خستۆتە سەر شانی خۆیان. جیا لەوەش هیچ سەنگەرێکو بوارێکی خەبات نابینی کچو ژنی کوردی تێدا چالاک نەبووبێو قوربانیو نرخی تێدا نەدابێ، وەک بەشداریی ڕاستەوخۆ لە خەباتی سیاسی، شەڕی چەکداریو بەرگریی خەڵکی کوردستان لە دژی هێرشکەران، خەباتو خۆراگریی ئازایانە لە زیندانەکاندا، خەباتی پێشمەرگانەو پشتیوانی لەو خەباتە، چوەک پێشمەرگەو چوەک یارمەتیو دابینکردنی تەداروکاتی پێشمەرگە لە سەنگەری شەڕو بەربەرەکانیدا. هەروەها ژنان لەگەڵ تێکۆشەرانی دێموکراتو هێزەکانی دیکەی کوردستان پێبەپێی براو کەسە پێشمەرگەکانیان شاخو دۆڵو دەشتو چیاو کوێستانو گەرمێنیان کردوە. بەشداریی ژنان لە مەیدانی ڕاستەوخۆی خەباتدا ئەگەر بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ بەرنامەی حیزبی دیموکرات لە ڕاکێشانی ژنان بۆ نێو ریزەکانیدا، بێگومان بەشی زۆرتری دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی یەکیەتیی ژنان لەم قۆناغەی خەباتی نەتەوایەتیدا.

بە کورتی دەتوانین بڵێین مانەوەو بەدەوامیی بزووتنەوی کورد بە فیداکاریی ژنان پشت ئەستوور بووە. بۆیە جێگەی خۆیەتی بە هەموو ئەو ژنو کچانەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە بەردەوامیی بزووتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستانو پاراستنی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بەشدار بوون، ئافرین بڵێین.

### خوشکانی تێکۆشەر!

ئەگەر حیزبی دێموکرات ئەرکی قورسی نەتەوەیی و نیشتمانی و سیاسیی لە ئەستۆیە کە بریتییە لە پێکهێنانی ئێرانێکی دیموکراتیکو فیدراڵ، ئەرکی ژنان قورسترو گرانتریشە. چونکە:

یەکەم، هەروەک باسمان کرد ژنان چالاکانە لە خەباتی سیاسیی خەڵکی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەشدارن.

دووهەم، ژنان جیا لە تێکۆشانی سیاسی، دەبێ بۆ ویستە کۆمەڵایەتیو سینفییەکانی خۆشیان لە کۆمەڵگای سوننەتیو پیاوسالاری کوردستاندا تێبکۆشنو کار بۆ بەشداریی زیاتری ژنان لە خەباتی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا بکەن. هەروەها چالاکانە هەوڵ بدەن کەندوکۆسپە سوننەتیو باوو عورفییەکانی دژ بە ژنان لە سەر ڕێگای خۆیان لابەرن. هەوڵ بدەن مافی ژنان لە قانووندا بگونجێننو نهادینەی بکەن.

سێیەم، خەباتی ژنانی کورد بە دابینبوونی مافە سیاسیو نەتەوایەتییەکان کۆتایی نایە، ئەوان ڕێگایەکی درێژیان لەپێشە بۆ ئەوەی جگە لە سڕینەوەی سوننەتە کۆنەکانی دژی ژنان، تێبکۆشن شوێنەواری ڕوانگەی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی لە دژی ژنانیش کە دەیان ساڵە سەپاندوویەتی، بیسڕنەوە.

### ژنانی ئازادیخواز!

لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا کە خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی هەروا درێژەی هەیە، یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانو بەگشتی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان بۆ ئەوەی زیاتر خۆیان بەهێز بکەنو زۆرتر شوێندانەر بن، پێویستییان بە پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو هەموو هێزێکی دیموکرات هەیە. هەر بۆیە بە ناوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتو هەموو ژنانی یەکسانیخوازی کورد دڵنیا دەکەینەوە هەتا سەرکەوتنو گەیشتن بە ئامانجەکانیان، حیزبی دێموکرات پشتیوانو هاوکارو یاوەریان دەبێ. بەتایبەتی ئێستا کە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆیدا تووشی چەند قوڵیو دووبەرەکیی دیارو حاشاهەڵنەگر بووە، قەیرانی ئابووری لە هەموولایەکەوە دەوری داوە، ناڕەزایەتیی بیروڕای گشتیو کۆمەڵگای جیهانیی شانبەشانی ناڕەزایەتییە نێوخۆییەکان لە پەرەگرتندایە. ئەم بارودۆخە چاوەڕوانیی ئاڵوگۆڕی لێدەکرێ.

گومانی تێدا نییە خەڵکی ئێران هەرکە دەرفەتیان بۆ برەخسێ سێبەری شوومی ئەو ڕێژیمە دژی ئینسانییە لەسەر خۆیان لا دەبەنو هەوڵ دەدەن نیزامێکی دێموکراتیک لە وڵاتەکەیاندا دابمەزرێنن. هەر بۆیە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ بە وشیارییەوە بڕواننە ئاڵوگۆڕەکانو خۆیان بۆ هەر ئەگەرێک ئامادە بکەن.

دڵنیاین ژنان لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا ڕۆڵی کاریگەریان دەبێ، چونکە لەماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا زیاتر لە هەر توێژێکی دیکە بوونە قوربانیی هەڵاواردنی جینسیو سووکایەتییان پێ کراوە. ئەم سیاسەتە پوتانسیەلێکی بەهێزی لە نێو ژناندا پێک هێناوە کە دەتوانێ سەرچاوەی ئاڵوگۆڕە چاوەڕوانکراوەکان بێ، کە دەبێ یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بەنۆرەی خۆی کەڵکی باشی لێ وەربگرێ.

سەرکەوێ خەباتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ڕێگای «ئازادی بۆ ژنو بەختیاری بۆ کۆمەڵ»دا.

سڵاو لە خەباتی یەکسانی خوازانەی ژنان لە کوردستان، ئێرانو سەرانسەری جیهان.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩١ی هەتاوی**
**١٤ی مارسی ٢٠١٣ی زایینی**

**خالید عەزیزی: بە نیسبەت هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆک کۆماریی ئێران لە ئێستاوە من حوکمێک نادەم، دەفتەری سیاسیی ئێمە ڕاسپێردراوە کە موتالەعەی بکا و بەدوای دا بڕوا بزانێ ئایا چ شتێک باشە بۆ کورد؟ چ شتێک بە قازانجی کوردە لەو کێشەیەدا ئێمە کەڵکی لێوەربگرین؟**

**ئەوە کارو فەعالیەتو تێکۆشانو پەزیرشو مەترەحبوونی تۆیە کە شەرعیەتت پێدەدا. کە وایە نە ئێمە ئیعتراف لە هاوڕێیانی پێشوومان وەردەگرین نە ئەوان ئیعتراف لە ئێمە وەردەگرن.**
**خالید عەزیزی**

# پرسی یەکبوونەوەی دیموکراتەکان

# لە وتوویژ لە گەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا

## (بەشی دووهەم و کۆتایی وتوویژی تەلەڤیزیۆنیٔ «کوردکاناڵ» لە گەڵ بەڕێز خالید عەزیزی)

**ئاماژە:**
لە وتوویژێکدا کە «کوردکاناڵ» لەگەڵ سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکی هێناوە، بەڕێز خالید عەزیزی تیشکی خستە سەر کۆمەڵێک پرسی گرنگی ڕۆژ. لە بەشی یەکەمی ئەو وتوویژەدا کە لە ژمارەی پێشووی «کوردستان» بڵاو بۆوە، مەسەلەی کورد لە وڵاتانی ناوچە و نوێترین ئاڵوگۆڕەکان ئاوڕیان لێدایەوە. لە بەشی دووهەمی ئەم وتوویژەشدا، ناکۆکییەکانی نێودەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیو پرسی یەکبوونەوەی دێموکراتەکان، هەڵوێستیان لەسەر کراوە. سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ئەم وتوویژە ڕادەکێشین.
«کوردستان»

**«کوردکاناڵ»: کاک خالید! ئێستا ئێران لە ئاستی جیهانیدا تەواو تەریک کەوتۆتەوە. تەحریمە ئابوورییەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لەسەر خەڵک گوشار زیاتر دەکەنو فشاریان بۆ ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵانی خەڵک هێناوە. لە ئاستی ناوچەییدا کۆماری ئیسلامی هەروەک باست کرد لە سووریە خەریکە مەیدانداری دەکا بەڵام لەولاوە کە زیاتر هەدەفی پرسیارەکەی منە ئەوەیە کە حاکمیەت لەنێو خۆیدا تووشی گرفت بووە. دەزگاکانی دەسەڵات یەکتری ناخوێننەوە، یانی کێشمەکێشێکی سیاسی هەیە لە بەینی دەزگاکان( دەسەڵاتی بەڕیوەبەریو قانوون دانانداو بە موشەخەسی لە بەینی کابینەی دەوڵەتو بەیتی ڕەهبەریدا. خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەم کێشانەی نێو حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی چیە؟**

**خالید عەزیزی:** نەفسی وجوودی کێشە لە نێو دامەزراوەکانی دەسەڵات {بەڕیوەبەری، قانووندانان، وقەزایی}و لە سەرەوەی هەموان وەلیی فەقیەو ئەوجەمعەی کە لە دەوری وەلیی فەقیهن، ئەوە دەگەیەنێ کە گیروگرفتی جیدی لە کۆمەڵی ئێراندا هەیەو {ئەو سیستەمە} وەڵامدەر نیە، هەمووی ئەودامەزراوانە لەگەڵ ئەم کێشانە ڕووبەڕوو بوونەتەوە و بۆیان چارەسەر نابێ، لە نەتیجەدا ئێستا کەوتوونەتە گیانی یەکترو ڕەقابەتێکی زۆر هەیە لەگەڵ یەکتر. لایەنێکی دیکە کە کۆمەک بەوە دەکا ئەویش ئەوەیە شەرعییەتی کۆماری ئیسلامیو ئەو قودسیەتە کە بەدوای ئینقلابدا هەیبوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵک تەنانەت لە نێو لایەنگرانی خۆشیدا نەیماوە. ئەگەر ئێمە بەراورد بکەین لەگەڵ ڕابردوو،{بۆ وێنە} لە کاتی شەڕی ئێرانو عێراقدا، ئەوکات فشار لەسەر کۆماری ئیسلامی زۆر بوو، شەڕی ئێرانو عێراق ٨ ساڵی کێشا، فشاری ئابووری هەبوو، گرفتی ئابووریی زۆری هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەیکە ئەووەخت بە جۆرێک قودسیەتێکی هەبوو، لە نێو لایەنگرانی خۆی شەرعیەتێکی هەبوو،- تازە چەند ساڵ لە ئینقلاب گوزەرابوو- خەڵکانی نێو دەسەڵات تەنەووعاتی نێو دەسەڵات تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر ڕێبەرایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی یەکیان گرتبوو بۆوەی کە ئەو بوحرانانە جێبەجێ بکەن. ئەو وەختە ئەو وەحدەتە زۆر بوو، بە مرووری زەمان وای لێهات لە ئیدارەی وڵاتدا، بێ توانایی ئەوان لە چارەسەری کێشەکاندا ڕۆژ بەڕۆژ پتر پەرەی ئەستاند. لە ئاکامدا ئێستا کە لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی ،ناوچەییو ئەمنیەتی، نێودەوڵەتی، قانوونی ، شەرعیو ئیسلامیی موئەسساتی خۆیان ڕووبەڕوون، تازە وا بە ئاسانی بۆیان چارەسەر ناکرێ. بۆیە بە باوەڕی ئێمە کۆمەڵگای ئێران لە لایەک کۆمەڵگایەکی لە حاڵی گەشەدایە، ڕادەی خوێندەواری لە حاڵی پەرە ئەستاندندایە، خەڵکی ئێران تێدەکۆشن ژیانیان باشتر بێ. بۆیە چاوەڕوانیی زۆرتریان لە کۆمەڵگەی خۆیانو لە حکوومەتەکەی خۆیان هەیە کە وەڵامدەر بێ لەباری ژیانی ڕۆژانەی سیاسی، کۆمەڵایەتیی ئەوان. مادام حکوومەت وەڵامدەر نیە ئەم کێشانەی لێ دروست دەبێو لە هەمان کاتیشدا ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە وای کردووەو بەتایبەت کێشەی سووریەو دەوروبەر کە زۆرتر فشار لەسەر کۆماری ئیسلامی بێ، بۆیە بەباوەری من حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە هەموو دامەزراوەکانیەوە وا بە راحەتی وەڵامدەر نیە، ئەو کێشانەی بۆ جێبەجێ نابێو ڕۆژ بەڕۆژ پتر دەکەوێتە نێو بۆحرانو قەیرانێکی زۆرتر.

**«کوردکاناڵ»: کاک خالید! ئەم خوێندنەوەیەی ئێوە بۆ کێشەکانی نێو دەسەڵات، جۆرێک لە ڕچەشکێنییە لە تەفسیری ئەو کێشانەی لەنێوخۆی کۆماری ئیسلامیدا هەن. چونکی لە ڕابردوودا ئێمە زۆرجار دەمانبینیی ئەم کێشانە زیاتر لەو ڕوانگەوە تەحلیل دەکران کە ئەمە سناریۆیەکی نێوخۆیی ئۆرگانەکانی ڕێژیمە، شانۆسازییە و ئەم تەحلیلە باوە! ئێستا بە پێی ئەم تەحلیلەی جەنابت ئێمە لە چەند مانگی داهاتوودا بەرەو هەڵبژاردن دەڕۆین، هەڵبژاردنێک کە هێندێک لەس بەتایبەت ئەوانەی کە تەحلیلیان وەک جەنابت وایە، پێیان وایە ئێران تووشی کێشمەکێشێکی جیددیی دیکە دەکا. خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات یان هەڵوێستی حیزبی دێموکرات بۆ ئینتخاباتی داهاتوو چیە؟**

**خالید عەزیزی:** بە باوەڕی من شتێکی زۆر ئەساسی ئەوەیە کە حیزبێکی سیاسیی چۆن دەڕوانێتە کێشەکانو ئوسوولەن حیزبایەتیی بۆ چیەو حیزبێکیی سیاسی چەندە بۆخۆی فورسەت دروست دەکا کە بە توانای خۆی، بە ئیقتیداری خۆی، بە خەباتی خۆی، یان نەخێر کە ئەوەی بۆ عەمەلی نیە چەندە کە فورسەتێک بۆی دێتە گۆڕێ، کەلکی لێوەردەگرێ؟ کاری حیزبی سیاسی دەقیقەن هەر ئەوەیە بەدوای ئەوانەدا بڕوا... حیزبێکی سیاسی دەقیقەن تەعقیبی ئەوە دەکا کە کێشەیەک لەوێ دروست بووە ، چۆن دەکرێ کەڵکی لێ وەربگری، چۆن دەچیە نێو ئەو ڕەقابەتە خۆت دەکەی بە فاکتۆر، خۆت دەکەی بە مەوزووع؟ یان ئەگەر نەبووی بەوە، چۆن لە گۆشەیەک ئیستفادەی خۆتی لێ دەکەی؟

... لەو پێوەندییەدا بە نیسبەت هەڵبژاردنیش ئێمە ئاوای چاو لێدەکەین، خۆ لە ڕوانگەی ئێمە لێکدانەوەکە، ئەوە نیە ئەوە لەو ڕەقابەتەدا سەرۆک کۆمارێک هەڵدەبژێردرێ، ئەو سەرۆک کۆمارە بە پێچەوانەی قانوونی ئەساسیی ئێران (عەمەل دەکا). ئەو مەجالە ڕەنگە نەبێ، بەڵام ئایا ئەو ڕەقابەتە کە دێتە گۆڕێ فەزایەک دروست دەکا؟ دەکرێ قسەی خۆم بخەمە نێو زاری خەڵک ، دەکرێ دەستووری کاری خۆم بە جۆرێک ببەمە نێو بازییەکە؟ دەکرێ



لەو گۆشەیە کەڵک وەربگرم بەجۆرێک ئاوڕ دانەوەیەک بە قەزییەی ئێمە هەبێ؟ بۆیە هەڵبژاردن زۆر ئاسانە تۆ بڵێی بایکۆتی دەکەم، تەحریمی دەکەم. خۆ بۆ کورد هیچی تێدا نیە. ئەوە سێو نیزیک چوار ساڵە ئێمە هەر تەحریمیان دەکەین. بەڵام { ئەو هەڵویستە}وەڵامی نەداوەتەوە. بۆیە هەر کێشەیەک کە دێتە گۆڕێ تۆ دەبێ موتالەعەی بکەی بزانی لەکوێ دەکرێ کەڵکی لێوەربگری. دەقیقەن لەو ڕوانگەیەوەیە کە لە حیزبی دێموکراتدا لەسەر ئەو باوەڕەین کە بەپەلە هەڵبژاردن بایکۆت نەکەین... بۆیە بە نیسبەت هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆک کۆماریی ئێران لە ئێستاوە من حوکمێک نادەم، دەفتەری سیاسیی ئێمە ڕاسپێردراوە کە موتالەعەی بکا و بەدوای دا بڕوا بزانێ ئایا چ شتێک باشە بۆ کورد؟ چ شتێک بە قازانجی کوردە لەو کێشەیەدا ئێمە کەڵکی لێوەربگرین؟

**«کوردکاناڵ»: ئەگەر ئیجازە بفەرمووی ئێستا گفتوگۆکەمان کەمێک تایبەتیتر بکەینەوەو کەمێک پێوەندیی زیاتری بدەینەوە بە حیزبی دێموکرات {هەردوو لای دێموکرات} کە لە چەند مانگی ڕابردوودا کەوتوونەتە قۆناغی دیالۆگەوە. فازی دیالۆگ دەستی پێکردوە. سەرەتا پێمان خۆشە جەنابت ڕاپۆرتێک لە پێوەندی لەگەڵ دانیشتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ لایەنەکەی دیکەی دێموکراتدا بۆ بینەرانی باس بکەی؟**

**خالید عەزیزی:** لە دوو سێ مانگی ئەخیردا دەفتەری سیاسیو سکرتێرەکانی هەردوولای دێموکرات لەگەڵ یەکتر دانیشتنمان بووە. دەکرێ بڵێم کە فازی یەکەم یان مەرحەلەی یەکەم کە هەوڵی هەردوولامان بوو بۆ ئەوەی کە لەگەڵ یەکتر ڕووبەڕوو دابنیشین ، مەوزووعاتو کێشەکانی هەردوولا باس بکەین و قسە لەسەر ئەوە بکەین کە دەتوانین چ ڕێگاچارەیەک بێنینە گۆڕێ. مەرحەلەی یەکەم باش چۆتە پێشێ، بەڵام ئەگەر بێینە نێو لایەنی عەمەلی، ئێمە تا ئێستا نەچووینەتە نێو وتوویژ، بەو مەعنایە کە لەسەر پرۆژەیەک باس بکەین، لێکدانەوەی لەسەر بکەین، تاوتوێی بکەین، بزانین ڕەوەندی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات دەبێ چۆن بێ؟ ئەوەندەی پێوەندیی بە ئێمەوە هەیە وەک حیزبێ دێموکراتی کوردستان، ستراتیژیی ئێمە ئەوەیە کە هەردوو لای حیزبی دێموکرات یەک بگرنەوە لە چوارچێوەی حیزبێکی واحیددا. لەو چوارچێوەیەدا یان لە پێناوی ئەو چوارچێوەیەدا، ئێمە بەرنامەمان ئەوەیە کە لە دانیشتنەکانی داهاتوودا، بێینە سەر شتی عەمەلی. بەڵام ئەگەر بەراوەردی بکەم لەگەڵ چەند ساڵ پێش ئێستا :١- فەزای مناسباتی ئێمە باشتر بووە، ڕەوابتەکە کەمێک عادیتر بوونەتەوە. ئێمە زۆر جار بە مناسبەتی جۆراوجۆر لەگەڵ یەک مەشوەرەت دەکەینو ڕەنگە لەو مەشوەڕەتانە یان لەو دانیشتنانەدا لەسەر مەوردی موشەخەسیش بە تەوافوق نەگەین، یان لەسەر شتێکی هاوبەش ساخ نەبینەوە، بەڵام هەر ئەوە کە دەرگایەکی ئاوەڵامان هەیە بۆ دانیشتنو موزاکەرە، ئەوە زۆرە.

٢- لایەنی ڕەوانیی شوێنەواری ئەم لەتبوونە، ئەو لێکترازانە بە مرووری زەمان کەم دەبێتەوە. ئەو تووڕەییو حەساسییەتەی کە لە ساڵانی ئەووەڵی لەتبووندا هەبوو ئێستا بە خۆشییەوە تا ڕادەیەکی زۆر نەماوە. ٣- لە تەنیشت ئەوانەدا لە نێو ڕیزەکانی دێموکرات بە گشتی هەردوولا ئەندامانی حیزبی دێموکرات چ لە ژوورەوە چ لە نێو ڕێکخراوەکان یان ئۆرگانەکانی هەردوو بەشی دێموکرات، خۆشبینن بەوەی کە ئێمە دەستمان بە پرۆسەیەک کردوە لە پێناوی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە چوارچێوەی حیزبێکی واحیددا. دۆستانمان لە دەوروبەر لە هەمووڵایەک پێی خۆشحاڵنو لە پێوەندییەکان لەگەڵ ئێمەو لە دانیشتنەکانو تەعاروفاتدا، خۆشحاڵن کە ئەوە لە گۆڕێدایە.

ئەرکی ئێمە چیە؟ ئەگەر بمانەوێ هەمووی ئەو جەوەی، ئەو فەزاو بەستەرەی کە دروستمان کردوە، ڕاستییەکەی بە مرووری زەمان سەرکەوتوو بێ، دەبێ چەند بڕیار بدەین: بڕیاری یەکەم ئەوە بێ کە ناچینەوە پێش ڕۆژەکانی دانیشتن، یانی لەباری ڕەسانەییو مێدیاییو ڕەوانییەوە، کێشە لەگەڵ یەکتر ناکەین ، یەکتر ئینکار ناکەین، ئەدەبیاتێک بەکار ناهێنین کە دیسانەکانە موزاکەرات شکست بێنێو بچینەوە خانەی یەکەم. ئەگەر وایە ڕیزەکانی دێموکرات بە هەردوولاوە دەبێ ئەوە بە ئەرکی خۆیان دابنێن، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو نیە بەڵکە قسەکردن لەسەر ئەوەیە چۆن لە داهاتوودا ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین. دوایە بۆئەوەی کە ئەم پرۆسەیە لە ئیدامەی خۆیدا شکەست نەهێنێ، بەردەوام بچێتە پێشێ، ئەندامانی دێموکرات لە هەردووک بەشی زۆر بە عەلاقەو بە تەعەهودو مەسئولییەتەوە تەعقیبی ئەو وتوویژو دانیشتنانە بکەن، ئەرکیانە لە ئێمە بپرسنەوە لە هەردولامان کە ئەو دانێشتنانەی ئێوە بە کوی گەیشتوە؟ کاتێک لەگەڵ یەک دادەنیشین گەلاڵەیەک دێنینە گۆڕێ، {پێویستە} ڕیزەکانی خۆمان لێی بپرسنەوە کە بە کوێ گەیشتووین؟ لەبەر ئەوەی کە ئێمە زیاتر لە ٦ ساڵە لێک جودا بووینەتەوە نابێ چاوەڕوان بین بە دوو مانگو سێ مانگو چەند مانگ ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ. بەڵام ڕیزەکانی هەردووک لا دەبێ ئەم ئینتزاراتە دروست بکەن، فشار بۆ ڕەهبەریی هەردوولا بێنن، مولتەزیمیان بکەن موتەعەهیدیان بکەن کە بەرانبەر بە پرۆسەی یەکگرتنەوە مەسئوولانەو وەڵامدەرانە عەمەل بکەن. سەیر نیە پرۆسەی یەکگرتنەوە یان دانیشتنو موزاکەرە لەگەڵ یەکتر تووشی هەورازو نشێو بێ، ئەوە بە شتێکی سەیر دانانێم بەڵام گرنگ ئەوەیە نەهێڵین موزاکەرات بگاتە شکەست. گرنگ ئەوەیە ستراتیژی یەکگرتنەوە لە جێگای خۆیدا بێ، گرنگ ئەوەیە ئەندامانی هەردوو بەشی دێموکرات فەعال بن بۆ ئەوە هەموو لایەکمان بەو قەناعەتە بگەین لە بەرژەوەندیی کوردی ئێراندایە، لە بەرژەوەندی داهاتووی دێموکراتدایە لە بەرژەوەندی شەخسییەتی واحیدی سیاسیی دێموکراتدایە، لە بەرژەوەندیی تاک تاکی ئەندامانی دێموکرات بە هەردوولادایە کە ئێمە لەسەر بنەمایەکی شارستانیانەو مەنتقی ، کە کەرامەتی ئینسانی و شەخسییەتی هەموو لایەکی تێدا ڕەچاو دەکرێ، هەردوو بەشی حیزبی دێموکرات، یەک بگرێتەوە.

لێرەدا یەکشت گرینگە ئەویش ئەوەیە ئەو موزاکەراتو پرۆسەیەی کە ئێمە هەمانە براوەو دۆڕاوی تێدا نیە، دەبێ لەو خانەیە بێینە دەرێ. ئەگەر ئێمە کاتێک دەڵێین پرۆژەیەک دێنینە پێشێ یان لەسەر مەوزووعێک کێشەمان دەبێ، نابێ بچینەوە بە لایەکەی خۆمان بڵێین ئاها لەسەر ئەوە ئێمە ئەوشتەمان بەسەر واندا تەحمیل کرد، ئەوە باش نیە. ئەوانیش ئەگەر لە مەوردێکدا شتەکەی ئێمە بە دڵی ئەوان نیەو دوایە ئێمە تەنازولێکمان کرد نابێ بڵێن ئەوەمان بەسەرئەواندا تەحمیل کرد و ئەوە مونعەکسی ڕێزەکانی خۆیان بکەنەوە، بکەوینەوە خانەی ئیمتیازلێکستاندن یان ئەزییەتکردنی یەکتر، یان بڵێین لەو کێبەرکێیە، ئەوە قسەی منە دەبێ بچەسپێو نەک قسەی ئێوە. لە کێشەی هەردووک لای دێموکراتدا یەکلایەنە نە براوەی تێدا هەیە نە دۆڕاوی تێدا هەیە، بەڵام یەک بەرەندەی تێدا هەیە، یەک براوەی تێدا هەیە، {ئەویش} حیزبی

ل ٦

**خالید عەزیزی: ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ناوی حێزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، مێژووی هاوبەشی ئێمەیە. ئێمە بۆ لەسەر شتێک کێشە دەکەین کە هی خۆمانە؟ {ناوی} حیزبی دێموکرات، ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان هی منیشە، مەبەستم ئەوەیە هەموو ناوەکانی ئێمە هی وانیشە {هی ئەوانیش، هی ئێمەیە}**

**راستە کە ئێمە باوەرمان بە پلۆرالیزم هەیە، دەڵێین دێموکراسی باشە، تەنەوعی ئەحزاب باشە، بەڵام حیزبی زۆریش بە قازانجی کورد نییە، زۆر بە راشکاوی بڵێم کورد لەو هەمووە حیزبە زۆرە قازانجی نەکردوە.**
**خالید عەزیزی**

## درێژەی:

# لە وتوویژ لە گەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا

دێموکرات، ئەگەر بە یەکەوە بیخەینەوە سەر یەکو دروستی بکەینەوە. بۆیە دڵنیام هەموو لایەک لەوێدا هەست بەو ئەمنییەتە دەکەن.

**«کوردکاناڵ»: ببوورە من کەمێک پرسیارەکانم بابەتیانە دێنمە گۆڕێ، هیوادارم لێم نەڕەنجێی. لە قۆناغی ئێستای دانیشتنەکاندا دروستە هێندێ دەستەواژەی ناشیرینی رابردوو بەکار نابرێ، بەڵام وەک جەنابت وتت موشەخەسەی یەک دیالۆگ یان پێکەوەدانیشتن، ئینکارنەکردنی یەکتر، یان داننانە بە یەکتری. بەڵام تا ئێستاش لە لایەکەی دیکەی دێموکرات ئێعتراف بە حیزبی دێموکراتی کوردستان نەکراوە، مەبەستم ئەوەیە لێرەدا بپرسم ئاستەنگەکان چین تا ئێستا ؟**

**خالید عەزیزی:** یەکەم، من پێشووش زۆر جار ئاماژەم بەوە داوە، ئەوە کارو فەعالیەتو تێکۆشانو پەزیرشو مەترەحبوونی تۆیە کە شەرعیەتت پێدەدا. کە وایە نە ئێمە ئیعتراف لە هاورێیانی پێشوومان وەردەگرین نە ئەوان ئێعتراف لە ئێمە وەردەگرن، بەڵام چالاکیو فەعالیەتو مەترەحبوونو کارو تێکۆشان ئەو قانوونییەتو شەرعیەتە دروست دەکا. ئەوە بۆ هەموو حیزبێک لە دنیادا وایە. ئەوەی لێرەدا مەترەحەو بۆتە کێشەیەکی ڕەوانی لە بەینی ئێمەدا، لە راستیدا زۆرتر ئێمە لە خانەی کێ دێموکراتی ئەسلەو کێ دێموکراتی فەرعەو من دێموکراتی ئەسڵمو ئەو دەبێ بێتەوە لای منو ناوەکەی من ئەسڵەو یان ئەمن دەبێ بچمەوە لای ئەوو ناوەکەی وی ئەسڵە، ئەو کێشە ڕەوانییانە لە گۆڕێدا هەن. بەداخەوە تا ئێستاش ئەوە ماوە. ئێمە وا بەدروست دەزانین کە خۆ لەوانە بپارێزین. ئەوە هیچ موشکیلێکی ئێمە چارەسەر ناکا. شەڕی پێناسە ناکەین لەگەڵ یەکتر، چاک یان خراپ دوو حیزبی دێموکرات، حیزبی دێموکراتی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەوانیش لە هەوو موعادلاتو لە هەموو ئەوشوێنانەی کە مەربووت بە خۆیانە هەنو مەترەحنو ئێمەش هەینو مەترەحین. کەس نەهاتوە بە ئێمە بڵێ وەڵڵا ئێمە لەگەڵ ئەوان نابین لەبەر ئێوە، یان بەوانیشی نەوتوە لەگەڵ ئێوە دەبین لەگەڵ ئەوان نابین. یانی ئەوانە لەگۆڕێدا نین، جا ئەگەر وایە ئەو جۆرە گوفتومانە زۆرتر بۆ قەناعەتپێهێنانی شتە ڕەوانیو رۆحییەکانی ریزەکانی خۆمانە، ئەگەر مەترەحیان بکەین.

دەبێ لەو خانەیە بڕۆینە دەرێو ئاسانیش دەتوانین بچینە دەرێ، ناوی حێزبی دێموکرات، ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ناوی حێزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، مێژووی هاوبەشی ئێمەیە. ئێمە بۆ لەسەر شتێک کێشە دەکەین کە هی خۆمانە؟ {ناوی} حیزبی دێموکرات، ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان هی منیشە، مەبەستم ئەوەیە هەموو ناوەکانی ئێمە هی وانیشە{هی ئەوانیش، هی ئێمەیە}. ئەگەر وایە بە هەردووکمان دەتوانین هەموو ئەم ناوانەمان هەبێ.

بەڵام کە لێکدابڕانێکمان هاتە گۆڕێ، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران {بوو بە ناوی}ئەولا، حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو {بە ناوی} ئەم لایە. بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییە هەبێ، کۆمەڵگەو خەڵکو دەوروبەر بزانن کێ کێیە وکێ کێ نیە. جا بە باوەڕی من ئێمە با لەوانەدا گیر نەکەین، ئەگەر قەرارە کە رۆژێک لە رۆژان ئێمە ئەساسەن لە سەر زەمینەسازی بە دانانی کۆڕو کۆبوونەوەو سمینارو تەوجیەو تەفسیری زەرووڕەتی یەکگرتنەوە لە نێو ریزەکانی خۆمان قسە بکەین، ئەهەمیەتی حیزبی دێموکراتێکی واحید بەرجەستە بکەینەوە. ئەگەر بەو قەناعەتە گەیشتین، شەڕ لەسەر ناو نیە، ئەسڵەن ئێمە لەسەر ناویش لەت نەبووینو ئێستا مەوزووعیەتیشی نیە ئەوانە بێنینە گۆڕێ.

بۆیە لە روانگەی ئێمەوە هەرسێکی ئەم ناوانە لە داهاتووی حیزبی دێموکراتیشدا دەکرێ ئیستفادەیان لێ بکرێ، گرنگ ئەوەیە چمکانیزمێک دەبینینەوە ئەو حیزبە دەخەینەوە سەر یەک باشترین رێگا حەل بۆوەی کە هەمووی ئەم ناوانە پاریزرابنو وەڵامدەری نیازە رۆحیو ڕەوانییەکانو هۆوییەتی ئەندامانی هەردوولا بێ، «دێموکراتەکان»، «هەردوولای دێموکرات» یان دێموکراتەکان بە گشتیی بە سەر یەکەوەیە. ئەوە کە ئێمە «هاوڕێیانی پێشوو»ینو ئەوان «هاوڕێیانی پێشوون» ، ئەو ئیستلاحاتانە بەرهەمی کێشەی ڕەوانییە لە دژی یەکتر. نە ئێمە هاوڕێی پێشووی ئەوانین نە ئەوان هاوڕێی پێشووی ئێمەن. ئێمە هەمووومان بەیەکەوە دەیان ساڵە هاوڕێی یەکتر بووین ، ئێستاش هاوڕێی یەکترین. بەڵام شەش ساڵ پێش ئێستا لە شڵکی تەشکیلاتیی پێناسەی حیزبیدا شەڕایەتێک هاتە گۆڕێ کە بەوجۆرە خۆمان لە نێو یەکترو رووبە دونیای دەرەوە پێناسە بکەینو ئەوە ئیشکالێکیشی دروست نەکردوە، دەمەوێ بڵێم با ئێمە لەوانەدا گیر نەکەین.

**«کوردکاناڵ»: کاک خالید! ئەم پرسیارەی کە من ئێستا دەیکەم خوێندنەوەی بەشێکی زۆر لە ئەندامانی هەردوولای دێموکراتە. ئەویش ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو بوارەکانی راگەیاندن، هێزی ئینسانی، تەشکیلاتی، ماڵی، .پێوەندیی‌یە سیاسییەکان، پێوەندیی دیپلۆماتیکی کوردستانی، نێونەتەوەیی، لە هەر بوارێکەوە کە چاو لێدەکەی هیچ کەمایەسییەکی نیە لە لایەکەی دیکەی دێموکرات، بەڵام لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەت شەخسی جەنابت وەک سکرتێری گشتیی حێزبی دێموکرات زۆر بە یەکگرتنەوەو مەسەلەی یەکگرتنەوەوە ماندوون. بەڕاستی هەدەف چیە؟ ئایا ناکرێ لە داهاتوودا هەروەک گریمانەیەک، ئەگەرێک، دوو حیزبی دێموکرات درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا ؟**

**خالید عەزیزی:** ئەوەی کە فەعالیەتو چالاکیو حزووری ئێمە، یان بڵێم مەوقیعییەتی ئێمە ئەگەر لەوان زیاتر نەبێ کەمتر نیە- نامەوێ بچمە نێو ئەو بەحسانەوە- حەقیقەتێکەو شەر لەسەر ئەوەش نیەو ئوسوولەن بەدوای ئەو کێشەیەشدا نارۆینو هیچ لامان ئیحتیاجمان بە یەکتر نیە، هەردولا دەتوانێ وەک دوو حێزبێ لێک جیا ئیدامە بە ژیانی سیاسیی خۆمان بدەین، هەردوولامان بەجۆرێک بۆحرانەکانی ساڵانی یەکەمی دوای لەتبوونمان تێپەڕاندوە. بەڵام ئەوەی کە ئێمە پێیەوە ماندووین لە ڕاستیدا دەکەوێتە بۆعدێکی دیکە، ئێمە مەجبوور بووین کە بووین بە دوو حیزبی دێموکرات نەک لەسەر پێداویستییەکی سیاسی، لێکدانەوەیەکی سیاسی، {یان} بەرژەوەندییەکی ستراتیژیکیی کورد لە کوردستانی ئێران. مەجبوور بەوە بووین، لە نێو خۆماندا موشارەکەتو حاوانەوەو کارکردن لەگەڵ یەکتر بەداخەوە وای لێهات. مادام مەجبوور بەوە بووین، هەردوولامان دەبێ قەناعەت بێنین کە ئەو مەجبوورییە ئێمەی لەت کردوەو هەردووکلامان لەوەیدا هەڵەو ئیشتباهاتی خۆمان هەبووە. دەبێ لەوەدا شەهامەتمان هەبێ، ئەگەر لایەک قەرار بێ خۆی زۆر بە موستەحەق دابنێ، خۆی بە حەقدارو لایەکەی دیکە بە خەتابار دابنێ، ئەوە نە تەوافوق دەکرێو نە سازش دەکرێ. بۆیە ئەو لەتبوونە، ئەو لێکترازانە ڕەنگە هەڵەی هەردووکلای تێدا بووبێ ، ئێستا کە بە خۆشییەوە بەوە گەیشتووین کە ستراتیژیی هەردووکلامان هەم هی ئەوان هەم هی ئێمە یەکگرتنەوەیە، ئەگەروایە ئەسڵێکی ئەساسیمان هێناوەتە گۆڕێ، هیچ لامان لێی پاشگەز نابینەوە. من لە وەڵامی جەنابتدا وتم ئێمە لەگەڵ هێزەکانی سووریە قسە دەکەین دەڵێین وەحدەتتان هەبێ، لەگەڵ کوردەکانی تورکیە قسە دەکەین دەڵێن وەحدەتتان هەبێ، حەتتا لە هەرێمی کوردستان حکوومەتێکی کوردیمان هەیە ئەگە وەحدەتی حیزبە ئەسڵییەکان نەبێ لە سەحنەی سیاسیدا، ڕەنگە ئەو تەجروبەیە مەترسیی گەورەی لەسەربێ بۆ کورد ... ، {هەر بۆیە} گرنگیی زۆری هەیە کە حیزبی دێموکراتیش یەکگرتوو بێ. شتێکی دیکە، راستە کە ئێمە باوەڕمان بە پلووڕالیزم هەیە، دەڵێین دێموکراسی باشە، تەنەووعی ئەحزاب باشە، بەڵام حیزبی زۆریش بە قازانجی کورد نیە، زۆر بەر راشکاوی بڵێم کورد لەوهەمووە حیزبە زۆرە قازانجی نەکردوە. ... لەو روانگەیەوە دەکرێ بڵێم لەتبوونی حیزبێ دێموکرات کۆمەگی بەوە کرد کە ئەحزابی دیکەش زۆر لەتبنو وای لێبێ هەرکەسەو لە بەینی یەکدا نەحاوێتەوە، لەتبوونێکو ئینشعابێک بکا. ئەگەر حیزبی دێموکرات ببێتەوە بە یەک، ئەوەڵ قازانجی ئەوەیە کە ریزەکانی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات یەک دەگرنەوە، تەحەوولێکی گەورە بۆ جووڵانەوەی کورد لە کوردستان دروست دەبێ، رابردوو و مێژووی حیزبی دێموکرات، سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات، خۆشەویستیی حیزبی دیموکرات، سەرمایەیەکە بۆ کورد لە کوردستانی ئێران. لەو روانگەیەوە بۆ ئێمە گرینگە کە ئەو دوو حیزبە یەک بگرێتەوە. ئەوەی کە ئێمە پێوەی ماندووین دەقیقەن ئەوەیەو ئەو نیگەرانییەیە لە داهاتووی قەزییەکە لە کوردستانی ئێران. لە عێراق دەبینین لە گەڵ ئەوەی کورد دەسەڵاتی خۆی هەیە، کۆمەڵێک کێشەشیان هەیە لەگەڵ بەغدا، {کوردەکان لە} سووریە کێشەیان هەیە لەگەڵ دەمشق ، باشە لە داهاتووی ئێراندا کە ئاڵۆزتریشە لە هەمووی ئەو ولاتانە، لە ڕاستیدا بەو هەموو حیزبانە ئەو کێشەیە (چۆن) چارەسەر دەبێ؟ ئەمە بۆ خۆمان لە حیزبەکەی خۆمان بەو قەناعەتە گەیشتووین کە رێگای کەمکردنەوەی زەرەرەکانی ئەم کێشانە ئەوەیە کە دێموکراتەکان بکەونەوە سەر یەک. ئێمە ئەگەر وەک دوو حیزبی دێموکرات ئیدامە بە حەیاتی خۆمان بدەین کارێکی باشمان نەکردوە، کێشەکە هەرلە جێگای خۆی دەمێنێتەوە: حیزبی دێموکراتی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. جا باشە ئەگەر قەرار بێ کە ئێمە یەکتر تەحەممول بکەین، وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەگەر ئەو ئیعترافە رەوانییەمان پێکتر کردبێ، یانی زۆر شتمان بۆ حەلە، دەی ئەگەروایە بۆ ناتوانین بچینە سەر شتە ئەسڵییەکە کە دیتنەوەی میکانیزمێکە بۆ یەکگرتنەوە؟ {با} لەسەرئەوە سەرمایە گوزاری بکەین. بەو دەلیلەیە ئێمە بۆمان گرینگە کە دێموکراتەکان بکەونەوە سەر یەک. لە دانیشتن لەگەڵ ئێرانییەکاندا موتەوەججیهـ بووین کە بەڕاستی {هەبوونی} دوو دێموکرات چەندە مەوقیعییەتی ئێمە خراپ دەکا. {هەر وەها} لە دانیشتن لەگەڵ لایەنەکانی ئورووپایی، ئەمریکاییو دانیشتن لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ناوچەییو ئیقلیمی، هەمووی ئەوانە ئەو سیگناڵەی بە ئێمە داوە. بەودەلیلەیە کە بەلای ئێمەوە گرینگەو کاریشمان بۆ کردوە، مۆتەحیدانە کاریشی بۆ دەکەین، لە نێو ریزەکانی خۆشمان کاری بۆ دەکەین.

هیوادارم ئەندامانی بەشەکەی دیکەی دێموکرات، رێزەکانی بەشەکەی دێموکرات ئەو پڕۆسەیەی کە دەسمان پێ کردوە، هەردووک لامان بەیەکەوە بە دوایدا برۆن، بە جیددیی بگرن، کاری لەسەر بکەن بۆ ئەوەی لە پڕۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتدا بە یەکەوەو بە بەشداریی هەموولایەک، سەرکەوتوو بین.

**«کوردکاناڵ»:کاک خالید! لە کۆتاییدا لەسەر گرینگیی یەکگرتنەوەی هەردوولای دێموکرات پەیامت بۆ ئەو کەسانەی کە ئەو پرسە دەیانگرێتەوە چیە؟**

**خالید عەزیزی:** ئەم پرسە بە دەرەجەی یەکەم ئەندامانی دێموکرات دەگرێتەوە. پەیامم ئەوەیە لە هەردوولای دێموکرات، ئەگەر مەسئوولێکی حیزبی، چلە ئێمەو چلەوان بە جۆرێک تێدەکۆشێ کەشو هەوایەکە تێک بدا، جەووێکی ڕەوانی دروست بکا، بچێتەوە نێو ئەدەبیاتو گوفتمانێک کە زەرەر دەگەیەنێ بەو پڕۆسەیە، زۆر بە ڕاشکاوی لێی قەبووڵ مەکەنو پێی بڵێن بڕیاری ئێمە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانە، ئەوە لەگەڵ بڕیارو بەرژەوەندی داهاتووی دێموکراتو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران نایەتەوە. ئێمە بەداخەوە لە سەرەتای لەتبووندا ئەو کێشانەمان هەبوو، بۆیە گرینگە ریزەکانی هەردوولا، گوفتمانی رەهبەرانو مەسئوولانو ئەو دەستوورانەی کە پێیان دەدەن لە پێوەند لەگەڵ کاروبارو چالاکیو فەعالییەتو عەکسولعەمەلەکاندا، زۆر بەجیددی بگرن. ئەوە بەو مەبەستەیە کە ئەندامانی دێموکرات لە هەردوو بەشیدا، بەشدار بن لەو پڕۆسەیەدا، بێتەفاوت نەبن. ئەو پرۆسەیە ئەوان دەستیان پێکردوە، بۆخۆیان هێناویانەتە گۆڕێ ریزەکانی هەردولا کاریان لەسەرکردوە، بۆیە کە ئەوان کاریان لەسەرکردوەو هێناویانەتە گۆڕێ، {ئەرکی} دەفتەری سیاسییەکانە بەدوایدا، بڕوا، بە

**بۆئەوەی کە ئەم پرۆسەیە لە ئیدامەی خۆیدا شکەست نەهێنێ، بەردەوام بچێتە پێشێ، ئەندامانی دێموکرات لە هەردووک بەشی زۆر بە عەلاقەو بە تەعەهودو مەسئولییەتەوە تەعقیبی ئەو وتوویژو دانیشتنانە بکەن، ئەرکیانە لە ئێمە بپرسنەوە لە هەردولامان کە ئەو دانیشتنانەی ئێوە بە کوی گەیشتوە؟**

دواداچوونو لێپرسینەوە ی {ئەوان}، دەفتەری سیاسیی هەردوکلا مولزەم دەکا کە تەعەهوداتی خۆی بەجێ بگەیەنێ. {پەیامم}بۆ خەڵکی دەرەوەی دێموکرات ئەوەیە کە ئەوانیش هەروەک دۆستانە تا ئێستا لەگەڵ هەردووکلا باسیان کردوە بەدوایدا برۆنەوە، بڵێن ئەرێ چتان کردوە، بە کوێ گەیشتن؟ لەکوێ ئێمە دەتوانین قسەیەکی لێبکەین؟ (پەیامم)بۆ خەڵک لە نێوخۆی وڵات لە کوردستانی ئێران، ئەندامانی هەردووکلای دێموکرات، عەلاقاتو پێوەندییان دەگەڵ یەک، خۆش بکەنو بەرەو ئەوە برۆن کە بەرەو حیزبێکی یەکگرتوو دەچن، مەرزبەندی بکەن لەگەڵ ئەو کێشانەی کە پێشوو هاتوتە گۆڕێ، بەتایبەت ئەوان لە نێوخۆی وڵات دەبێ ئەوەیان زۆر پێ خۆش بێ، بە دڵێکی ئاوەڵاوە کاری بۆ بکەن، بە هاتوچۆی یەکترو بە کۆبوونەوە لەگەڵ یەکترو بەسەردانی یەکترو بە قسەکردن لە زەرووڕەتی حیزبێکی دێموکراتی واحیدو یەکگرتوو کە دەبێ هەموولایەکمان دروستی بکەینەوە، پتر ئەو زەمینەسازییە بکەنو پتر تەشویقی ئەمە بکەن کە تازە بە هیچ جۆر نەهێڵین ئەو پڕۆسەیەی کە دەستمان پێکردوە لە بار بچێ، بەڵکە خۆمان مولزەمو موتەعەهید بین کاری بۆ بکەین، فیداکاریی بۆ بکەین، تەنازولی بۆ بکەین، بە سینگفراوانییەوە بەرەورووی بچین، تەحەمولمان زۆر بێ، حەوسەلەمەن زۆر بێ، بۆ ئەوەی کە سەرکەوتوو بین.

**«کوردکانال»: زۆر سپاس کاک خالید !**

**خالید عەزیزی: زۆر سپاس بۆ جەنابیشت**



**کوێستان فتوحی: ژیانی تاکو بە گشتی کۆمەڵو ژینگە، پێکەوە پێوەندییەکی لێکگرێدراویان پێکەوە هەیە. هەریەک لە ئێمە چەندە لە ئاست سڵامەتیو لەشساغیی خۆمان بەرپرسین، بەو ڕێژەیەش لە ئاست ژینگەدا بەرپرسیارین. یەکێک لە تایبەتمەندییە ئەخلاقییە ئەرێنییەکانی مرۆڤ، پارێزگاری لە ژینگەکەیەتی.**

**بە داخەوە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کاتێک نەورۆز وەک جەژنێکی نەتەوەیی بەڕەسمی ناسرا، دەگەڵ ئەوەی کورد یەکێک لە کۆنترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینەو کوردستان لانکەی ژیانی دێرینی مرۆڤە، ناوێک لە کوردو کوردستان نەبراو ئەو جەژنە هەر بە ناوی گەلانی دیکەوە تۆمار کرا.**
**تەها ڕەحیمی**

# ڕێزگرتن لە ژینگە، ڕێزگرتن لە نیشتمانە



**کوێستان فتووحی**

پاراستنی ژینگە وەک یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی گەشەسەندن و پێشکەوتنی جیهانی، پێویستیی بە ئاگایی هەموو تاکەکانی کۆمەڵ لە بارەی ژینگەو بەشداریی چالاکانەیان لەو ئەرکەدا هەیە. ئەرکی ئینسانیی هەر تاکێکی کۆمەڵە کە بە مەبەستی کەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگە، پارێزگاری لە ژینگەکەی خۆی بکا.

### ژینگە:

ژینگە کۆمەڵێک هۆکاری زیندوو و نازیندوویە کە لە گەل یەکتر لە پیوەندی دوو لایەنە دان. هۆکارە زیندووەکان بریتین لە ڕووەکەکان، گیانلەبەران‌و مرۆڤ. هۆکارە نازیندووەکانیش، ئاوو هەواو خاکو زەوی دەگرنەوە.» (١)

یەکێک لە کێشەو نیگەرانییەکانی جیهانی ئەمڕۆ پیسبوونی ژینگەیە. دنیا لەگەڵ کێشەی پیسبوونی ئاووهەوا بەرەوڕوویە کە ژیانی دانیشتووانی ئەم تۆپی زەوییەی خستۆتە مەترسییەوە. ئەمڕۆ هەلومەرجی ژینگە بەجۆرێکە کە تەنانەت هیچ شارێکو هیچ وڵاتێک لە ئەمنییەتدا نیە.

ژیانی تاکو بە گشتی کۆمەڵو ژینگە، پێکەوە پێوەندییەکی لێکگرێدراویان پێکەوە هەیە. هەریەک لە ئێمە چەندە لە ئاست سڵامەتیو لەشساغیی خۆمان بەرپرسین، بەو ڕێژەیەش لە ئاست ژینگەدا بەرپرسیارین. یەکێک لە تایبەتمەندییە ئەخلاقییە ئەرێنییەکانی مرۆڤ، پارێزگاری لە ژینگەکەیەتی. لێرەدا ناچمە نێو بابەتێکی زانستی کە لەم ڕۆژانەدا لە لایەن پسپۆران‌و کارناسانی ژینگەوە زۆری باس دەکرێ، وەک مەترسیی گازە گوڵخانەییەکان، ئاڵوگۆری ئاووهەوا ، گەرمبوونی زەوی ، هەستانی دەریاکان‌و ... بەڵکوو باس لە بەرپرسایەتی بەرانبەر سادەترین‌و گرنگترین مەسەلەی ژیان‌و ژینگەی مرۆڤەکان دەکەم ئەویش ئەخلاقی ژینگەپارێزییە.

ژینگەی پاکو خاوێن، پێویستییەکی گرنگو سەرەکیی ژیانی مرۆڤەو نەبوونیشی ژیانی مرۆڤەکان لە گەڵ چەندین‌جۆر کێشەو گیروگرفت بەرەوڕوو دەکاتەوە. ژیانی هەر مرۆڤێک پەیوەستە بە ژینگەیەک کە لەودا دەژی، جیا لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی، هەلومەرجی ژینگەییو سروشتییش کاریگەریی لەسەر ژیانی مرۆڤەکان هەیە.

بە هۆی پیشەسازیی زۆر لە وڵاتان، بەداخەوە ژینگە خەریکە تووشی کارەسات دەبێ. گیروگرفتو قووڵایی کارەساتەکەش ئەو کاتە بە باشی دەتوانین هەست پێبکەین کە بزانین ئەوە هەر نەسلەکانی ئێستا نین لە سۆنگەی پیس‌بوون‌و زیان‌وێکەوتنی ژینگەوە، زیانیان پێدەگا، بەڵکوو نەسلەکانی داهاتووش زیانی قەرەبوونەکراویان پێدەگا. بۆیە گیروگرفتی پیس‌بوونی ئاووهەوا، و بە فیڕۆدانی سەرچاوە سروشتییەکان و توخمەکانی دیکەی پیکهێنەری ژینگە پێویستییان بە ستراتیژیو بەرنامەڕێژییەکی ئامانجدارو درێژخایەن هەیە. فێرکردنی تاک یەکێک لە ڕێکارو بژێرە (گزینە) سەرەکییەکان بۆ پاراستنی ژینگەیە. ئاستی شارستانییەتیو پێشکەوتوویی هەر وڵاتێک، شارێک، بنەماڵەیەک. تاکێکیش، بە کۆمەڵێک تایبەتمەندییەوە بەستراوەتەوە، کە گومانی تیدا نییە پاراستن‌و ڕێزگرتنی ژینگەو سروشت یەکێکیانە. ئەوانەی ڕێزی سروشت‌و جوانییەکانی ناگرن، داری دارستانەکان بۆ قازانجی خۆیان دەبڕن، گیان‌لەبەرانی کێوی ڕاو دەکەن، لە کاتی سەیران‌و سەفەردا زبڵو پاشماوەکانیان فڕێ دەدەن، یان ئاوەکان پیس دەکەن‌و.... نە لە خۆشەویستیی نیشتمان گەیشتوون، نە دەتوانن چێژ لە خۆشیو جوانییەکانی سروشت وەرگرن.

### ژنان‌و کولتووری ژینگەپارێزی لە گۆمەڵگەدا

مرۆڤ یان دڵسۆزو لایەنگرو پارێزەری ژینگەیە، یان دوژمنی ژینگە. ئەگەر ڕێز لە ژینگە نەگرێ دەچێتە خانەی دژایەتیی ژینگە. ژنان بە هۆی ڕۆڵیان لە بنەماڵەو کۆمەڵدا، باشتر لە پیاوان دەتوانن پارێزگاری لە ژینگە بکەن. پەروەردی منداڵ لە بنەماڵەدا بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی دایکە. کە واتە دایکان‌و بەگشتی ژنان لە ڕێگای پەروەردەی ئەندامانی بنەماڵەوە، دەتوانن کولتووری ژینگەپاریزی پەرە پێبدەن. هەر وەها لە بنەماڵەدا، دایکو ژنانی دیکەی بنەماڵە، بەهۆی ئەوەی سەروکاریان لە گەل کۆمەڵیک چالاکی هەیە ( کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە سروشتییەکان، مادده خۆراکییەکان‌و بەرپرسایەتییان لەو بوارەدا،) دەتوانن زیاتر لە پیاوان نەخشیان لە پاراستن‌و خاوێن‌ڕاگرتنی ژینگەدا هەبێ. بەمەرجێک ئاگایی پێویستیان لەو بوارەدا هەبێ. هێندێک لە خاوەن‌ڕایان لە سەر ئەو بڕوایەن کە ژنان سەرەڕای ئەو ڕۆڵەی هەیانە، خاوەنی هێزێکن کە تا ئێستا ناڕوون‌و نەناسراوە، لەم ڕووەوەیە کە پێویستە بەرنامەڕێژانی هەر وڵاتێک بواری گونجاو بۆ پشکوواتنی هێزێکی لەم چەشنە بخوڵقێنن.

بەهەر حاڵ ئەوە ڕوونە کە لە دنیادا بە درێژایی مێژوو ڕۆڵی ژنان، نیازو هێزی ژنان بەو جۆرەی هەیە چاوی لێنەکراوە یان نەناسراوە. هەر بۆیە دەبینین کە نیوەی دانیشتووانی جیهان کە زیاتر لە نیوەکەی دیکە لە سروشت نزیکن‌و پێوەندییان بە سروشتەوە هەیە، بە هۆی کێشەکانی وەک هەژاری، ناوشیاریو نەبوونی فێرکردن‌و بارهێنانی دروست لەو بوارەدا، بەوجۆرەی پێویستە نەیانتوانیوە ڕۆڵی خۆیان لەو بوارەدا بگێڕن.

ژن ئەگەر نیشتمان‌و وڵاتی خۆی خۆش‌بوێ، ئەگەر بیر لە ژیانی نەوەکانی داهاتوو بکاتەوە، ئەگەر لە کێشەو گیروگرفتە ژینگەییەکان‌و شێوەی بەربەرەکانی لەگەڵیان ئاگا بێو بە گشتی وشیاریی لەسەر ژینگە هەبێ، دەتوانێ ڕێگەی زۆر لەو ڕەفتارە پڕلەمەترسییانە کە لە سەر ژینگە هەن بگرێ. بە هۆی ئەوەی ژن وەک دایک ڕۆڵی گرنگی لە بەرپرسایەتیی منداڵو نێو ماڵدا هەیە، دەتوانێ لە پاراستنی ژینگەی نێو ماڵو دەوروبەری ماڵدا نەخشی گرنگ بگێڕێو بە ئاسانی دەتوانێ کاریگەریی لەسەر منداڵ، ئەندامانی بنەماڵە و دەوروبەرەکانی ببێو فەرهەنگی ژینگەپارێزی لەنێویاندا بەهێز بکا. هەروەها ژن هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گواستنەوەی کەلتووری ژینگەپارێزی بۆ نەوەکانی داهاتوو. چونکە منداڵ لە پێش هەر جێگەو ناوەندێکی فێرکاری لە لای دایکی فێری وانەکانی ژیان دەبێ. بۆیە دایکێک ئەگەر ئاگاییو تێگەیشتنی لەسەر ژینگە هەبێ، جگە لەوەی لە ماڵەکەی خۆیدا ئەم کەلتوورە پیادە دەکا، زۆر بە ئاسانیش کەلتووری ژینگە پارێزی دەباتە نێو کۆمەڵگەکەوە.

ڕێوشوێن‌و ڕێساکانی پاراستنی ژینگەو ئۆگریو خۆشەویستیی سروشت، ئەگەر لە منداڵییەوە لە بیروزەینی مرۆڤدا نەچەسپێو نەبێتە کولتوور، لە گەورەییشدا ئەو مرۆڤە، بەرانبەر بە پاراستنی ژینگەو سروشت ئەرکدار نابێ. بۆیە ئەرکی هەر دایکێکە منداڵەکەی وا پەروەردە بکاو ڕای بێنێ کە سروشت بە هەموو لایەنەکانیەوە لەلای خۆشەویست بێ و ڕێزی لێ بگرێ.

بەو هیوایەی هەموومان بتوانین لە پارێزگاریی ژینگەدا ڕۆڵمان هەبێو داهاتوویەکی پڕلە پاکیو جوانی بۆ نەوەکان دابین بکەین.

# نەورۆز توخمی هاوبەشی شوناسی نەتەوەی کورد



**تەها ڕەحیمی**

کاتێک باس لە نەتەوە دەکرێ، ئەم چەمکە دەبێ هەڵگری هێندێک توخمو خەسڵەتی تایبەت بێ کە وەک بنەماو بناخەو هەروەها مەرجی هەڵگرتنی ئەم چەمکە بۆ کۆمەڵە خەڵکێک بە کار بهێنرێ، کە دیارە ئەم چەمکەش لە جەوهەری خۆیدا بەرزترین ڕادەی مافو حوقووق بۆ هەڵگرانی چەمکەکە دێنێ. یەکێک لە گرنگترین بایەخەکانی ئەم چەمکە شوناس، ئایدێنتیتی یان کەسایەتیی نەتەوایەتییە کە بریتییە لە شوناس‌و دەگەڵ ئاڵوگۆڕی سیاسیو کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەردا دێ. مرۆڤی سەردەم‌و دەکرێ بڵێین مرۆڤەکانی پێشووش بە جۆرێک هەمیشە ویستوویانە سنوورێک بە دەوری خۆییو بێگانەکاندا بکێشن‌و بە کۆمەڵێک ڕێوشوێن‌و بایەخو نەریت، نامۆیی خۆیان لە گرووپێکی دیکە نیشان داوەو بە پێی قۆناخەکانی مێژووی زانراو، مرۆڤ بۆ خۆ هەڵاواردن لە گرووپێکی دیکە نیشانەو پێناسی خۆی هەبووەو هەمیشەش هەوڵی داوە ئەم پێناس‌و نیشانانە بپارێزێو بە جۆرێکی شیاوو بان‌ئاستی نیشانیان بدا.

مرۆڤ سەرەڕای هەڵگرتنی شوناسێکی تاکەکەسی، خاوەنی کۆمەڵە شوناسێکە کە دەیباتەوە سەر گرووپو کۆمەڵێکی دیاریکراو، کە لە ڕابردووی مرۆڤایەتیدا خۆی لە سترەکتۆری هۆزو خێڵو ئیمپراتۆرییدا دیوەتەوەو ئیستاش بە گوێرەی سەردەم گرێدراوی نەتەوەیە. بە هەر حاڵ شوناس لە ڕاستیدا، وەڵامدانەوەیەکی وشیارانەو ئاگایانە بە پرسیار، لە سەر کەسایەتیو بوون‌و نەبوونی مرۆڤ، لە سەر ڕابردوو، پێکهاتەی نەتەوەیی، ئایینیو ڕەگەزیو هەروەها وەڵامدانەوەیە بۆ دیاریکردنی فەرهەنگو شارستانیەتیو ئەو ڕۆڵە کە پێکهاتەکەی لە پرۆسەی گەشەی مرۆییدا گێڕاویەتیو تەنانەت ئەمڕۆش بوون‌و نەبوونی گرووپەکەی لە بواری جێگەو پێگەی فەرهەنگی، ئابووریو سیاسیدا دیاری دەکا. کەواتە شوناس کۆمەڵێک تایبەتمەندییە کە دەبنە هۆی جیاکردنەوەی مرۆڤ لە مرۆڤەکانی دیکەو ئەو گرووپە دیاری دەکا کە تاک لە چوارچێوەکەیدا جێ دەگرێو بایەخەکانی لە بایەخی کەسانی دیکە هەڵداوێرێو شوناسی گشتیی تاک دیاری دەکا. بەڵام شوناسی نەتەوایەتی کە دیاردەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتییەو دەگەڵ پەیدابوونی چەمکێک بە ناوی نەتەوە کە بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازییە دێتە ئاراو دەبن بە جمک. بە گوێرەی دابەشینی بیرمەندان مرۆڤێک سێ شوناس لە خۆیدا هەڵدەگرێ کە بریتین لە شوناسی تاکەکەسی، کۆمەڵایەتیو نەتەوایەتی. دەکرێ منداڵی بنەماڵەیەک تایبەتمەندییەکانی لە منداڵەکەی دیکە جیاواز بن کە هەر لە سەر ئەم بنەمایەش دیاردەیەک بە ناوی جیاوازیی تاکەکەسی وەک پڕەنسیپێکی دیمۆکراسی ڕەچاو دەکرێ. هەروەها شوناسی کۆمەڵایەتی کە مەودایەکی بەربەرینتر لە خۆ دەگرێ دەتوانێ خۆی لە شکڵو فۆرمی جۆراوجۆری وەک شوناسی هۆزایەتی، ڕەگەزی، نیژادیو پیشەیی .......... دا ببینێتەوە. بەڵام لە ئاستی بەرزتر دا تاک خاوەنی شوناسێکی نەتەوایەتییە، کە ئەمەش نیشاندەری هاوپێوەندیو هەستو وەفاداری بۆ نەتەوەیە. کۆمەڵێک لە بیرمەندان، نیشتمانی هاوبەش، مێژووی هاوبەش بە بنەڕەتیترین توخمی شوناسی نەتەوایەتیو هێندێکی دیکەش زمانی هاوبەش‌و ئایینی هاوبەش بە توخمی سەرەکیی شوناسی نەتەوایەتی دەزانن. هەروەها لەم نێوەدا باس لە «سترەکتۆری سیاسیی هاوبەشیش» وەک توخمی شوناسی نەتەوایەتی دەکرێ. بەڵام لە ڕاستیدا شوناسی نەتەوایەتی هەڵگری



ل ٨



**مستەفا مەعروفی: ئەوەی لەم پێوەندییەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە نێوە نێوە کۆماری ئیسلامی بە پۆل ڕۆژنامەنووسان دەگرێو ڕۆژنامەکان دادەخا. ئەویش لەو کاتانەدایە کە تووشی قەیرانو ئاڵۆزییەکی توند بووبێو ترسو نیگەرانی باڵی بەسەردا کێشا بێ**

**بێگومان گرتنی ڕۆژنامەنووسانو چالاکانی مەدەنیو داخستنی ڕۆژنامەکان لە رابردوودا چەندەی یارمەتی بە چارەسەری قەیرانەکانی ئەم ڕێژیمە داوەو سەرکۆمارەکانی پێشوو چەندەیان قەیرانەکانی ئەم ڕێژیمە چارەسەر کردووە لەوە بەدواش هەر بەم جۆرە، تەنانەت خراپتریش دەبێ.**
**مستەفا مەعروفی**

# شەپۆلێکی نوێ لە گیرانی ڕۆژنامەنووسان



**مستەفا مەعروفی**

لە مانگەکانی ڕێبەندانو ڕەشەمەی ئەمساڵدا شەپۆلێکی دیکە لە گرتنی ڕۆژنامەنووسان لە ئێران وەڕێ کەوت، دەیان کەس لە ڕۆژنامەنووسان لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، ئیلامو تاران هەتا ئێستا گیراونو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانیان داخراون. لەحاڵێکدا سێبەری سانسۆرو قەدەغەو قۆرغی پوڕدیل لە مەهاباد، کەیوان شێخی، کامران عوسمانی، شەهاب ئەحمەدی ئازەر ( مەمێندی)، قادر داستان، ڕەحیم فتووحی، یووسف حاجی خۆش لە شنۆو نەغەدە. هەروەها ناوەکانی ڕەسووڵ خزرمروەت، فەرزاد سامانیو فاروق سامانییش وەبەرچاو دەکەون.

گیرانی ڕۆژنامەنووسانو تەنانەت تێرۆرو ئێعدامکرانیان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە شتێکی تازە نیەو هەموو ساڵێک ئەم ڕێژیمەو ڕێبەرە پلە یەکەکانی لە ڕیزی هەرە پێشەوەی « خراپترین دوژمنانی ڕۆژنامە»دان کە لە لایەن ڕێکخراوەجیهانییەکانی لایەنگری ئازادیی بیروڕادەربڕینەوە بە بیروڕای گشتی دەناسێندرێن. ئەوەی لەم پێوەندییەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە نێوە نێوە کۆماری ئیسلامی بە پۆل ڕۆژنامەنووسان قسەکانی بێ سێودوو جێبەجێ کراونو لەم جۆرە کاتانەدا قسەکانی ئاویان بە ئاوردا کردوە، ئەم جار نەی توانیوە وەزعەکە دامرکێنێو جووتە برای سەرۆکی مەجلیسو دەزگای قەزایی لەلایەکو سەرکۆمار لەلایەکی دیکەوە هەروا هەڕەشەی دوارۆژ لە یەکتری دەکەن. لەم نێوەدا بۆ ئەوەی خەڵک لە لایەنەکانی کێشەکانیان ئاگادار نەبێ،کە ڕۆژنامەکان لەم بارەیەوە ئەو ئەرکەیان لەئەستۆیە، کۆماری ئیسلامی بە کۆمەڵ دایان دەخاو ڕۆژنامەنووسانیان دەکونجی زیندان دەپەستێوێ. جێی سەرنجە سەعیدی مورتەزەوی کە لە دەیەی ٧٠و سەرەتاکانی دەیەی ٨٠ دا قازیی دادگای شۆرش بوو و بە فەرمانی وی دەیان ڕۆژنامە داخرانو دەیان ڕۆژنامەنووس گیرانو ئەشکەنجە دران، ئێستا بە هۆی لایەنگری لە ئەحمەدینەژاد بۆخۆی هەر لەسەر ئەو تاوانانەی پێیان کردوە دادگایی دەکرێ!

ئەم تایبەتمەندییەی کوردستان ڕقێکی زۆری لە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیدا بەرامبەر بە کوردو کوردستان دروست کردوە.

دووەم، کوردستان بە هۆی رابردووی سیاسیو بوونی ئەحزابو ڕێکخراوی جۆراوجۆری سیاسی، وشیاریی سیاسیی خەڵکەکەی لە ئاستێکی بەرزتردایە. لەم بارەیەوە کوردستان پێشەنگە، هەر بۆیەش حەساسیەتی ڕێژیم لە بەرامبەر کوردستاندا زیاترە.

ئایا گرتنی ڕۆژنامەنووسانو چالاکانی مەدەنیو تێکۆشەرانی سیاسیو داخستنی بە کۆمەڵی ڕۆژنامەکانو داخستنی بچووکترین دەرفەتی بیروڕادەربڕین یارمەتی بەکۆماری ئیسلامی دەدا کە سیناریۆیەکانی بە دڵی خۆی بەڕێوە بەرێ؟ ئەگەر ئەو



**بۆچی دیسانیش هەزینەی ئەم گرتنو زیندانیکردنانە لە کوردستان زیاترە؟ یەکەم، لەبەر ئەوەی کوردستان هەر لەسەرەتاوە سەنگەری ئازادیو خۆڕاگری لە بەرامبەر دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا بووەو ئەوەی لە ماوەی ٣٤ ساڵ خەباتو خۆڕاگریی خەڵکی کوردستاندا گۆڕانی بەسەردا هاتبێ تەنیا شێوەو تاکتیکی خەباتەکەیە، ئەگینا خەباتەکە هەر بەدەوام بووەو هەر بەردەوام دەبێ. ئەم تایبەتمەندییەی کوردستان ڕقێکی زۆری لە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیدا بەرامبەر بە کوردو کوردستان دروست کردوە.**

کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان بە هۆی ڕوانگەی ئەمنیەتیو دوژمنانەی کۆماری ئیسلامییەوە لەم ناوچەیە لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران گەلێک قورسترەو مەیدانی کاری ڕۆژنامەنووسی گەلێک تەسکتر، بەڵام لە گیرانی ڕۆژنامەنووسانو داخستنی ڕۆژنامەکاندا کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران بەشی زۆرتری بەرکەوتوە.

لەو ماویەدا بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەرییەکان لەنێو ئەو ڕۆژنامەنووسو چالاکە مەدەنییانەی گیراون نزیکەی ١٦ ڕۆژنامەنووس لە تارانن، ١٢ کەس لە ئیلامو نزیکەی ٣٠ کەس لە شارەکانی پاوە، سنە، دێوڵان، مەهاباد، نەغەدەو شنۆن، بەشێک لەو ناوانەی لەراگەیەنە گشتییەکاندا بڵاو بوونەتەوە بریتین لە: سیروان حوسێنپەناهی، شێرزاد حوسێنپەناهی لە دێوڵان، کەیهان عەزیزی، داود غەفاری، موختار ئەحمەدی، بەختیار ڕەسووڵیو یاسر کاکەیی لە پاوە، وەفا قادری، خالید حوسێنی، بێهزاد فەرەجوڵڵاهیو حامید محەممەد نەژاد لە سنە، خوسرەوی کوردپوورو قاسم ئەحمەدی، مەنووچێهر دەگرێو ڕۆژنامەکان دادەخا. ئەویش لەو کاتانەدایە کە تووشی قەیرانو ئاڵۆزییەکی توند بووبێو ترسو نیگەرانی باڵی بەسەردا کێشا بێ. شەپۆلی نوێی گرتنی ڕۆژنامەنووسانو چالاکانی مەدەنی بۆ سێ هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

یەکەم، داخستنی ڕۆژنامەو گرتنی ڕۆژنامەنووسان بۆ ماهیەتی دژی ئازادیی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە.» قەڵەمەکانیان بشکێننو زمانیان ببڕن» لە خەتابە ئاورینەکانی خومەینین کە هەر لەسەرەتای هاتنەسەرکاریەوە لایەنگرە دەمارگرژو توندڕەواکانی لە دژیان هان دەداو بە کافرو مولحیدی لەقەڵەم دەدان. چارەنووسی خەماویی گەلێک ڕۆژنامەنووسو جیابیر لە ئێران یەکێک لە چیرۆکە هەرەتراژیکەکان لە مێژووی ئێران بە تایبەتی لە ماوەی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدایە.

دووەم، لەم یەک دوو مانگەی دواییدا کێشەو ملبەملەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە پلەی هەرە سەرەوەدا گەیشتۆتە جێگایەک کە کۆنترۆلی ئاسان نیەو تەنانەت ڕێبەر کە هەمیشە بڕیارو

سێیەم، کۆماری ئیسلامی وردەوردە لە هەڵبژاردنی یازدەیەمین دەورەی سەرکۆماری نزیک دەبێتەوە. هەر لەئێستاوە بۆ ئەوەی زەمینەی سەرکوتی خەڵک ئامادە بکا، بەرپرسانی بەردەوام باسی ئەوە دەکەن کە « فیتنەیەکی گەورەتر لە ئی ساڵی ١٣٨٨ لە گۆڕێدایە». گیرانی بە کۆمەڵی ڕۆژنامەنووسانو چالاکانی مەدەنی هەوڵێکە بۆ خۆشکردنی زەمینە بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیناریۆیەی بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە جۆزەردانی داهاتوودا دایانڕشتوە.

بەڵام بۆچی دیسانیش هەزینەی ئەم گرتنو زیندانیکردنانە لە کوردستان زیاترە؟ یەکەم، لەبەر ئەوەی کوردستان هەر لەسەرەتاوە سەنگەری ئازادیو خۆڕاگری لە بەرامبەر دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا بووەو ئەوەی لە ماوەی ٣٤ ساڵ خەباتو خۆڕاگریی خەڵکی کوردستاندا گۆڕانی بەسەردا هاتبێ تەنیا شێوەو تاکتیکی خەباتەکەیە، ئەگینا خەباتەکە هەر بەدەوام بووەو هەر بەردەوام دەبێ.

ڕێژیمە کەسێکی بەدڵی خۆی لە جێی مەحموودی ئەحمەدینەژاد داناو هەموو ڕێگاکانیان وەک ئی ئەحمەدی نەژاد بۆ تەخت کردو هەرچی دەنگی ئیعترازی لێ بەرز بۆوە دەزیندانیان پەستاوت، داخوا گیروگرفتەکانی ئەم ڕێژیمە چارەسەر دەبن؟ ئەدی ئەحمەدینەژاد ئەو کەسە نەبوو کە تەواو بە دڵی ڕێبەرو دەسەڵاتدارانی سەرەکی بوو؟ مەهدیی کەڕووبیو میر حوسێنی مووسەوی ڕەقیبەکانی ئەحمەدی نەژاد سێ ساڵە لە زینداندان، بۆچی ئەحمەدینەژاد ئێستا لە میر حوسێنی مووسەوی و کەڕوبی زیاتر بۆ ئەم ڕێژیمە بۆتە سەرئێشە.

بێگومان گرتنی ڕۆژنامەنووسانو چالاکانی مەدەنیو داخستنی ڕۆژنامەکان لە رابردوودا چەندەی یارمەتی بە چارەسەری قەیرانەکانی ئەم ڕێژیمە داوەو سەرکۆمارەکانی پێشوو چەندەیان قەیرانەکانی ئەم ڕێژیمە چارەسەر کردوە لەوە بەدواش هەر بەم جۆرە، تەنانەت خراپتریش دەبێ.

دریژەی:

## نەورۆز توخمی هاوبەشی شوناسی نەتەوەی کورد

هەموو ئەو توخمانەو توخمەکانی دیکەی وەک زمان، هونەر، ڕێوشوێنو دابونەریتە. بە واتایەکی دیکە ئەو کۆمەڵەخەڵکەی لە جوگرافیایەکی یەکگرتوودا ژیاونو وێکڕا هەستیان بە بەختەوەری کردوەو چەوساونەتەوەو ئامانجو هەستو مەبەستی هاوبەشیان هەبووە، وەک شوناسی نەتەوەیی دەتوانێ بەکاریان بێنێ کە ئەم شوناسە نەتەوایەتییە بۆ هاوپێوەندی نەتەوەییو ئاراستەبەخشین بە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی گرنگترین ئامرازە.

گەلی کورد کە بە گوێرەی زۆربەی پێناسەو تیۆرییەکان نەتەوەیەو دەبێ لە هەموو مافە نەتەوایەتییەکانی سوودمەند بێ، هەروەک دەبینین بە هۆی سیاسەتی چەوتی دوژمنانیو یەکڕیزنەبوونی نێوخۆیی هێزەکانی، هەنووکە گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتە لە ئاستی جیهانداو سەرەڕای ئەوەش پارچەپارچە کراوەو بە هۆی ژینۆسایدو زۆرجۆرە سیاسەتی ناڕەوای دیکە لە لایەن دابەشکەرانی کوردستانەوە زۆربەی توخمە نەتەوایەتییەکانی کاڵ بوونەتەوە یان روو لە کاڵ بوونەوەن. سیاسەتی کۆچپێکردنو وێرانکردنی کوردستانو هەوڵ بۆ لێکدابڕینی کوردان لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەوپەڕی دڵڕقییەوە ڕەچاو کراوەو دەبینین لە چوارچێوەی هەر کام لەو یەکە سیاسییانەی کوردیان بە سەردا دابەش بووە دەستکاری نیشتمانی یەکگرتوو و یەکپارچەیی کورد کراوە تا نیشتمانو خاکی یەکگرتووی کورد وەک یەکێک لە توخمەکانی شوناسی نەتەوایەتی لاواز بکەن. زۆرن ئەو توخمانەی کورد وەک شوناسێکی گشتی باسیان لێوە دەکاو دەیەوێ ڕەنگکێی گشتیو تەواو کوردستانییان پێببەخشێ. یەکێک لە گرنگترین ئەو توخمانەکە گەلی کورد بە درێژایی مێژوو وەک توخمێکی بنەڕەتیی شوناسی نەتەوایەتی هەڵیگرتوەو لە سەردەمی هاوچەرخدا کردوویە بە ئامرازێکو تەنانەت ڕێگەیەکی شیاوو ئاشتیخوازانە بۆ گەیشتن بە ئازادی نەورۆزە. ئەم بۆنە پیرۆزە دە نێو گەلانی ئاریایی ڕۆژهەڵاتی ناڤینیدا هاوبەشەو بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان پەیوەستە بە گەلانی کۆنی ئارییاییەوە کە هەر کام لەم گەلانە بە جۆرێکو بە گوێرەی فەرهەنگو مێژووی خۆی دە نێو چوارچێوەی یادەوەریو ئەفسانەو فۆلکلۆری خۆیدا پارستوویەو بەرگی خۆماڵیی دەبەر کردوە.

بە داخەوە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کاتێک نەورۆز وەک جەژنێکی نەتەوەیی بەڕەسمی ناسرا، دەگەڵ ئەوەی کورد یەکێک لە کۆنترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینەو کوردستان لانکەی ژیانی دێرینی مرۆڤە، ناوێک لە کوردو کوردستان نەبراو ئەو جەژنە هەر بە ناوی گەلانی دیکەوە تۆمار کرا.

ئەوەی لەم بابەتەدا بۆ نووسەر گرنگە، ئەوەیە گرنگی بدرێ بە نەورۆز وەک توخمێکی بنەڕەتی بۆ بەهێزکردنی شوناسی نەتەوایەتی کە لە لەسەر ئاستی کوردستان جگە لە هەستێکی رووت، بە پراکتیکو لە دەروونی تاکی کورددا بەو بەهێزییە نابینرێ. کاربەدەستان و ڕێبەرانی کورد دەبێ بە وردبوونەوە لە واقیعی کوردو کوردستان هەست بەو توخمانە بکەن کە دەتوانن یەکگرتوویيو شوناسی تاکی کوردی پێ بەهێز دەکرێ.

بە سەرنجدان بە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ساڵی رابردوو دەبینین کوردان لەسەر ئاستی کوردستانو هەندەران یادو جەژنی نەورۆز بەشکۆیەکی تایبەتەوە دەکەنەوەو ئەم بۆنەیەیان کردوە بە خاڵێکی جیاکەرەوە لە نەتەوەو گرووپەکانی دیکە. جەژنی پڕشکۆی باکووری کوردستان لە دیاربەکر، جەژنی نەورۆز لە باشوور بەوهەموو شکۆیە، ڕێوڕەسمە ڕێکوپێکو شکۆمەندەکانی ڕۆژهەڵات سەرەڕای ئەگەرو لەمپەری دامودەزگای ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی، شادیو خۆشیی ڕۆژئاوای کوردستانو ڕێورەسمی مەزنی کوردان لە لوبنانو ..... هەموو نیشانەیەکن لەوە کە نەورۆز خاوەنی خۆی دۆزیوەتەوە خەڵکی کوردیش بەحەق نیشان دەدەن ئەم یادە لە قووڵایی مێژووەوە ڕەگئاژۆی کردوەو، ڕێبەرانی کوردو پارتە سیاسییەکان دەبێ هەوڵ بدەن توخمە بەهێزە هاوبەشەکانی ئەم گەلە پارچەپارچەکراوە بدۆزنەوەو بەهێزیان بکەن. هەروەها لەسەر ئاستی نووسینو لێکۆڵینەوە دەسەڵاتی کوردی ئەرکی سەرشانیەتی، زیاتر گرینگی بە هەڵێنجانی ئەفسانەو ئۆستوورەی نەورۆز لە مێژووی خۆیدا بداو تێچووی بەرەنگاربوونەوەی ئەولایەنانە کە دەیانەوێ توخمە مێژوویيو هاوبەشەکانی کورد چەواشە بکەن وەئەستۆ بگرێ.

کورد لەم سەردەمەدا زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستیی بە پتەوکردنی هەستی نەتەوایەتیی خۆی هەیە. ئەمەش دەبێ بە دۆزینەوەو ناساندنی شانازیيە مێژووییەکانیو تەنانەت بە زەقکردنەوەی ئەفسانە میللییەکانی بەهێز بکرێ تا گەلێک کە ناحەزانی هەمیشە بە سووکایەتییەوە باسیان لە مێژووەکەیو شانازییەکانی کردوە، ببووژێتەوەو بەخۆیدا بێتەوە.

عومەر باڵەکی: ئەگەر تاوانی ئەنفال بە گشتیو کیمیابارانی هەڵەبجە بە تایبەتی لەبەر تیشکی یاسا نێودەوڵەتییەکان ڕابگرین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو تاوانانە دەچنە خانەی ژێنۆساید واتە لە نێو بردنی بەکۆمەڵی نەتەوەیەک یان نژادێک بەمەبەستی تایبەت کە ڕێژیمی سەدام حوسێن هەم شاڵاوی ئەنفالو هەم کیمیابارانی شاری هەڵەبجەی بە بەرنامەو مەبەستێکی تایبەت بەرێوە بردوە

سیروان موساپوور: مافی مرۆڤ ، دەوڵەتانی پارێزەری دێموکراسیو تەنانەت حکوومەتە ئیسلامییەکانیش هیچ دژکردەوەیەکی کاریگەریان دەرحەق بەم کارەساتە دژە مرۆییە لەخۆیان نیشان نەدا، ئەوا بە خۆشییەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەشێک لە بڕیاردەرانو ئەنجامدەرانی تاوانی هەڵەبجەو لە سەرووی هەمووشیانەوە شەخسی سەددام حوسێن چوونە بن داری ئێعدامو کۆتایی بە ژیانیان هات

# کارەساتی هەڵەبجە زامێک بە جەستەی مرۆڤایەتییەوە

## بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی کارەساتی هەڵەبجەوە



**عومەر باڵەکی**



سەدەی بیستەم چەندین جار شاهیدی لە نێوبردنی بەکۆمەڵی مرۆڤەکان بوو. کوشتاری ئەرمەنییەکان بە دەستی دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٥و ١٩١٦ دا، کوشتنو لە نێوبردنی یەهوودییەکان بەهۆی ئەڵمانی نازییەوە، کوشتاری میلیۆنیی کامبۆجییەکان لە نیوەڕاستی دەیەی ١٩٧٠دا بەدەستی ڕێژیمی خەمیرە سوورەکانو کوشتاری بە کۆمەڵی گەلی کورد لە ژێرناوی «ئەنفال»دا لەلایەن سوپای عێراقەوە چەد نموونەیەکی ئەو کارەساتە مرۆیییەن کە زۆرترین ئابڕووچوونی بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە گشتی بە دواوە بووە، کە بە داخەوە لە ئاست ئەو کارەساتانە یان تەواو بێدەنگ بووە، یان هەرنەبێ زۆر درەنگ وەدەنگ هاتوە.

ئەم ساڵ ٢٥ ساڵ بەسەر کارەساتی هەڵەبجەدا تێپەڕ دەبێ، بەڵام زامو ژانی ئەو کارەساتە لەبیرو ئەندیشەی هیچ کوردێکو هیچ مرۆڤدۆستێک دا لەبیر نەچۆتەوەو دەیان ساڵیدیکەشی دەوێ هەتا برینەکانی گەلی کورد لە عێراقدا سارێژ ببنەوە. خۆ سارێژبوونەوەی ئەو زامانە ئەگەریش ڕوو بدا لە ڕادەی سامناکیو قێزەونیی ئەو کارەساتە کەم ناکاتەوەو بۆ هەتا هەتایە وەک پەڵەیەکی شەرمو شوورەیی بە نێوچاوانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە دەمێنێتەوە.

کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لەلایەن سوپای عێراقەوە لە ژێرناوی پاراستنی خاکی عێراق ڕۆژی ١٦ی مارسی ١٩٨٨ بەڕێوە چوو، هەرچەند کیمیابارانی شاری هەڵەبجە وەک بەشێک لە عەمەلیاتەکانی ئەنفال نەهاتۆتە ئەژمار، بەڵام دەکرێ بە لایەنێکی شاڵاوەکانی ئەنفال دابنرێ. ئەگەر عەمەلیاتەکانی دیکەی ئەنفال وەک ستراتیژییەکی سیاسی — نیزامی بۆ پاکتاوی ڕەگەزی بوو بەو مەبەستە کە دیمۆگرافی حەشیمەتی ئەو ناوچانە بە جۆرێک بگۆڕی کە بنکەی جەماوەریی ڕێژیم لەو ناوچانە بە هێزترو بەربەرینتر بکاتەوە، کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لەنێوبردنی شارێک بوو کە لە چرکە ساتێکدا زیاتر لە ٥٠٠٠ مرۆڤی تێدا کوژرانو بە هەزاران پیرو لاو، ژنو منداڵیشی بریندار بوون کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ بەشێکی زۆریان بە ئازاری زامەکانیانەوە دەناڵێنو تەنانەت دوای تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا کاریگەریی لەسەر زاوزێو لەدایکبوونی منداڵانی نەخۆشو کەمئەندامیش هەیە.

ئەگەر تاوانی ئەنفال بە گشتیو کیمیابارانی هەڵەبجە بە تایبەتی لەبەر تیشکی یاسا نێودەوڵەتییەکان ڕابگرین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو تاوانانە دەچنە خانەی ژێنۆساید واتە لە نێو بردنی بەکۆمەڵی نەتەوەیەک یان نژادێک بەمەبەستی تایبەت کە ڕێژیمی سەدام حوسێن هەم شاڵاوی ئەنفالو هەم کیمیابارانی شاری هەڵەبجەی بە بەرنامەو مەبەستێکی تایبەت بەڕێوە بردوە.

مادەی ٢ی پەیماننامەی بەرگریو سزادانی تاوانی ژێنۆساید بە شێوەی خوارەوە ئەوکردارانەی دەستنیشان کردەو کە بە ژێنۆساید دەناسرێنو دەوڵەتانی ئاگادار کردۆتەوە کە بەرێوەبردنی ئەو جۆرە کردارانە تاوان بە دژی مرۆڤایەتی بە مەبەستی لە نێوبردنی هەموو یان بەشێک لە گرووپێکی نەتەوەیی، قەومی، نیژادی یان ئایینییە:

**الف: کوشتنی ئەندامانی گرووپ.**

**ب: زیانگەیاندن بە شێوەیەک کە سەلامەتی جەستەییو رووحیی ئەندامانی گرووپێک بخاتە مەترسییەوە.**

**ج: دانانی بە ئەنقەستی گرووپێک لەبەردەم هەلومەرجێکی نالەباری ژیاندا کە ببێتە هۆی لە نێوچوونی جەستەیی هەموو یان بە شێک لە گرووپەکە.**

**د: بەرێوەبردنی رێوشوێنێک بە مەبەستی پێشگری لە زاوزێی گرووپەکە.**

**و: گواستنەوەی زۆرەملیی منداڵانی گرووپێک بۆ گرووپێکی دیکە**

حکوومەتی سەدام حوسین لەوماوەیەدا کە لە سەر دەسەڵات بووە لەپێوندی لە گەل ئەرکە نێونەتەوەیییەکانیدا، زۆربەی کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەیییەکانی واژۆو پەسند کردن وەک کۆنوانسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکانو کۆنواسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کلتوورییەکان ..... بەڵام لە کرداردا بە هیچکام لەو کۆنوانسیۆنانە پابەند نەبووەو شاڵاوی ئەنفالو کیمیابارانی هەڵەبجە بە تەواوی پێشێلکردنی ئەو پابەندییە نێودەوڵەتییەیە کە دەبوایە دەوڵەتی عێراقو دەوڵەتانی هاوچەشنی ڕەچاویان کردبایە.

ڕاگەیەندراوی ژمارە ٩٦ی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کۆنواسیۆنی «ڕێگریو سزادانی تاوانی ژێنوساید» دەڵێ: ئەوانە ئوسوولێکن کە لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ناسراونو لە سەر دەوڵەتەکان ئەرکە تەنانەت ئەگەر پابەندییەکی ئیمزاکراویشیان نەبێ پێیان پابەند بن. هەروەها لە درێژەی ڕاگەیەندراوەکەدا پێ لەسەر ئەوە داگیراوە کە ژێنۆساید پێوەندیی بە تەواوی کۆمەڵگای جیهانییەوە هەیەو پێویستیی بە مەحکومیەتی جیهانی هەیەو دەوڵەتەکان دەبێ هاوکاری یەکتر بن بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە دەست ئەو کردارە دزێوە رزگار بێ.

پێویستە لێرەدا ئیشارە بەوە بکەین کە مادەی ٥ی ئەساسنامەی «دیوانی نێودەوڵەتیی سزادان « و مادەی ١١ی ئەساسنامەی «دادگای تایبەتیی عێراق» پێناسەی مادەی ٢ی پەیماننامەی بەرگریو سزادانی ژێنۆسایدیان دووپات کردۆتەوە. هەروەک ئاگادارین دادگای تایبەتیی عێراق بۆ مەحکەمەی بکەرانی جینایەتی ژێنۆسایدو تاوان بە دژی مرۆڤایەتیو تاوانی شەڕو هەموو ئەو پێشێلکارییانەی بە دژی تاکو کۆی خەڵکی عێراق لە (١٧ی ژوئییەی ١٩٦٨ هەتا یەکەمی مانگی مەی ٢٠٠٣) بەڕێوە چوون، پێک هات.

لەو نێوەدا تاوانی ژێنۆساید لە پلەی یەکەمدایە بە تایبەت تاوانی ئەنفالو کیمیابارانی هەڵەبجە. لە ئاکامدا دادگا بڕیاری خۆی دا. هەم سەددام حوسێنو هەم عەلی حەسەن مەجید وەک دوو تاوانباری ئەسڵیی تاوانی ئەنفالو کیمیابارانی شاری هەڵەبجە ئێعدام کران.

بەو هیوایە ئەوە دەرسێک بێ بۆ هەموو ئەو دەوڵەتو دەسەڵاتدارانە کە لە بیری فەوتاندنو لە نێوبردنی نەتەوەو گەلێکدا دەبن.

# ئادار، مانگی ئازادیو ئازار



**سیروان موساپوور**

ئەگەر چاوێک بە لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوە بەشکراوو بەشخوراوەکەماندا بخشێنین، کەم ڕۆژو مانگو ساڵ هەیە کە تێیاندا ڕووداوێکی خۆش یان ناخۆش نەخوێنینەوە. هەرچەند بەداخەوە خۆشییەکان کەمو ئازارەکان زیاترنو، زۆر جاریش ناخۆشیی دوای خۆشییەکان تامو چێژی خۆشییەکانیان لەبیر بردووینەوە، بەڵام بەو حاڵەش ئاوڕلێدانەوەو یادکردنەوەیان پێویستەو دەبێ بە وردی ئاوڕ لە هۆکارەکانی سەرکەوتنو شکستەکانمان بدەینەوەو هەرلەو کاتەدا کە هەوڵی ڕزگاریو پێشوەچوونو ژیانی باشتر دەدەین، دەبێ خەمی خەڵکو خاکی خوێناویمان لە ئامێزدا ڕابژێنینو یادی جاران بە خۆشو ناخۆشەوە بکەینەوە.

مانگی ئادار (مارس) بۆ باشووری کوردستان مانگی خۆشیو ناخۆشی، ئازادیو ئازارە. مانگێک کە سەرکەوتنی زۆر گەورەی تێدا هاتۆتەدیو هەرلەو کاتەدا گەلەکەمان لەم بەشە لە کوردستاندا تووشی گەلێک مەینەتیو زۆر ڕووداوی ناخۆشییش بۆتەوە. بەڵام لێرەدا بە کورتی باس لە دوو ڕووداوی ناخۆشو دوو ڕووداوی خۆش، دوو کارەساتی خەمهێنەرو دوو سەرکەوتنی گەورە دەکەین.

**یەکەم: ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر**

لەدوای دابەشکردنی کوردستان سەرەتا لەنێوان دوو ئیمپراتۆریی عوسمانیو سەفەویداو دواتر بە لێکهەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەشکرانەوەی کوردستانی ژێردەسەڵاتی عوسمانی بەسەر چەند وڵاتی تازەدامەزراودا، بەدرێژایی ئەم چەند سەدەیە بەردەوام لە بەینی ئەم چەند وڵاتە دراوسێیەدا، چەندین پەیمانو ڕێککەوتنی دراوسێیەتیو دیاریکردنی سنوورو هاوکاریی دیکە بەستراونو هەر یەکەیان لە چەند خاڵو مادده و بڕیاردا واژۆ کراوە. بەڵام بێشک لە بەشێکی زۆری ئەو پەیمانو ڕێککەوتنانەدا مەسەلەی کورد بە جۆرێک لە جۆرەکان باسی لێکراوەو دەتوانین بڵێین لە زۆریاندا بە شێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کۆدەنگییەک لەسەر دژایەتیی کوردو سەرکوتکردنو بێدەنگکردنی لەئارادا بووە کە ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر یەکێک لەو ڕێککەوتننامانەیە.

ئەم ڕێککەوتننامەیە ٦ی ئاداری ساڵی ١٩٧٥ لەنێوان دوو وڵاتی ئێرانو عێراقدا بەهاوکاریی وڵاتی جەزائیر (هوواری بوومیدیەن، سەرۆککۆماری جەزائیر) بەسترا. دانیشتنی ئەندامانی ئۆپێک لە ٤ی ئاداری ١٩٧٥دا، لە پێتەختی جەزائیر دەرفەتێک بوو کە تێیدا شای ئێرانو سەددام حوسێن بە نێوبژیوانیی بوومدیەن لە دەوری یەک کۆ بوونەوەو پاش دانیشتنو وتووێژێکی چڕوپڕ، گەیشتنە ڕێککەوتننامەیەک.

ئەم ڕێککەوتنە کە بە فەرمیی لە چوار مادده پێک هاتوە کە چەند بابەتێکی پێوەندیدار بە دیاریکردنی سنوورو کێشەی سنووریی نێوان دووڵاتیان تێدا گونجێندرابوو. ڕێککەوتنی ئەم دووانە دەرەنجامێکی ناخۆشو ناهەمواری بۆ کورد بەدواوە بوو کە پاشەکشەپێکردنو کۆتاییهێنان بە بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان لەو قۆناغە زەمەنییەدا یەکێک لە نوێنگەکانی بوو.

**دووەم: کیمیابارانکردنی هەڵەبجە**

ڕێژیمی عێراق لە ماوەی دەسەڵاتداریی بەعسییەکاندا لەڕێگەی جۆراوجۆرەوەو بە بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێک بەردەوام هەوڵی لەنێوبردنی کوردی داوەو لە هیچ جینایەتێک دەرهەق بەم نەتەوەیە خۆی نەبواردوە. بەعەرەبکردن، ڕاگواستنو کۆچ پێکردن، گرتن، ئەشکەنجە، کوشتنو لە هەمووانیش مەترسیدارتر کارەساتە دژەمرۆییەکانی ئەنفالو کیمیابارانکردن بەشێک لەو جینایەتانە بوون کە ڕێژیمی بەعسی لەنێوچوو دەرحەق بە کورد ئەنجامی دەدان. کارەساتی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە کە دەنگدانەوەیەکی جیهانیی هەبوو، لووتکەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانە بوو.

لە ١٦ی ئاداری ساڵی ١٩٨٨دا شاری هەڵەبجە بەهۆی فڕۆکەکانی ڕێژیمی عێراقەوە کیمیاباران کرا کە لە ماوەی چەند ساتێکدا کۆتایی بە ژیانی هەزاران کەس لە خەڵکی بێتاوانی ئەو شارە هێناو، مەرگو ماتەمی بەسەر ئەو شارە کوردنشینەدا باراند. بێجگە لەوەی نزیک بە پێنج هەزار کەس لە ژنو پیاوو منداڵی ئەم شارە گیانیان لەدەست دا، ئێستاکەش پاش ٢٥ ساڵ کەسانێکی زۆر بە دەست ئازاری جەستەییو دەروونیی ئەو کارەساتە تراژیکەوە دەناڵێننو شوێنەوارەکانی ئەو تاوانە ئێستاش بەسەر خەڵکو خاکی ئەم شارەوە هەر ماون.

ئەگەر لە کاتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ ، دەوڵەتانی پارێزەری دێموکراسیو تەنانەت حکوومەتە ئیسلامییەکانیش هیچ دژکردەوەیەکی کاریگەریان دەرحەق بەم کارەساتە دژە مرۆیییە لەخۆیان نیشان نەدا، ئەوا بە خۆشییەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەشێک لە بڕیاردەرانو ئەنجامدەرانی تاوانی هەڵەبجەو لە سەرووی هەمووشیانەوە شەخسی سەددام حوسێن چوونە بن داری ئێعدامو کۆتایی بە ژیانیان هات. هەروەها ئێستا پاش ٢٥ ساڵ لە ڕوودانی ئەم کارەساتە، پرسی بە ژینۆسایدناسینی کیمیابارانی هەڵەبجە بۆتە جێی مشتومڕو باسی ڕێکخراوو دەوڵەتە ئوروپاییەکان کە وەک نوێترین هەوڵ دەتوانین ئاماژە بە تاوتوێکردنی ئەم پرسەو بەژینۆسایدناسینی بۆمبارانی شیمیاییو ئەنفالی کورد لە باشووری کوردستان لەلایەن پارلمانی بریتانیاوە بکەین کە دوای وڵاتی سوئێد یەک لەو وڵاتە بەهێزانەیە کە بایەخی بەم پرسە داوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەڵەبجە دەردێکی قورسە لەسەر دڵی نەتەوەی کوردو ئازارێکە کە لەبیربردنەوەی مەحاڵەو برینێکە کە هەرگیز سارێژ نابێتەوە.

**سێیەم: ڕێککەوتنی ١١ی ئادار**

یەکی دیکە لە ڕووداوە گرینگەکانی ئەم بەشەی کوردستان لە مانگی ئاداردا، ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ی نێوان سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی کوردو حکوومەتی ئەو کاتی عێراقە کە بە ڕەسمی دانی بە ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراقدا ناو براوایەکی نوێی بە سەرکەوتنی بزووتنەوەی کورد لەم بەشە بەخشی. ئەم ڕێککەوتننامەیە کە لە ١٥ ماددەی ئاشکراو ٧ماددەی نهێنی پێک هاتبوو، وێڕای بەفەرمیناسینی ئۆتۆنۆمیی بۆ ئەم بەشە لە کوردستان، چەندین بابەتی گرینگو بایەخداری دیکەشی لەخۆ گرتبوو کە لەنێویاندا دەتوانین ئاماژە بەمانە بکەین: بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لەو ناوچانەی کە زۆرینەی حەشیمەتەکەیان کوردە، دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان لە دامودەزگاکانیوڵاتدا، تەرخانکردنی بەشێک لە بوودجەی عێراق بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کوردنشینەکان، دانی چەند پۆستێکی باڵا بە کورد لەسەر ئاستی عێراقو ... ئەگەر بە وردی وەردی وردەکارییەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بدەینەوە، دەتوانین بڵێین وەرچەرخانێکی مێژوویی لە بزووتنەوەی کورد لەم قۆناغە زەمەنییەو لەم بەشەی کوردستاندا بوو. هەرچەند باسکردن لە هۆکارەکانی جێبەجێبوون یان نەبوونی ماددەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیەو ئاکامەکانیو سەرەنجام دەستپێکردنەوەی شۆڕشو دەیان باسو بابەتی دیکە پێویستییان بە لێکدانەوەو خوێندنەوەی زیاتر هەیەو لەتارێکی کورتی وەک ئەم بابەتەدا ناگونجێ، بەڵام لەسەریەک بوونی ئەو ڕێککەوتننامەیەک وەک دیکۆمێنتێکی پڕبایەخی مێژوویی کە تێیدا دان بە بوونی کوردو مافەکانیدا نراوە، بێشک لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی کوردو دەسکەوتێکی نەتەوەیی بۆ کورد لەم بەشەو تەنانەت لە سەرانسەری کوردستانە.

**چوارەم: ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١**


ڕاپەڕینی ١٩٩١ هێمای ئیرادەو یەکهەڵوێستیی کورد لەم بەشە لە کوردستاندا بوو. گەلی کورد لەم بەشە لە کوردستان لە ٥ی ئاداری ١٩٩١دا توانی بە کەڵک وەرگرتن لە بارودۆخی پێشهاتوو، دەست بە ڕاماڵینو کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی بەعس لە کوردستان بێنێو لە ماوەی چەند ڕۆژدا بەشێکی بەرچاو لە خاکی کوردستان بێنێتە ژێر ڕکێفی خۆیو پاش چەندین ساڵ ئەزیەتو ئازار تامی ئازادیی بچێژێو خۆی وەک خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم ئاوو خاکە، چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ.

لە کۆتاییدا دەتوانین جارێکی دیکە دووپاتی بکەینەوە: ئادار، مانگی ئازادیو ئازار، مانگی خۆشیو ناخۆشیو، مانگی دەسکەوتو قوربانیدان بۆ کورد لە باشووری کوردستانە.

**ئاگری باڵەکی: ئەمە یەکێک لەو سەدان ناهەقیو جیاوازی‌یانەیە کە دەسەڵاتدارانی ئێران دەرهەق بە کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکان بەکاریان دێنن‌و هەمیشە بەهۆی ئەم جۆرە دەستکاری‌یانەوە لە داتاکاندا دەیانەوێ مافی نەتەوەکانی نێو ئێران پێشێل بکەن**

**ئەگەر بەراوردێک لەنێوان پارێزگا کوردنشینەکانو پارێزگا فارس نشینەکاندا بکەین دەبینین کە ناعەداڵەتی‌یەکی زۆر لە بواری هاوکاریی پزیشکی‌و بنکەی تەندروستی‌دا هەیە.**

**ئاگری باڵەکی**



# چەوساندنەوەی بەبەرنامە لە کوردستانی ئێران

## چاوخشاندنێکی بابەتیانە بە ئامارو زانیاری‌یەکان لەسەر کوردستانی ئێران

**ئاگری باڵەکی**

کوردەکانی ئێران لەگەڵ ئەوەی هەمیشە لە لایەن دەسەلاتدارانی ئێرانەوە لەبواری سیاسیو ئابوری‌دا لەمافەکانیان‌بێ‌بەش کراون لە بواری لەشساغی‌و تەندروستیش‌دا مافیان خوراوەو پارێزگا کوردی‌یەکان بەبیانووی جۆراوجۆر وەک ناوچەیەکی پلە دوو چاولێ‌کراون. لەم بابەتەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو جیاوازی‌یانەی لەبواری لەشساغی‌و دەرمانی‌دا بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران بەتایبەت ناوەندا دژی ناوچەکوردنشینەکان کراون.

ئێران چوارچێوەیەکی جوغرافیایی‌یە کە چەند نەتەوەی جۆراوجۆر بە کەلتوورو زمانی جۆربەجۆری تێدا دەژین، کوردەکان لەم چوارچێوە جوغرافیایی‌یەدا کەوتوونەتە بەشی ڕۆژئاواو بەسەر چوار پارێزگادا دابەش بوون، ئەم دابەش‌کردنە لەلایەن حکوومەتی ناوەندی‌یەوە کراوەو خەڵکی کوردستان پرسێکیان پێ‌نەکراوە . پارێزگاکانی ورمێ، کوردستان، کرماشانو ئیلام ئەم چوار پارێزگایەن کە زۆربەی زۆری دانیشتووانیان کوردەکان پێکیان هێناوە.

بە پێی ئەو ئامارانە کە ناوەندی ئاماری ئێران لە خەرمانانی ١٣٨٩دا بڵاوی کردوونەوە ژمارەی دانیشتووانی ئەم ٤ پارێزگایە (ورمێ، کوردستان، کرمانشان، ئیلام) ٦٩٥٦٠١١ کەس بووە کە بە کەم‌کردنەوەی ئازەری‌زمانەکان لە پارێزگای ورمێ نزیک بە شەش میلیۆن و چوارسەد هەزار کەس کورد لەم پارێزگایانە دەژین. سەرچاوە: (بەراوردکردنی حەشیمەتی وڵات، ناوەندی ئاماری ئێران، خەرمانانی ١٣٨٩). ئەگەر ئەو ئامارانە دەگەڵ ساڵی ١٣٨٥ بەراورد بکەین دەبینین دەستکاری‌یەکی زۆر روونیان پێوە دیارە. ناوەندی ئاماری ئێران هەر بەپێی سەرچاوەی پێشوو حەشیمەتی ئێران ساڵانە ١،٣٪ زیاد دەبێ. ، بەڵام دەبینین کە ژمارەی دانیشتووانی پارێزگا کوردنشینەکان لە ساڵێ ١٣٨٥ دا شەش میلیۆن‌و حەوسەدو سی‌و هەشت هەزارو حەوسەدو هەشتاو حەوت (٦٧٣٨٧٨٧کەس) بووە، کەچی ژمارەی دانیشتووان لە ساڵی ١٣٨٩دا بەو ڕێژەیە زیادی نەکردوە کە ئەو ناوەندە ئیشارەی پێ‌دەکا. ئەگەر دانیشتووانی ئەو چوار پارێزگایە لە ساڵی ١٣٨٥ەوە تا١٣٨٩ ساڵانە ١،٣٪ی زیاد کردبێ،دەبێ ساڵی ١٣٨٩گەیشتبێتە دەوری حەوت میلیۆن‌و سەدهەزار ( ٧١٠٠٠٠٠) کەس. بەڵام ناوەندی ئاماری ئێران دانیشتووانی ئەم ناوچانەی لە ساڵی ١٣٨٩دا شەش میلیۆن‌و پێنج‌سەدو شێست هەزارو یازدە کەس (٦٩٥٦٠١١ کەس) راگەیاندوە. کەوایە هەر بەپێی ئەو ئامارانە دەردەکەوێ کە نزیک بە سەدو پەنجا هەزار کەس لە ژمارەی دانیشتووانی ەو چوار پارێزگایە کەم کراوەتەوە. بەروونی دەرکەوتوە کە هیچ کات ناوەندی ئاماری ئێران رێژەی حەشیمەتی ئەو ناوچانە کە کەمە نەتەوەیی‌یەکانیان تێدا دەژین بەڕوونی ئاشکرا ناکاو ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکار. یەک لەوان ئەوەیە کە ڕێژەی ئەندام پەرلەمانانی هەر پارێزگایەک بە ڕێژەی ژمارەی دانیشتووانی ئەو پارێزگایە دیاری دەکرێ. ئەمە یەکێک لەو سەدان ناهەقی‌و جیاوازی‌یانەیە کە دەسەڵاتدارانی ئێران دەرهەق بە کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکان بەکاریان دێنن‌و هەمیشە بەهۆی ئەم جۆرە دەستکاری‌یانەوە لە داتاکان‌دا دەیانەوێ مافی نەتەوەکانی نێو ئێران پێشێل بکەن .

ئەگەر وردتر بچینە نێو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان ئەوا دەبینین کە نزیک بە ٦٥٪ی دانیشتووان لە شارەکان دادەنیشن‌و ئەوانی دیکە واتە ٣٣٪ لە گوندەکان نیشتەجێن‌و هەروەها لە نزیک بە ٢٪ کۆچەرین کە لە پارێزگاکانی ئیلام‌و کرماشانن. ئەو ٤ پارێزگایە (ورمێ، کوردستان، کرماشان، ئیلام) لە ٤٩ شار و١١١ فەرمانداری‌و ١١٧ شارۆچکەو ٣٢٢ بەخش‌و ٧٧٢٢ دێ پێک دێن، لەو ٤ پارێزگایە ٩ شار هەن کە ڕێژەی دانیشتووانیان لە ١٠٠ هەزار کەس زیاترەو گەورەترین شاری کوردنشینی ئێران کرماشانە کە نزیک بە ٨٠٠هەزار کەس لەو شارە دەژین، بەڵام هیچ کات ئەو خزمەتگوزاری‌یانە کە لەلایەن حکوومەتەوە بۆ ئەو ناوچانە دیاری کراون لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان‌و شێوەی نێشتەجێ‌بوونیان بەراورد ناکرێن.

پاریزگا کوردنشینەکان لەو ناوچانەن کە چڕیی دانیشتووانی تێدا زۆرە واتە لەو ناوچانەن کە لە یەک کیلۆمەتری چوار گۆشەدا ١٠٠ تا ١٤٩ کەس دەژین. سەرچاوە: (دابەش بوونی دیمۆگرافیی دانیشتووانی ئێران ساڵی ١٣٩١).

ئەم ڕێژەیە هیچ کات بەرامبەر نیە بە ئیمکانات‌و پێداویستی‌یەکانی ئەو خەڵکەی کە لەو ناوچانەدا دەژین، واتە بەنیسبەتی پارێزگاکانی دیکەی ئێران ئیمکانات‌و پێداویستی‌یەکان کە کاروباری ڕۆژانەی خەڵک رادەپەڕێنێ زۆر کەمترن، ئەگەر بەراوردێک لە نێوان پارێزگا کوردی‌یەکان‌و پارێزگاکانی ناوەندی ئێران بکەین ئەوە نادادپەروەری‌یەکی زۆر دەبینین. بۆ نموونە لە بواری تەندروستی‌و خزمەتگوزاریی پزیشکی‌دا هەمیشە پشکێکی کەم بەر ئەم پارێزگایانە کەوتوە کە کوردیان تێدا نیشتەجێ‌یەو پشکی زۆرتر بۆ پارێزگاکانی ناوەند بووە. لێرەدا بەراوردێک لەسەر ئەو نەخۆشخانە گشتی‌یانە دەکەین کە لەسەرووی ٢٠٠ تەختەوەن لەو ٤ پارێزگایانەداو بەراوردیان دەکەین لەگەڵ ڕێژەی دانیشتووانیان .

یەکەم - پارێزگای ورمێ. بەشی ئەم پارێزگایە لە نەخۆشخانەی ٢٠٠ تەختی تەنها ٩ نەخۆشخانەیە، ئەمە لە حالێکدایە کە ئەم پارێزگایە ١٧ شارو ٤٠ فەرمانداری‌و ١١٣ بەخش لە ٣٩ شارۆچکە پێک هاتووەو ڕێژەی دانیشتووانی لەسەرووی ٣ میلیۆن کەسەوەیە. کە ئەگەر ڕێژەی ئەم نەخۆشخانانە بەراورد بکەین لەگەڵ ڕێژەی دانیشتووان دەبینین کە بۆ هەر ٣٣٠ هەزار کەس یەک نەخۆشخانەی ٢٠٠ تەختیی پێشکەوتوو دەبینرێ. لەگەڵ ئەوەش‌دا ئەگەر هەموو تەختەکانی نەخۆشخانەکان حیساب بکەین دەبینین کە لە پارێزگای ورمێ ٢٩٤٤ تەختی نەخۆشخانە هەیە کە بۆ هەر ١٠١٩ کەس یەک تەخت تەرخان کراوە .

( سەرچاوە: ماڵپەری ڕەسمیی نەخۆشخانەکانی ئێران‌و مەرکەزی ئاماری ئێران http://isohospital.com/Default.aspx)

دووەم: پارێزگای کوردستان بەشی ئەم پارێزگایە لە نەخۆشخانەی ٢٠٠ تەختی تەنها ٣ نەخۆشخانەیە، ئەمە لە حالێکدایە کە ئەم پارێزگایە ١٠ شار و ٢٧ فەرمانداری‌و ٨٤بەخش‌و ٢٥ شارۆچکە پێکهاتووەو ژمارەی دانیشتووانی لەسەروی ١،٥٠٠٠٠٠ یەک میلیۆن‌و پێنج سەدهەزار کەسەوەیە. کە ئەگەر ڕێژەی ئەم نەخۆشخانانە لەگەڵ ڕێژەی دانیشتووان بەراورد بکەین دەبینین کە بۆ هەر ٥٠٠ هەزار کەس یەک نەخۆشخانەی ٢٠٠ تەختیی پێشکەوتوو هەیە. لەگەڵ ئەوەش‌دا ئەگەر هەموو تەختی نەخۆشخانەکان حیساب بکەین دەبینین کە لە پارێزگای کوردستان ١٦٥٩ تەختی نەخۆشخانە هەیە کە بۆ هەر ٩٠٠ کەس یەک تەخت تەرخان کراوە. ( سەرچاوە: ماڵپەری ڕەسمیی نەخۆشخانەکانی ئێران‌و مەرکەزی ئاماری ئێران)

سێیەم: پارێزگای کرماشان. بەشی ئەم پارێزگایە لە نەخۆشخانەی ٢٠٠ تەختی تەنها ٥ نەخۆشخانەیە، ئەمە لە حالێکدایە کە ئەم پارێزگایە لە ١٤ شار و ٣٠ فەرمانداری‌و ٨٥ بەخش‌و ٢٩ شارۆچکە پێکهاتووەو ژمارەی دانیشتووانی نزیک بە ٢ میلیۆن کەسە. کە ئەگەر ڕێژەی ئەم نەخۆشخانانە لەگەڵ ڕێژەی دانیشتووان بەراورد بکەین دەبینین کە بۆ هەر ٤٠٠ هەزار کەس یەک نەخۆشخانەی ٢٠٠ تەختیی پێشکەوتوو دانراوە. خۆ ئەگەر هەموو تەختی نەخۆشخانەکانیش لەبەرچاو بگرین دەبینین کە لە پارێزگای کرماشان ٢٠٦٥ تەختی نەخۆشخانە هەیە کە بۆ هەر ٩٧٠ کەس یەک تەخت تەرخان کراوە.

( سەرچاوە: ماڵپەری ڕەسمیی نەخۆشخانەکانی ئێران‌و مەرکەزی ئاماری ئێران)

چوارەم: پارێزگای ئیلام. بەشی ئەم پارێزگایە لە نەخۆشخانەی ٢٠٠ تەختی تەنیا ٢ نەخۆشخانەیە، ئەمە لە حالێکدایە کە ئەم پارێزگایە لە ٨ شارو ٢٠ فەرمانداری‌و ٤٠ بەخش‌و ٢١ شارۆچکە پێکهاتووەو ژمارەی دانیشتووانی نزیک بە ٧٠٠ هەزار کەسە ئەگەر ڕێژەی ئەم نەخۆشخانانە لەگەڵ ڕێژەی دانیشتووان بەراورد بکەین دەبینین کە بۆ هەر ٣٥٠ هەزار کەس یەک نەخۆشخانەی ٢٠٠ تەختیی پێشکەوتوو هەیەو ئەگەر هەموو تەختەکانی نەخۆشخانەکانیش حیساب بکەین دەبینین کە لە پارێزگای ئیلام ٤١٣ تەختی نەخۆشخانە هەیە کە بۆ هەر ١٦٩٤ کەس یەک تەخت تەرخان کراوە.

( سەرچاوە: ماڵپەری ڕەسمیی نەخۆشخانەکانی ئێران‌و مەرکەزی ئاماری ئێران)

ئەگەر بەراوردێک لەنێوان پارێزگا کوردنشینەکان‌و پارێزگا فارس نشینەکان‌دا بکەین دەبینین کە ناعەداڵەتی‌یەکی زۆر لە بواری هاوکاریی پزیشکی‌و بنکەی تەندروستی‌دا هەیە. بۆ ڕوون‌بوونەوە پارێزگای فارس وەک نموونە وەردەگرین‌و لەگەڵ پارێزگا کوردنشینەکان بەراوردی دەکەین.

لە پارێزگای فارس کە ناوەندەکەی شاری شیرازەو ژمارەی دانیشتووانی بەپێی ئاماری ساڵی ١٣٨٩ لە سەرووی چوار میلیۆن کەسە، تەنیا لە ناوەندی پارێزگا واتە لە شاری شیراز کە ژمارەی دانیشتووانی ئەم شارە میلیۆنێک‌و پێنج سەد هەزار کەسە، ٢٧ نەخۆشخانە هەیە کە ٦ دانەیان لەسەرووی ٢٠٠ تەختەوەن‌و ژمارەی تەختەکانی ئەم ٢٧ نەخۆشخانەیەی شاری شیراز ٣٣٢٠ تەختەکە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتووانی ئەم شارە هەر ٤٥٠ کەس تەختێکی بەر دەکەوێ، ئەگەر ئەم ئامارە لەگەڵ ناوچەکوردنشینەکان بەراورد بکەین دەبینین کە جیاوازی نەک زۆرە بەڵکوو دوو بەرابەریشە چونکە لەوێ بۆ هەر ٩٠٠ کەس تەختێک هەیە، ئەم ئامارە تەنیا پەیوەستە بە ناوەندی پارێزگا واتە شارەکانی دیکە لەنێو ئەم ئامارانەدا نەهاتوون، ئەگەر ئەوانیش بگونجێنین دەبینین تەنها پارێزگای فارس ٥٥ نەخۆشخانەی تێدایە کە ئەگەر بە چوار پارێزگا کورد نشینەکە بەراورد بکرێ دەبینین کە بە هەر چوار پارێزگاو بە حەشیمەتی ٧ میلیۆنی (بەپێ ناوەندی ئاماری ئێران) تەنها ٦١ نەخۆشخانە هەیە. ئەمە نابەرامبەریی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە ناوچە کوردنشینەکان نیشان دەدا.

ئەگەر بەکورتی لێکدانەوەیەک بۆ ئەم بابەتەی سەرەوە بکەین دەبینین کە دەسەڵاتدارانی ئێران، هەمیشەو لەهەر بوارێکداو ئەوەندەی لە توانایان‌دا بووە هەوڵیان داوە کە مافەکانی کورد لە کوردستانی ئێران زەوت بکەن، هەمیشە بە دیدێکی ئەمنییەتی‌یەوە سەیری کوردستانیان کردوەو وایان بیرکردۆتەوە کە کوردەکان میوانن لەسەر ئەم خاکە.






### سەرچاوەکان:

١/ ناوەندی ئاماری ئێران، راپۆرتی گەشەکردنی مرۆیی لە ئێران‌دا.

٢/ ناوەندی لیکۆلینەوەی دێهات لە ئێران، لێکۆلینەوەیەک لە سەر ئاماری دێهاتەکانی ئێران

٣/ ئاماری نەخۆشخانەکانی ئێران، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی تەندروستیی ئێران ١٣٨٩

٤/ بەراوردکردنی حەشیمەتی وڵات، ناوەندی ئاماری ئێران ، خەرمانانی ١٣٨٩

٥/ ماڵپەری زانیاری ویکپیدیا

کوردستان

ئەدەب و هونەر

ژمارە: ٦٠٤

٣٠ی رەشەممەی ١٣٩١

٢٠ مارسی ٢٠١٣

# دیتنەوەی دووباڵی هونەر، لە شێعری کوردی دا



عەلیرەزا رەحیمی

ململانێی بیروڕای جیاواز و دژ بەیەکتری ڕێبازەکانی کلاسیزم و رۆمانسیزم کە لە وتاری پێشوودا باسمان کرد. کە رۆمانتیزم بە تەواوی جیهانی هونەرو ئەدەبی گرتە بەر. ئاماژەیشمان بەناوی چەن شاعیری ناودار لە ئەدەبی کوردی دا کرد کە شێعرەکانیان دەچێتە قوناغی رۆمانیسزمەوە. بەڵام خەمۆکی و خەیاڵاوی بوونی لەڕابەدەری ئەم ڕێبازەیش کە ئاکامی بوو بە نفرەت و ڕاکردن لە ژیان و واقعییەتەکانی کۆمەڵگا.هەتا بەهەڵویست گرتنی هێندێک کەسی دیکە بەرانبەر بەم ڕێبازە بەرەبەرە بزووتنەوەی (واقێع گرایی)یان ریاڵیزم سەری هەڵدا،کە جیگای خۆیەتی تایبەتمەندییەکانی ئەم رێبازەو هەلومەرجی گەشەئەستاندنی لە ئاستی جیهان بە گشتی و لە ئەدەبی کوردی بەتایبەتی ئاماژەی پێ بکرێت. لە دوای کودتای ١٨٣٠لە ژێرناوی چاکسازیی (ڕیستۆراسیون) لە فەرانسە، نووسەر وهونەرمەندان بە پێچەوانەی رۆمانسییەکان زۆرترو زیاتر لە جەماوەری خۆیان نزیک بوونەوە، تا جێگایەک کە ئەدەب و هونەریان کرد بە ئامرازێک بۆ بە جێگەیاندنی پەیام و هەڵویستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. بە کورتی: ئەدەبیات وهونەر کەوتنەخزمەت کردنی ئیخلاقییات و داخۆازی سیاسی و مەبەستە کۆمەڵایەتییەکانەوە. شاعیرو نووسەر ئەرکی خۆیان لە ئەرکی سیاسەتمەدارو رۆژنامەنووسان گرێ دا. تەنانەت هێندێکیانیش بوونە پارڵمانتارو پلەو پایەی وزارەتیان وەرگرت. هەر لەو سەردەمانەدا بوو کە رۆشنبیران وفەیلسووفەکان بیرۆکەی هونەری بە سوود (هنر مفید)یان هێنا ئاراوە، کە بوو بە هاندەری زیاتری هونەرمەندان، یەک لەم فەیلسووفانە سانت سیمۆن بوو، خاوەنی بیرۆکەی هونەر لە پێناوی خزمەت کردن و بەرەو پێش بردنی کۆمەڵ و ئیخلاقیاتی کۆمەڵگا، بەڵام ڤیکتۆر هۆگۆ هەر دژی سانت سیمۆن مایەوە. لە ساڵی ١٨٢٩ بنەمای (هونەر لە پێناو هونەر)ی دارِشت و دەیگوت: (شاعیر مافی ئەوەی هەیە شێعری بێ سوودیش بڵاو بکاتەوە تەنانەت شێعریک کە پەتی بێت وبەس. هیچیش لە خزمەت کۆمەڵگادا نەبێ) کە لەلایەن دامەزرێنەران و هۆگرانی روانگەی (پەڕناس)زیاتر سرنجی پێدرا، ئەگەر ریالیزم کۆشکی خەیاڵاوی رۆمانسیزمی رۆخاند، (پەڕناس)یش دژ بە ریاڵیزم راوەستا.

جێی باسە کە لە تێکبەربوونی ئەم دوو روانگەی جیاوازە دا هونەرو ئەدەبیات دووباڵی لێ کەوتەوە یەکیان؛ «هونەری بەسوود کە لەمەوبەدوا بە هونەری دەروەست (متعهد) وخزمەتگوزار ناسرا. ئەوی تریش؛ «بیرۆکەی هونەر بۆ هونەرە» کە لە ژێرناوی رێبازی (پەڕناس) دژ بە ریاڵیزم راوەستاو تائێستایش بە تایبەت لە ئەدەب و هونەری لای خۆمان هەر درێژەی هەیە. بۆیە سەرەتا ئاورێک ئەدەینەوە لە هەلومەرجی سەرهەڵدانی ریاڵیزم (واقێع گرایی) لە ئەدەبی کوردی داو، ئینجا چەن نموونە شێعر سەر بەم رێبازە دەخەینە بەرچاو.

بە پێی تایبەتمەندییەکانی ریالیزم هونەرمەندو هۆزانوانی ئەم بوارە لە پێناوی ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم دەبێت بە نووسەرو هونەرمەندێکی دەروەست لە پاتۆلۆژیا (خەسارناسی)ی کۆمەڵگای خۆێ رەنگدانەوەی دەبێ. تا ڕادەیەک کە رۆڵی روشنبیرانە دەگێڕێت.

ریاڵیزم لە ئەدەبی کوردی دا: ١- میللەتی کورد وەک هەر میللەتێکی تری جیهان خاوەن ئەدەبی تایبەت بە خۆیەتی کە لەگەڵ بەرەوپێشچوون و گۆڕانکاریەکانی سیاسی وئابووری ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە. هەرچەند تایبەتمەندیی ریالێزم لە ئەدەبیاتی فۆلکۆریشدا پەیدا دەبێ، بەڵام وەکوو رێبازیک زیاتر لە لە تەک بزاڤی



**ئەگەر لە ئاکامی شۆڕشەکانی فرانسەو ئینگستان و پرۆسەی چاکسازیی (ڕیستۆراسیون) لەم بارەوە کاریگەریی هەبوو، بێ شک گۆڕانکاریە سیاسیەکانی نەتەوەی کورد لەسەرەوەی هەموویانەوە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە هێزترین خاڵی ئەم سەرهەڵدانە بوو. کە دەرئەنجامی بۆ بە هۆی بایەخدان بە خوێندن و زمانی کوردی و پەرەئەستاندنی ئاسۆی رۆژنامەگەری کوردی وبەرهەم هێنانی کتیب وبڵاوکراوەکانی دیکە.**

رۆژنامەگەریەوە دەستی پێکرد کە لە نێوان هەردوو شەڕی جیهانی (١٩٢٠-١٩٤٠)لە لایەن نووسەرانیک وەک (جەمیل سائێب، ئەحمەد موختاری جاف وعەلائەدین سەجادی..) وە هەروەها شاعیرانێک وەکوو (گوران، دڵدار، جگەرخوێن و قەدری جان..) کە بە تەواوی ئەم رێبازەیان لە ئەدەبی کوردی چەسپاندو، پێشکەوتنی زۆریشی بە خۆوە بینی،بە لای منەوە ئەگەر لە ئاکامی شۆرشەکانی فرانسەو ئینگستان و پرۆسەی چاکسازیی (ڕیستۆراسیون) لەم بارەوە کاریگەریی هەبوو، بێ شک گۆڕانکاریە سیاسیەکانی نەتەوەی کورد لەسەرەوەی هەموویانەوە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە هێزترین خاڵی ئەم سەرهەڵدانە بوو، کە دەرئەنجامی بۆ بە هۆی بایەخدان بە خوێندن و زمانی کوردی و پەرەئەستاندنی ئاسۆی رۆژنامەگەریی کوردی وبەرهەم هێنانی کتیب وبڵاوکراوەکانی دیکە.

ئەحمەد موختاری جاف لە سەردەمی گەشە ئەستاندنی وڵاتانی دیکە دا دەبێت بە هاوارێکی بەرز بۆ هەستاندنی کۆمەڵگای خۆی لە خەوی قورسی دواکەوتوویی: ئەوەش نموونەیک لە شێعری ریاڵیزمی کوردی:

«سەدەی بیستەمە، کوردە غیرەتێ
لەخەو ڕاپەڕە هەوڵێ، هیمەتێ
بەسیە نەزانی عیلم و سەنعەتێ
سووکی هەتاکەی؟ ناوی حورمەتێ
هۆش و بیرت بێ /چاوی ژێرت بێ/
لەجێ سەربەستی، بۆ زەنجیرت بێ؟؟

*

**مامۆستا گورانی داهێنەر، ئەگەرچی لە هەردوو ڕەهەندی هونەری دا خۆی تاقی کردۆتەوە بەڵام زیاتر بە شاعیری (پەڕناس)ناسراوە کە دەبێ بابەتێکی تری بۆ تەرخان بکرێت. لێرە ئێمە چەن تابلۆیەک لە شێعرە ریالیزمییەکانی دەخەینە بەرچاو**

«بەری بەیانە رووناکە ئاسۆ
ئاسۆی هیوای کورد موژدەبێ لەتۆ..
بۆ بەختیاری و سەربەخۆیی گەل
لەگەڵ هاوڕێتا..پەل بدەرە پەل»
یان ئەڵێ:
ڕێگای ئامانج باسامدار بێ،
یا پڕ لەترس وئازار بێ
دڵسۆز رابەر، هێز رێبوار بێ
کۆمەڵ یەک گیان،یەک بڕیار بێ:
کاروان چۆن پێش ناکەوێ؟/ دوژمن لە بەریا
نارەوێ؟

**هەروەها شاعیرانی دیکە وەکوو قانع و هەژار و هێمن..هێندێک لە شیعرەکانیان دەچێتە قوناخی ریاڵیزمەوە**



**هێمنی موکریانی بە پێی کاریگەریی سەردەمی کۆمار، شورشگێرانە هەڵویست دەگرێت و بۆ ئەوەی ژنانیش بێنێتە مەیدانی خەباتەوە ئەڵێ:**

**«من تەشی ڕیسی وەکوو شیرینی وەفاییم بۆچییە؟!**
**کیژی ورياو چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ.»**

**ئەوەش شێعرێک لە عەبدوڵڵا پەشێو کە بۆخۆی شاعیرێکی ریالیستییە:**

**«چاو مەگێڕە بۆ ئەستێرەو ئاسمان و خوا،**
**ئەوەی بستێک خاکی نەبێ.!**
**خواو، ئەستێرەو ئاسمانی کوا؟؟**

**...................................................**

**...................................................**

**..............................**

**ژێدەر: «اندیشەهای انتقادی « بابک احمدی/ «مکتب های ادبی» رضا سید حسینی/ دیوانی گوران و...**

## بۆ هەڵەبجە

گەلێ گریاوە شارێ بۆ مەزارێ
دەبێ شینی چلۆن بێ، مەرگی شارێ؟!

کەسێ نەیدیوە تا ئێستا بەهارێ
کە باران و تــەمی مردن بباریّ!

بەهاری چی؟ وەکوو پاییزە ئەمڕۆ!
لە شاری خەم، ژیانیش زیزە ئەمڕۆ!

بەهاران کێ گەلاڕێزانی دیوە؟!
گوڵی باخی هەڵەبجە هەڵوەریوە!

نە هاوارێ، نە گریانێ، نە شینێ
نە کەس مەرگی عەزیزی خۆی دەبینێ!



مامۆستا شەریف

هەڵچینی

# مریشک یەکێک لە تاوانبارانی نەورۆزە



مستەفا شێخە

دنیایەکی سەیرو سەمەریە. لەوەتی مێژووی نووسراو لەیادیەتی خەریکی دووبارەو چەند بارە کردنەوەی هەڵەین. سەیرەکە لەوەدایە چاومان نووقاندووەو هەروا خەریکین هەڵەکان نوێ دەکەینەوە. یەکێک لەم هەڵانە بەرێوەبردنی جێژنی نەورۆزە.

هەر لە خوتو خۆڕایی لەوگۆڕە خەریکین نەورۆز دەکەین جێژن و ئەم هەموو هەڵڵاو بگرەی بۆ درووست دەکەین. ئاخر جێژن لەم دنیا پانو بەرینە قات بووە، ئێوە ئەوا وەک قیلی کەوای سپی بە نەورۆزەوە نووساونو ئەم رۆژە دەکەن بە جێژن؟

هەتا هەنووکا و مەنووکاو جێژنی ترێو شەرابو شتی وا هەبن، کوا نەورۆرز جێژنە؟ ئەگەر کەمێک بیر بکەنەوە، دەزانن نەورۆز بۆ جێژن نابێت. ئەگەر لە بەرەبەری نەورۆزدا بەفری سەران توابایەوەو بەرەو رووبارو دەریا جۆگەلەی بەستبایە، ئەگەر گیاوگوڵ ژیابایەوەو دار چرۆی دەرکردبا، ئەگەر وەرزێک بە ناوی بەهار هەبووایە، ئەوە منیش بۆتانم لە ملی خۆم دەدا کە نەورۆز جێژنەو دەبێ خەڵک بۆ سەیرانو هەڵپەڕکێو شادی بچنە دەرەوەو بیکەنە هەڵڵاو هەنگامە.

هەموو ئەو ئاژاوەگێرو گێرەشێوێنانەی باسی نەرۆز دەکەن، دەستیان داوەتە یەکو بەرانبەر بەم بۆچوونە بەڵگەنەویستە دەوەستنەوە کە دەڵێ نەورۆز جێژن نییە. هێندێک حەیوانو باڵندە لە بەرەبەری نەورۆز لە تاوانی گەورەی بە جێژنکردنی نەورۆزدا بەشداری دەکەن کە جێگەی هەڵوێستەن. یەکێک لەم ئاژەڵانەی لە بەرەبەری نەورۆزدا دەیداتە ئەوپەڕی بێئەدەبیو دنیا تێدەگەیەنێت کە خەریکە زستان تەواو دەبێت و ئەوەی بە هەڵەچوان پێی دەڵێن نەورۆز نزیک دەبێتەوە، پشیلەیە. پشیلەی بێ ئەدەبو رووهەڵماڵاو لە مانگی رەشەممەدا بەو پەڕی بێئەدەبی، دەست بە میاوە میاو دەکاتو هەموو خەڵک تێدەگەیەنێت کە وەختی جووت بوونیەتی. هەر لەو مانگەدایە، پشیلە بە بێچوەکانی دووگیان دەبێتو ساڵێک دواتر چەند ئەوەندی دیکە پشیلە بۆ میاوە میاو لە دایک دەبنەوە.

هەرچەند ئەم ئاکارەی پشیلە بێئەدەبانەیەو لادانە لە نەریتی ئاژەڵو مرۆڤ و وەک خوێندەواری ئەم سەردەمە دەڵێن لادان لە نۆڕمی باوە، لۆ پەزی زۆر زەرەری نییەو کارێکە تەنیا لە ناو کۆمەڵگای پشیلاندا روودەدات. بەڵام مریشکی فێڵەزان لەمەوە تێیپڕاندووەو بە زبری هێلکە خۆی لە کاروباری نەورۆزیان هەڵدەقوتێنێت. ئاخر بڵێ مریشکی گێلو خۆ بەزلزان بۆچی هێلکە دەکەیو وەک پشیلەو رێوەیو ئاژەڵەکانی دیکە بۆ خۆت نازێیو راستەوخۆ جووجەڵەت نابێت؟

بەم هێلکە خڕەتەوە دەتهەوێ پێمان بڵێی دنیا بەم شێوەیە خڕە؟ دەتهەوێ بڵێی لە زستاندا زەوی وەک رووبەری هێلکەکەم سپیپۆشە؟ دەتهەوی بڵێی دیوی ناوەوەی زەوەی وەک هێلکەکەم سپێنەو زەردێنەی تێدایە؟ دەتهەوێ بڵێی زەردێنەی هێلکەکەم وەک ئاگرو گەرمای ناو زەویەو ئەگەر دزە بکاتە دەروە، گڕکانو هەردهەژیان دروست دەبێت؟

ترحێو، ئەمە هەمووی فێڵە لە ئێمەی دژە نەورۆزی دەکەیو منداڵان هاندەدەی لە سەرە بەهار و نەورۆزەکەیدا هێلکەی تۆ سوور بکەنو بڵێن نانا، مام مامر، بەهاران زەوی رەنگی دەگۆڕێت و بە گوڵاڵە سوور هەڵدەگەڕێت. ئەم خەڵکە بەمەشەوە ناوەستنو دەست دەکەن بە هێلکەشکێنە. هێلکەشکێنەش شتێکی بێزەوەر نەرێتێکی خراپە. ئەو کاتەی لە هێلکە شکێنەدا بۆ ئەوەی هێلکەی رەق هێلکە نەرمترەکە بشکێنێت، هێندێک زاراوەی دوو لە ئەدەب دەکەونە سەرزاران. بۆوێنە کاتێک یەکێک دەیهەوێ بە سەری هێلکەی خۆی لە بنی هێلکەی بەرانبەرەکەی بدات دەڵێت بێنە باسەرەی قوڵەت بشکێنم، یان کاتێک لەم گەمەیەدا یەکێک دەزانێت هێلکەی بەرانبەری زۆر رەقترە داوا دەکات کەمێک بەرانبەرەکەی بۆی کل بات، واتە دەیهەوێ راستەوخۆ لە سەری هێلکەی بەرانبەر نەداتو کەمێک بەرەو تەنیشتی بپێکێت. لەم گەمە نەورۆزییەدا بە سەرە تیژەکەی هێکە دەڵێن سەرە، بە ئەوسەری خڕتر واتا بنەکەی دەڵێن قوڵە و بە دەوراندەوری ناوقەدەکەیش دەڵێن جەم. بەخۆشیەوە ئەو هێلکانەی بەشداری گەمەی هێلکەشکێنە دەبن، سەرە و قوڵە و جەمیان تێک دەشکێت و بەکەڵکی جووجکە لێکەوتنەوەیان نامێنت و کەمووکەیەک لەدایکبوونی مریشک کۆنترۆڵ دەکرێت. جاری وا هەڵدەکەوێت مریشک لەو پەڕی بێئەدەبی‌دا بەشداری گەمەی نەورۆزی دەکات. لەم کاتەدا چەند گەنج و لاوی کەم ئەزموونی نەورۆزپەرست هەر کەسەو هێلکەیەک لە تەنیشت یەکتر دادەنێن و داوا لەمریشکێک دەکەن یان مریشکێک هان دەدەن، بەدەنووک لەناو هێلکەکاندا یەکیان دەستنیشان بکات. لەم کایە حەڕامەدا خاوەنی هێلکە دەستنیشانکراوەکە یان باشتربڵێین دەنووکنیشانکراوەکە بردوویتەوە. ئەم گەمەیە کە ناوی بەرمریشکێنە، لەناو هەموو کایەکاندا ئەوپەڕی بێئەدەبیی مریشک دەگەیەنێت و لێرەدا دەردەکەوێت مریشک زۆر بە ڕووهەڵماڵاوی دەست لە ژیانی مرۆڤ وەردەدات و لە دوای مرۆڤ لە بەجێژنکردنی نەورۆزدا تاوانباری یەکەمە.

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 604 20 march 2013

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Kdp:Tashkilat.kdp92@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لە ماڵاوایی

# باکووری کوردستان و نەورۆزی مێژوویی



عەزیز مەعروفی

پارتی ئاشتیو دێموکراسیی باکووری کوردستان، لە ١٧ مارسەوە، لە شارو ناوچە جیاجیاکانی کوردستانو تورکیە خۆی بۆ بەڕێوەبردنی جێژنی مێژوویی نەورۆز ئامادە کردوە. بە پێی ئاگاداری دوو حەوتە پێشووی ئەو پارتە، جێژنەکانی نەورۆزی ئەمساڵ، سێ ئامانجی سەرەکیی لە خۆ دەگرن. ئەوانیش: یەکەم، ئازادیی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی دەست بە سەرکراوی پەکەکە لە دوورگەی ئیمراڵی. دووهەم، هەوڵ و تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی ستاتۆ بۆ کورد. سێهەم، پەیڤ و وتارەکان بە زمانی کوردی بدرێن. ٢١ی مارسیش کە یەکەم ڕۆژی نەورۆزە، وەک چڵەپۆپەی ڕێوڕەسمەکان، بە لێگێڕانەوەی هەزاران کەسایەتیی سیاسی، پارڵمانی، حیزبی، ڕۆژنامەنووس لە ئاستی نێودەوڵەتی و بە بەشداریی زیاتر لە دوو میلیون کەس، لە گۆڕەپانی شاری ئامەد، ڕێزی شیاو لە هاتنەوەی نەورۆز دەگرێ.

پارتی ئاشتی و دیموکڕاسی، لە کاتێکدا کەرنەڤاڵەکانی نەورۆزی ئەمساڵ دەگرێ کە سێ مانگ بە سەر هەڵگرتنی بایکۆتی ١٧ مانگەی سەر ئۆجەلان، ڕادەبرێ. چەند جار وەفدی پارتەکە، بە شێوەی ڕەسمی سەریان لە ئیمڕاڵی داوە و هەر ڕێبەرانی ئەو پارتەش دوو نامەی ئۆجەلانیان گەیاندۆتە سەرۆکایەتیی پەکەکە لە قەندیلو ئورووپا و تاکوو ئێستاش وەلامەکانیان وەرگرتوونەتەوەو چاوەڕوان دەکرێ بە زووترین کات، واتە بەر لە ٢١ی مارس وڵامەکان بگەیەنن بە دەستی ئۆجەلان. پەکەکەش، چەند ڕۆژ لەمەوبەر وەک دەستپێشخەری و نیاز پاکی، کە خەسلەتێکی بەرز و پیرۆزی کوردە، هەشت دیلی تورکیەی ئازاد کردن.

قەندیلو ئورووپا، سەرەڕای زۆر ڕەخنەو نیگەرانیی بەجێ، پشتیوانیو ڕەزامەندیان لە سەر ڕاسپاردە و ڕێنوینیی سەرۆکەکەیان بۆ بەرەوپێشبردنی قۆناغی دانوستانەکان دەربڕیوە. ئەمەش ئەو مەسەلەیەیە کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەمێکە هەوڵی بۆ دەداتو لە لایەکی دیکەشەوە، لە گەڵ ڕەزامەندیی قووڵ و پێخۆشبوونی دەوڵەتی تورکیە بەرەوڕوو بۆتەوە.

وەک دەگوترێ، ڕۆژی نەورۆز، ئۆجەلان بە شێوەی ڕەسمی لە سەر نێوی پەکەکە ئاگربڕ ڕادەگەیەنێ. بەڕێز گوڵتەن کشاناک، هاوسەرۆکی پارتیو ئاشتی و دێموکراسی (بەدەپە) دەڵێ:» تەنانەت ئۆجەلان پەیامی لەوەش واوەتر دەدات»، ئەو پەیامەش بە ئەگەری زۆر بریتی دەبێ لە ڕاگەیاندنی خشتەیەکی کاتی بۆ کشانەوەی هێزە شەڕەکەرەکانی پەکەکە بۆ دەرەوەی سنوورەکان. هەتا ئێستا کە تەنیا ئاوڕمان لە نیاز پاکیو دەستپێشخەریی کورد بۆ ئاشتی لە تورکیە دایەوەو هەنگاوێکی ئەوتۆمان لە دەوڵەتی تورکیە نەدیت، بڵێی کەرنەڤاڵی نەورۆزیی بەدەپە، ئەوەندە بایەخ و گرینگی هەبێ؟ باشە هەر لە جێدا، بلێی بەدەپە وەدووی کام مەبەست بکەوێ؟

وەک لە سەرەوە وتمان بەدەپە، لە ژێر دروشمی» ئازادی بۆ ئۆجەلان، ستاتۆ بۆ کورد» ئاورەکانی نەورۆز دەکاتەوە، بۆ ئەمەش دەبێ قسە و پەیڤەکانیش بە کوردی بدرێن. بەدەپە لێرەدا تێدەکۆشێ: یەکەم، ڕێگە بۆ خەباتی توند و تۆڵ کە کاریگەری بۆ سەرخستنی پرۆسەی دانوستانەکان هەبێ، خۆش بکات.دووهەم، ئاسۆی ئامانجی دوور دەستنیشان بکات و ڕوونی بکاتەوە. سێهەم،لەوەش زیاتر بناغەیەکی پتەو و تۆکمەتر لە نێو ڕیزەکانی شۆڕشی باکورد دابمەزرێنێ. چوارەم، بە بیروڕای گشتیی تورکیە و جیهانی بسەلمێنێ کە کورد قەت باوەڕی بە ڕێگە چارەی نیزامی بۆ کۆتاییهێنان بە کێشە ڕەواکەی نەبووە و شەڕی چەکداری، شەڕی سەپێنراو بە سەر کورد دایە . بانگهێشتکردنی سەدان و بگرە هەزاران کەسایەتی لە ئاستی نێو دەوڵەتی دا و هەروەها سەرۆککۆمار و سەرۆک وەزیرانی تورکیە لەو چوارچێوە دایە. پێنجەم، پێشوازی لە هەر چەشنە کرانەوە یەک بۆ کێشەی کورد دەکا بە شەرتێک نییەتەکەی ئاوڕدانەوەی خێر بۆ مەسەلەکەی بێ.

بە گوێرەی هەواڵی نێو ڕاگەیەنەکان و هەروەها نێوئاخنی قسە و باسەکانی ئۆجەلان و وەفدی بەدەپە لە ٢٣ی شوبات و، پاشان بڵاو بوونەوەیان لە ڕاگەیەنەکاندا، ئەوە حاشا هەلنەگرە کە نەخشە ڕێگەی بەڕێز ئۆجەلان بۆ چارەسەری کیشەی کورد وەلامدەری قورساییو پێگەی سیاسی و جەماوەری کورد نییە، تێبینی و ڕەخنەی بەدەپەو پەکەکەش بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە. بەلام، بەدەپە وەک بەهێزترین و کاراترین هێزی بزوێنەری شۆڕشی جەماوەری نێوخۆی کوردستان، وێڕای هەموو هەوڵ و هیممەتێک کە بۆ ئازادیی ئۆجەلان و پشتیوانی لە نەخشە ڕێگەکەی دەیدات، گوڕو تینێکی دیکەش بە کاروانی شۆڕشو خەبات دەدات.

بەدەپە، لە ژێر ڕووناکایی ئەو دroوشمەدا، تێدەکۆشێ لە قۆناغێکی یەکجار دەگمەنو مێژوویی دا، لە ئاسۆگەی ڕوونتری خەبات بڕوانێ. هەر بەوەش ناوەستێو خەباتەکەی بە ئاکامو بەرهەمە چاوەڕوانکراو و نەکراوەکانی پرۆسەی ئیمڕاڵی قەتیس ناکاتەوە. پاش ئەوەی لە خوڕینی بە خوڕ پەڕییەوە، ئەوجار بە داگیرساندنی گەشترین کڵپەو بڵێسەی ئاگری نەورۆز، شۆق و تیشکی زێڕین ئاڕاستەی لوتکەی پیرۆزی ئامانجە نەمرەکانی دەکات. پەیامێکیش ئاڕاستەی دەوڵەتانی ئیران، ئیراق و سووریە دەکات کە دەنگی ئاشتیخوازنەی دەیان میلیۆن کوردی چەوساوە ببسینو واز لە شەڕفرۆشتن بە کورد بهێنن، چونکە خێر لە شەڕدا نییە. گرینگیی نەورۆزی ئامەد، پێتەختی شۆڕش و ڕانەوەستان لەوەدایە بڕیار لە سەر لە گڕ و دووکەڵ کەوتنی چەکەکان دەدرێن، بەدەپەو تێکڕای هێز و لایەنە سیاسییەکانیش پەیمان دەدەن لە هەمیشە زیاتر بۆ قووڵ و بەرین کردنەوەی خەباتی سیاسی و جەماوەری سوورتر بن.



چی بکرێ بۆ ئەوەی کارەساتی هەڵەبجە هەمیشە لە بیرەوەریی نەتەوەیی‌ماندا بە زیندوویی بمێنێتەوە،
نەک بۆ ئەوەی هەمیشە لە ماتەم دا بین، بەڵکوو بۆ ئەوەی قەدری دەسکەوتانە بزانین کە «هەڵەبجەکانمان نرخیان بۆ داوە»

## لە بیرەوەریی ٢٥ساڵەی بۆمبارانی هەڵەبجەدا شاخەوانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یادی قوربانیانی ئەو کارەساتەیان کردەوە



گرووپی شاخەوانیی زاگرۆسی شاری پاوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە پێیان خۆیان گەیاندە هەڵەبجە و لە ڕێوڕەسمی بیست و پێنج ساڵەی کارەساتی شیمیایی باران کرانی هەڵەبجەدا بەشدار بوون.

پەیمانی ئەحمەدی، نوێنەری گرووپی شاخەوانانی زاگرۆس، لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی سبەی ڕاگەیاندوە بەپێ لە شاری پاوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتووین بۆ ئەوەی لە ڕێورەسمی یادی ٢٥ ساڵەی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بەشدار بین و هاوخەمیی خۆمان بۆ شارەکەو کەسوکاری قوربانیان دەربڕین.

ئەو ئەندامەی گرووپی شاخەوانیی زاگڕۆس هیوای ئەوەی خواست کە هەرگیز کارەساتێکی دیکەی لەو شێوەیە لە هیچ شوێنێکی جیهان‌دا دووبارە نەبێتەوە. هەر لەم پەیوەندییەدا، کۆمەڵێک لە شاخەوانانی شاری سەردەشت بە سەرکەوتن بە سەرچیادا یاد و بیرەوەریی شەهیدانی هەڵەبجەیان بەرز ڕاگرت.

ڕۆژی هەینی، ٢٥ی ڕەشەممە نزک بە ٤٠ کەس لە شاخەوانەکانی شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی ٥٠٠٠ شەهیدی کیمیابارانی هەڵەبجە و ریسوا کردنی بکەرانی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە، بە سەر چیای تاژەندەردا سەرکەوتن و یاد و بیرەوەریی شەهیدانی هەڵەبجەیان بەرز ڕاگرت.

## سکاڵای ئێران لە فیلمی «ئارگۆ»



سەرچاوە هەواڵدەرییەکان لە ئێران رایانگەیاندوە دەوڵەتی ئەم وڵاتە بۆ شکایەت کردن لە فیلمی «ئارگۆ» پارێزەرێکی فەرەنسی گرتوە.

هەواڵدەریی خوێندکارانی ئێران باس لەوە دەکا کە «ئیزابێل کووتان پیر» ڕۆژی سێشەممە ٢٢ی رەشەممە پاش چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەکبەر مەسعوودپوور، یەکێک لە جێگرەکانی وەزارەتی ئیرشادی ئێران و لە کۆبوونەوەیەکی خەبەریدا، بەرهەم هێنانی فیلمی «ئارگۆ»ی بە نیشانەی کارتێکەریی ئیسرائیل لەسەر سینەمای ئامریکادا زانیوە.

فیلمی «ئارگۆ» بە دەرهێنەری «بێن ئەفلەک» خەڵاتی باشترین فیلمی ئۆسکاری ئەمساڵی پێبەخشرا. کاربەدەستانی ئێران دەڵێن فیلمی «ئارگۆ» لەدژی وڵاتەکەیانە و بەخشرانی خەڵاتی ئۆسکار بە دەرهێنەری ئەو فیلمەش لە چوارچێوەی سیاسەتی «ترساندنی ئێران» هەڵدەسەنگێنن.

«ئارگۆ» بەسەرهاتی رزگار کردنی ٦ ئامریکایی پاش داگیرکرانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاوی لە تارانە. ئیزابێل کووتان پیر»، ئەو پارێزەرەی، ئێران بۆ ئەم پەروەندەییەی گرتوە، دەڵێ بە نیازە بە هەوڵەکانی خۆی، پێش بە بڵاو کرانەوەی فیلمی «ئارگۆ» لە لایەن کۆمپانیا پێوەندیدارەکانەوە بگرێ و ئامادەکارانی ئەو فیلمەش ناچار بکا کە داوای لێبووردن لە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران بکەن.






دلسۆزانی خەباتی نەتەوەیی و رزگاریخوازی لە کوردستان!

هۆگرانی ئازادی و دیموکراسی!

بەبۆنەی هاتنی نەورۆز و ساڵی 2713ی کوردییەوە، گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین. بۆ ئێوە خەباتکاران و پشتیوانانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و رزگاریخوازی لە کوردستان، و بۆ نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو بەشەکانی نیشتمانەکەی، نەورۆز و بەهار و ساڵێکی خۆش بە ئاوات دەخوازین.

هیوا و داوا و چاوەروانیمان ئەوەیە بە بەردەوامی و پەرەپێدانی پشتیوانیتان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی نوێدا،یارمەتیدەری خەباتی نەتەوە بندەستەکەتان لە ئێران دژی ستەم و بێمافی و دیکتاتۆری، بن.

بە هیوای سەرکەوتن

حیزبی دێموکراتی کوردستان
کۆمیسیۆنی تەشکیلات